# پارسەنگی سیاسی و سوپایی دەوروبەرمان

# کوردستان لە کام پێگەدایە؟



سەرۆ قادر

بۆ گوڵانی نووسیوە

ئەگەر من لێکدانەوەکەم بەم پرسیارە دەستپێبکەم: بۆچی و چۆن زۆرینەی سادە، لە پەرلەمانی کوردستان، دژی سەرۆک بارزانی بەکارهێندرا؟ ئەگەر بمانەوێت تێبگەین، بۆ لەم کاتە ئاستەمەدا پەرلەمان لەدژی سەرۆک جووڵێندرا کە لە هەموو لایەکەوە کوردستان لە ژێر هەڕەشەی سوپاییدایە. هەر درزێکی سوپایی و ئەمنی ڕوودات، ئەو کارەساتە شارە گەورەکانمان دەگرێتەوە کە لەم دواییەدا بەسەر کۆبانێ هات؟ بۆچی پڕۆژەی دەستووری کوردستان، لەسەر دەستی هەمان حزباندا پەکی خرا؟

بۆ وەڵامی ئەو پرسیارانە، دیقەت و زانیاری و لێکدانەوەی بارودۆخی واقیعی پێویستە، نەک لێکدانەوەی حزبییانە. دەمێکە کوردستان کەوتۆتە ناو چەقی کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. کێشەکان دەرهاویشتەی ئەو شەڕە هەمەگیرەن کە سەرانسەری ناوچەکەی گرتۆتەوە. شەڕ لەباکووری ئەفەریقاوە تا دەگاتە سنوورەکانی یۆنان بەردەوامە. هەموو ڕۆژهەڵات لەو جەنگەدا دەرگیرە. گشت کێشە داخراوەکان کە بە درێژایی سەدەی بیستەم کپ کرابوو، هەڵیانداوەتەوە. هیچ کێشەیەک بەبێ لایەنی ناگاتە چارەسەرێک.

لە سەرەتای ئەم سەدەیە، جەنگ لە ئەفغانستان دەستیپێکرد. سەرەتا وا دەهاتە بەرچاو کە جەنگی نێوان توندڕۆیی سوننە و ڕۆژاوا بێت، کەچی بە خێرایی بووە جەنگی نێوان شیعە و سوننە. چەند جەنگ فراوانتر دەبێت، هێزەکانی ڕۆژئاوا بە تایبەتی ئەمریکا، کەمتر دەبێتەوە. ئێران بەخێرایی بووە تەرەفێکی جەنگ. ئەم جەنگە زۆر ئاڵۆزە. دیقەتێکی زۆری دەوێت تا کۆکی و دژیی هێزەکان لێکدی جیادەکرێتەوە. جەنگی ئەمریکا لەگەڵ توندڕۆیی سوننە، وەک جاران ماوە. کەچی لە هەندێک وڵات(سوریا- جبهة النصرة و هاوشێوەکانی)، هاوکاری ڕێکخراوە توندڕۆکان دەکات. ئەمریکاو ئەوروپا، بە گشتی هاوکاری بەرەی سوننە دەکەن لە دژی ئێران. عەرەبستانی سعودی، سەرکردایەتی سوننەو عەرەبەکان دەکات. ئەو دەوڵەتە، ئێران بە دوژمنی سەرەکی خۆی دەزانێت. لەو دوژمنایەتییەدا، هەموو دەوڵەتانی عەرەبی، دەوڵەتانی موسوڵمانی غەیرە عەرەب، لە بەرەی سعودیەدان. تورکیا هەر لە بەرەی سوننەدایە. دەوڵەتە سوننەکان(وەک تورکیا، کەنداو) هاوکاری توندڕۆیی سوننە دەکەن(داعش، النصرة). تورکیا بە شل و خاوی لە بەرەی سوننەدایە، بەڵام جۆرێک لە پێوەندی لەگەڵ ئێران هێشتۆتەوە.

دەوڵەتی ئیسرائیل، وردە وردە بە قەبارەیەکی زۆرەوە دێتە ناو جەنگەکە. سعودیە، ئۆردن، مەغرب، میسر، کەنداو لەگەڵ ئیسرائیل ئاشتەواییان کردووەو لەیەک بەرەدان دژی ئێران. لە ڕاستیدا، ئیسرائیل و سعودیە سەرکردایەتی سوپایی و سیاسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان گرتۆتە دەستیان. تورکیا و میسر بە هەنگاوی شل بەرەو دواوەن، ڕۆڵیان لە کەمبوونەوەدایە. ئەمریکاو ئەوروپا زیاتر پشتیوانی ئیسرائیل- سعودیە دەکەن.

وەک لە هاوپەیمانییەکان دەخوێنینەوە، دوژمنایەتییەکە، لەنێوان ئەمریکا، عەرەبی سوننە، ئیسرائیل لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێرانە. ئێران وەک دیارە، چوار دەوڵەتی عەرەبی خستۆتە فەلەکی خۆی. ئەوانیش سوریا، عیراق، یەمەن و لوبنانە. لەو چوار وڵاتە عەرەبییەدا، پێکهاتەی شیعەو عەلەوی بەهێزن. دوژمنایەتی القاعدة و داعش، لە پلەی یەکەمدا نییە. ئەو دووانەی ئەخیر لە یەمەن هاوپەیمانی سعودیەن. ویدەچێ داعش و القاعدة، خاوەنی خۆیان هەبێت و لەگەڵ یەکلاکردنەوەی جەنگ دژی ئێران، ئەوانیش بە لایەکدا بخرێن. وەک دیارە پێوەندییەکان ئاڵۆزن. هەڵبەت دوو ستراتیژیی بەرامبەر یەکدی شەڕ دەکەن؛ ئێران لەلایەک، سعودیە و ئیسرائیل لەلایەکی دیکەن. ستراتیژیی ئێران لەگەڵ مانەوەی سنووری سیاسی

دەوڵەتە کۆنەکاندایە. هەڵبەت بـــە زاڵکردنی پێکهاتەی شـــیعە یان حزبە هاوپەیمانەکانـــی. بەپێچەوانەی ئێران، ئیسرائیل و ســـعودیە لەگەڵ دەسکاری کردنی سنووری سیاســـی دەوڵەتەکاندان. هەروەها باسی بەزاندنی ئێران و دابەشکردنی دەکەن. ڕۆژئاوا بەگشتی هاوپەیمانی بەرەی دووەمە.

بەرەی ئیســـڕائیل- عەرەب ڕۆڵێکـــی مام ناوەندییان بۆ تورکیا دانـــاوە. ئەویش بریتییە لە شـــەریک کردنی ئەو وڵاتە لە دابەشـــکردنی ئابووری دوای شەڕ. هەروەها تورکیا وەک دەوڵەتێکی فیدڕاڵی، دەتوانێت یەکپارچەیی خۆی بپارێزێت. فیدراڵییەتی تورکیا لە چارەســـەر کردنی دۆزی کوردســـتانی باکوورەوە دێت. بۆیە وا داندراوە پ ک ک و تورکیـــا لە ئاشـــتی بەردەوام بـــن. ئەو حزبە پێویســـتە لە ئێران دووربکەوێتەوە. هەر کام لە تورکیا یان پ ک ک لە ئەرکی خـــۆی دووربکەوێتەوە، دەکەوێتە بن فشـــار. هەڵبەت تورکیا جیا لە پەیوەندی لەگەڵ سێ پارچەی کوردســـتان، دەســـتی بە هیچ وڵاتێکی دیکە ڕاناگات. لە ڕاستیدا پەڕو باڵی تورکیا کراوە. ئەو دەوڵەتە کەوتۆتە دانوستاندن لەگەڵ پ ک ک. لەلایەکی دیکە هەڵوێســـتێکی دژانەی لەگەڵ بزووتنەوەی کوردســـتانی ڕۆژاڤـــا هەیە. تورکیـــا دەزانێت چـــی ڕوودەدات. بۆیە هەمیشـــە ئاگاییەکی لە بزووتنەوەکانی کوردە تا نەتوانن ببنە دەوڵەت. لەو سیاسەتەیدا دەستی کراوە نییەو زوو زوو هۆشـــداری ئەمریکا و ئەورووپا و ســـعودیە و ئیسڕائیلی پێدەگات. بۆیە ناتوانێت هیچ کردەوەیەکی سوپایی دژی پارچەکانی کوردستان بکات. تورکیا لەم دۆخەیدایە بۆیە هاودەســـتی داعش دەکات تا لە هەر پارچەیەک بتوانێت، زەبر لە کوردستان بوەشێنێت.

بـــەرەی دژی ئێران بـــە هەموو بەشـــەکانییەوە، کورد بە هاوپەیمانی خۆیان دەزانن، پێشـــنیاری دروســـتکردنی دەوڵەتێکی گەورە بۆ ئەم میللەتە دەکەن. هەندێکیان باسی پێکهێنانی دەوڵەتێک لە کوردســـتانی باشـــوور و ڕۆژاڤا دەکەن، هەندێکی دیکە پێشنیاری لێکدانی سێ پارچەی کوردســـتان دەکەن. هەڵبەت سعودیە لەگەڵ دەوڵەتێکە لە هەر چوار پارچەی کوردســـتان. ئەم ڕوانگایەی سعودیە، وەک شمشـــێری دامکلێس لەســـەر ملی تورکیا بە تاڵە موویەک بەستراوەتەوە. هاوکاری کردنی هەرێمی کوردستان و هەرێمـــی ڕۆژاڤا، بووتە سیاســـەتێکی ڕاگەیەندراوی بەرەی دژی ئێران. باشووری کوردستان وەک دەوڵەتێکی دیفاکتۆ، مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت و ســـەرکردایەتی ئەو پرۆسەیە بەرەو سەربەخۆیی دەکات. بەڕێز مەسعود بارزانی ســـەرۆکی باوەڕپێکراوو دەســـتەئەندەرکاری ڕووداوەکانە. سەرەڕای قارەمانێتی پێشـــمەرگەو شەڕڤانان، پشتیوانیی لۆجستیکی، سیاسی، ئاسمانیی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی، ڕۆڵی کاریگەرو یەکلاییکارەوە لە سەرکەوتنەکان بەسەر داعشدا دەگێڕن، کوردســـتان لە دەستێوەردانی ڕاستەوخۆ دەپارێـــزن. وەک دیارە کورد بە هـــاوکاری ئەمریکا، بە خێرایی بەرەو دەریای سپی ناوەڕاست دەخشێت.

داعـــش، القاعـــدة، جبهة النصرة ڕۆڵـــی پەرەپێدانی پشێویی دەگێڕن و هیچ ستراتیژییەکی دیاریکراویان نییە. وەک ڕاگەیەندراوە، جیا لە دەوڵەتی کوردستان، دەوڵەتێکی دیکەی عەرەبی ســـوننە، لە سوننە عەرەبەکانی عێراق و ســـوریا دروست دەکرێت و تەواوکاری ئەو ڕۆڵە دەبێت کە دەوڵەتی کوردســـتان لە دوای جەنگ دەیگێڕێت. ئەو دوو دەوڵەتە نوێیە، بەربەستێکی گەورە لەنێوان پاشماوەی ئێران و تورکیا، لەگەڵ جیهانی عەرەب- ئیسڕائیل دروست دەکەن. هەروەها دابینی گەیاندنی نەوت و ئاوی کەنداو- دەریای سپی ناوەڕاست(مێدیتەرانە) بە یەکتری دەکەن. لەوە زیاتر ئیســـڕائیل داوای پەیوەندییەکـــی پتەوتر لەگەڵ دەوڵەتی کوردستان دەکات. وەک دیارە سعودیە وا ڕادەگەێنێت کە دوژمنایەتی عەرەب و ئیسڕائیل دەبێ کۆتایی پێبێت. ئەوە بنەمای دارشـــتنەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە بۆ سەدەی بیست و یەک.

ئـــەو ســـیناریۆیانە، هێزێکی سیاســـی و ســـوپایی گەورەی جیهانییان لە پشـــتە. کوردستان لەناو چەقی ئەو سیناریۆیانەدایە، بۆیە کاردانەوەیان لەسەر دۆخی ناوخۆیی کوردســـتان دەبێت. ئێران دەستی بەســـەر عێراقدا گرتووە، پێوەندییەکـــی چاوســـوورکردنەوەی لەگـــەڵ حزبەکانی کوردستان هەیە. ئەو دەوڵەتە هیچ پرۆگرامێکی بۆ ئایندەی کوردستان نییە. ئەو سیاسەتی خۆسەپاندن و بندەستکردن پەیڕەو دەکات. هەڵبەت ئەویـــش وەک تورکیا، ناتوانێت ئەگینا بە ســـوپا پەلاماری کوردستانی دەدا. کوردستانی باشـــوور و ڕۆژاڤـــا لەژێر پاراســـتنی نێودەوڵەتیدان، بۆیە هوشیاری و ئاســـتی باڵای ئاگایی سیاسی سەرکردەی حزبەکان، دەبێتـــە هۆکارێکی بەوەج بـــۆ بەهێزترکردنی پێگەی کورد لەگۆڕانکارییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئێســـتا کوردستان پێویستی بە قۆزتنەوەی هەلەکان هەیە، نەک ملدان بە سیاســـەتی تاریک و نانەوەی پشێوی. جا ئەوە لەژێر هەر ناونیشانێک بێت، یەک دەرەنجامی دەبێت؛ کورد زیان دەکات. لە کۆنەوە کاریگەری ئێران، بەســـەر دۆخی سیاسی پارێزگای ســـلێمانی هەیە. لەم بارودۆخە ئاســـتەمەدا، ئەو کاریگەرییە لە ژێر ناوی دیموکراســـی و دەستاودەســـت کردنی دەســـەڵات، لە دژی ڕۆڵی کورد لەو گۆڕانکارییانە بەکاردێت. مسعود بارزانی سەرۆکێکە دەســـتی لە ســـیناریۆ چاوەڕوانکراوەکانـــدا درێژە، بۆیە لەبەرژەوەندی کوردو پێکهاتەکانی دیکەیە کە هاوکاری بکەن و بە کێشەی لابەلا سەرقاڵی نەکەن. پێویستە بەبیر خۆمانی بهێنینەوە، لە کۆتایی جەنگی جیهانی یەکەمدا، ئۆزدەمیر(تورکیا) چەند کەڵکی بۆ چارەنووســـی کورد هەبوو، قاسم سولەیمانیش(ئێران) هەر ئەوەندە!

**دەمێکە کوردستان کەوتۆتە ناو چەقی کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. کێشەکان دەرهاویشتەی ئەو شەڕە هەمەگیرەن کە سەرانسەری ناوچەکەی گرتۆتەوە. شەڕ لەباکووری ئەفەریقاوە تا دەگاتە سنوورەکانی یۆنان بەردەوامە**

**بەرەی دژی ئێران بە هەموو بەشەکانییەوە، کورد بە هاوپەیمانی خۆیان دەزانن، پێشنیاری دروستکردنی دەوڵەتێکی گەورە بۆ ئەم میللەتە دەکەن**



جیم هێک

دامەزرێنەری کۆمەڵەی کوردی ئەمریکی لە کۆنگرێس بۆ گوڵان:

# سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە ئەو قەناعەتەی لا دروستکردوین تەنیا ئومێد بۆ جیهان و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەوەیە پێشمەرگە وەک پێویست پڕچەک بکرێت



**جیم هێك هەتا ساڵی ٢٠١٠ کۆنگرێسمان بووەو ئەندامی لیژنەی پێوەندییەکانی دەرەوە بووە لە کۆنگرێس، هەروەها دامەزرێنەرو بەڕێوەبەری جێبەجێکاری دامەزراوەی رۆحی ئەمریکایە (Spirit of America)، ئەم دامەزراوەیەی لەدوای کارەساتی ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١ وەك دامەزراوەیەکی قازانج نەویست بۆ هاوکاری مرۆیی و ئابوری بۆ تیمەکانی ئەمریکا لەناوچەکانی شەڕی عێراق و ئەفغانستان دامەزراندووە، ئەم رێکخراوە رێکخراوێکی ناحکومی بێلایەن نییە، بەڵکو ئاڕاستەی دیاریکراوی خۆی هەیە تەنیا پشتگیری سەلامەتی و سەرکەوتنی هێزو دبلۆماتەکانی ئەمریکا دەکات، هەروەها هاوکاری ئەو شەریکە لۆکاڵانەی ئەمریکاش دەکات کە پێویستیان بە یارمەتی هەیە.**

**جیم هێك لە ساڵی ٢٠٠٧ لە چوارچێوەی شاندێکی کۆنگرێسدا سەردانی عێراق و کوردستانی کردووەو دوای ئەوەی راستیەکانی کوردستانیان بە چاوی خۆیان بینیوە، پاش گەڕانەوەیان کۆمەڵەی کوردی ـ ئەمریکیان لە کۆنگرێس بۆ پشتگیری هەرێمی کوردستان دامەزراندووە، لە ئێستاشدا کە وەك بەڕێوەبەری جێبەجێکاری دامەزراوەی رۆحی ئەمریکا، سەردانی هەرێمی کوردستانی کردووەو بەرەکانی شەڕی هێزی پێشمەرگەی بەسەرکردۆتەوە، دیارە هاوکاری و پشتگیری هەرێمی کوردستان دەکەوێتە چوارچێوەی ئەو بەرنامەیەی کە دامەزراوەی رۆحی ئەمریکای لەسەر دامەزراوە، بۆ قسەکردن لەسەر بارودۆخی ئێستای عێراق و کوردستان و هەوڵەکان بۆ پڕچەککردنی هێزی پێشمەرگەو بەردوامی سەرکەوتنەکانی لە تێکشکانی تیرۆریستانی داعش، گوڵان ئەم دیمانە تایبەتەی لەگەڵ ئەنجامداو بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.**

*** لە ئێستادا کە تۆ سەردانی کوردستانت کردووە، دەبینین کوردستان لە شەڕێکی بەرفراواندایە لەگەڵ تیرۆریستانی داعش، دیارە وڵاتێکیش لە شەڕدا بێت، بارودۆخێکی تایبەتی هەیە، ئایا لەم بارودۆخەدا ئێوە چۆن کوردستان دەبینن و چ تێڕوانینێکتان لا گەڵاڵە بووە؟**

- لە میانەی دیدارو کۆبوونەوەکانم لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆك وەزیران و سەرکردەکانی دیکەشدا، ئەو راستیەم لا بەرجەستە بووە، بەوەی نەتەوەی کورد خاوەنی دڵێکی مەزنن و پەرۆشیەکی لە رادەبەدەریان بۆ ئازادی هەیەو خواست و متمانەیەکی زۆریان بەخۆیان هەیە بۆ ئەوەی خۆیان حکومڕانی وڵاتی خۆیان بکەن، لەمەش زیاتر گەلی کورد هەرگیز لەسەر شانۆی جیهان کاراکتەرێکی ناشرین و خراپ نەبووەو هەرگیز نەیوستووە گەلێکی دیکە سەرکوت بکات یان خاکی نەتەوەیەکی دیکە داگیر بکات، بۆیە لەم سەردانەمدا ئەوەم بۆ ڕوون بۆوە کە ئەو سەرکردانەی چاوم پێیان کەوتووە هەمان ڕێچکەو ڕێبازی خەڵکی کوردستانیان هەیە. لەم روانگەیەوە هەست و ئومێدی من ئەوەیە کوردستان خاوەنی سنووری راستەقینەی مێژوویی خۆی بێت، وڵاتێك بێت کورد خۆیان بڕیاری تێدا بدەن، وەك نیشتمانێك تێیدا بژین و خۆیان حکومڕانی خۆیان بکەن و ببنە سەرکردەی ئەم بەشەی جیهان، کە بە باوەڕی من، ئەمە کاریگەریەکی خوازراوی لەزۆر رووەوە بۆ ئاشتی وئاسایشی ناوچەکە لێدەکەوێتەوە.

*** دوای کەوتنی موسڵ لە حوزەیرانی ٢٠١٤ و دامەزراندنی خەلافەتی ئیسلامی لەلایەن تیرۆریستانی داعشەوە، بۆ هەموو جیهان دەرکەوت تەنیا هێزێك بتوانێت لەسەر زەوی و بە پشتیوانی هێزە ئاسمانیەکانی ئەمریکا، تیرۆریستانی داعش تێکبشکێنێت، هێزی پێشمەرگەی کوردستانە، پرسیاری ئێمە ئەوەیە تۆ چۆن سەیری ئازایەتی و قارەمانیەتی هێزی پێشمەرگە دەکەیت، ئایا تاچەند ئەمە بۆتە هۆکارێك بۆ ئەوەی پشتیوانیکردن لە هەرێمی کوردستان ببێتە بەشێك لە سیاسەتی ئەمریکا لە ئاستی ناوچەکەدا؟**

- هێندەی من سەرنجمداوەو هەروەها سەردانی بەرەکانی شەڕم کردووە، ئەوەی من دەیبینم ئەوەیە کە تاکە هێزێك بتوانێت لەسەر زەوی شەڕی تیرۆریستانی داعش بکات هێزی پێشمەرگەیە، تاکە هێزێك کە ئیرادەی ئەوەی هەبێت لەبەرەی شەڕەکاندا رووبەڕووی ئەو تیرۆریستانە ببێتەوە تەنیا پێشمەرگەیە، بێگومان

ئەو تیرۆریستانە دژی هەموو مرۆڤایەتین و ناکرێت جیهان ڕێگە بدات ئەم تیرۆریستانە بمێنن. کە لە ئێستادا پێشمەرگە بەرپەرچیان دەدەنەوەو توانیویانە ڕێگری لە بەرفراوان بوونیان بکەن بە تایبەتی لە ناوچە کوردیەکاندا. هەر بۆیە پێشمەرگە تاکە هێزە کە توانیویانە سەرکەوتوانە ئیحتیوای شەڕکەرانی داعش بکەن و تێکیان بشکێنن. کاتێك سەرنج لە پێشمەرگە دەدەم و لەگەڵ ئەو سەربازانەی خۆمان قسە دەکەین کە لەگەڵ پێشمەرگە لەبەرەکانی شەڕ بوون یان ئێستا لەوێن، سەرسامییان بۆ ئیرادەی بەهێزی پێشمەرگە بۆ شەڕکردن دژی تیرۆریستان و سەرسەمییان بۆ گەلی کورد، ئەو قەناعەتەی لا دروست کردون، بەوەی ئومێدی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان ئەوەیە کە ئەمەریکا بە شێوەیەکی گونجاوو وەك پێویست- پێشمەرگە پڕچەك بکات- نەك هەر تەنها ئەمەریکا بەڵکو ئەوروپاش- بۆ ئەوەی بە سەرکەوتوویی ئەو تیرۆریستە مەترسیدارانەی داعش تێکبکشێنن، بەڵام ئاشکرایە هەتا ئێستا بەو ئاستە وەك ئومێدی بۆ دەخوازرێت ئەمریکاو ئەوروپاش هێزی پێشمەرگەیان بەتەواوەتی پڕچەك نەکردووە.

*** کەواتە لە جێی خۆیدایە کە کورد شانازی بەوەوە بکات ئەفسانەی داعشی بەتاڵکردۆتەوە؟**

- من خۆم لەچەند ڕۆژی ڕابردوو سەردانی بەرەکانی پێشەوەی شەڕەکانم کردووە، بۆیە زۆر ڕاشکاوانە دەتوانم ئەو ڕاستیە بڵێم کە هێزی پێشمەرگە زۆر سەرکەوتوانە توانیویەتی پێشڕەوی تیرۆریستانی داعش ڕابگرن و تێکیان بشکێنن و ئەو ئەفسانەیە بەتاڵ بکەنەوە.

*** لە ڕووی واقیعەوە شتێك نەماوە بە ناوی وڵاتی عێراقەوە، لەبەر ئەوەی ئەم وڵاتە نە سیستمێکی حکومڕانی یەکگرتوو نە سوپایەکی یەکگرتووی هەیە، بۆچی ئەمەریکا بەردەوام دانپێدانانی ئەم واقیعە ڕەتدەکاتەوەو پێداگیری لەسەر عێراقێکی یەکگرتوو دەکات؟**

- لە ماوەی ئەمساڵی شەڕ دژی تیرۆریستانی داعش، حکومەتی عێراق سەرکەوتنێکی هێجگار کەمی بەدەست هێناوە، لەمەش خراپتر ئەو چەکانەی ئێستا بەدەست چەکدارانی داعشەوە دەیانبینن، لەو سوپایەی عێراق دەستیان کەوتووە، کە بڕیار بوو ئەو سوپایەی عێراق ئەو دوژمنانەی وەك تیرۆریستانی داعش تێکبشکێنن، هەربۆیە کاتێك لە سەرکەوتنە گەورەکانی پێشمەرگەو لە شکستی سوپای عێراق دەڕوانم، دەگەمە ئەو قەناعەتەی تاکە ئومێدێك هەمان بێت لەم جیهانە و لەم بەشەی جیهاندا ئەوەیە ئەم هێزە قارەمانەی پێشمەرگە بە تەواوەتی پڕچەك بکرێت، هەفتەی ڕابردوو لە سەردانێکمدا بۆ بنکەیەکی سەربازی کە هەم پێشمەرگەو هەم سوپای عێراقی تێدا بوو، پرسیارم لە فەرماندەیەکی سەربازیی پێشمەرگە کردو لێم پرسی ئایا ئێوە هەمان ئەو چەکانەتان بەدەست دەگات کە سوپای عێراق بەدەستیەوەیەتی؟لە وەڵامدا وتی ئێمە دوو بۆ سێ مانگە لێرەین، بێ ئەوەی موچەمان وەرگرتبێت و بێ ئەوەی هەموو ئەو کەلوپەلانەمان بەدەست بگات کە بە سوپای عێراق دەگات هەروەك ئەوەی بەڵێندراوە، بەڵام ئێمە بەردەوامین لە شەڕکردن بەو چەکانەی لەبەردەستماندایە، ئەمە نموونەیەکی زیندووە بۆیە کاتێك بەراوردی سوپای عێراق بە پێشمەرگە دەکەیت، دەبینیت پێشمەرگە بە بێ مووچەو بە بێ چەکی مۆدێرن شەڕ دەکەن، بەڵام سەرچاوەی شەڕکردنی پێشمەرگە لەوە سەرچاوەی گرتووە، خاوەنی بوێری و ئازایەتین و کەسانێکی نیشتیمانپەروەرن و لە خۆشەویستی وڵات و نەتەوەو خاکەکەی خۆیان شەڕ دەکەن و بەرگری لە وڵاتی خۆیان دەکەن.

*** لە ئێستادا هەرێمی کوردستان سەرقاڵی شەڕ لەگەڵ تیرۆریستانی داعشە، کە بەرەکانی شەڕیش بۆ نزیکەی ١٠٠٠ کیلۆمەتر درێژ بوونەتەوە، لە هەمان کاتدا بەغدا شەڕێکی ئابووری لە دژی هەرێم بەرپا کردووە، بە جێبەجێنەکردنی ئەو ڕێککەوتنەی کە بەسەرپەرشتی ئەمەریکا لە نێوان حکومەتی مەرکەزی و هەرێمی کوردستاندا هاتەئاراوەو بە بڕینی بودجەی هەرێم، ئایا ئەمە کاریگەری سلبی نابێت لەسەر لاوازکردنی هەوڵەکانی هەرێمی کوردستان بۆ تێکشکاندنی تیرۆریستانی داعش؟**

- جێگەی سەرسامیە بۆ من کە هێشتا کورد درێژەیان بەو شەڕە داوە، لەبەر ئەوەی وەك ئەوەی بەڵێندراوە لەلایەن حکومەتی عێراقیەوە داهاتیان بۆ دابین نەکراوەو پێنەدانی ئەو بەشە داهاتەی خۆیان لەلایەن حکومەتی عێراق دژواریەکی زۆری بۆ دروست کردوون، دژواری نەك تەنها لە بەدەستهێنانی ئەو چەکانەی پێویستیانە، بەڵکو بۆتە هۆی ئەوە تەواوی ژێرخانی ئابووریەکەش پەکی بکەوێت لە کوردستان، دەبینین چەندین پرۆژەی دروستکردنی ژێرخان ڕاگیراون، لەبەر ئەوەی خاوەن کارانی کوردو وەبەرهێنەرە تایبەتیەکان کارەکانیان ڕاوەستاندووە، بەهۆی نەهاتنی داهاتەوە، کە ئەمە هەم

**ئەو چەکانەی ئێستا بەدەست چەکدارانی داعشەوە دەیانبینین، لەو سوپایەی عێراق دەستیان کەوتووە، کە بڕیار بوو ئەو سوپایەی عێراق ئەو دوژمنانەی وەك تیرۆریستانی داعش تێکبشکێنن**

**پێویستە ئەمەریکاو ڕۆژئاوا وەک ناوچەیەکی سەربەخۆ لە ناوچە کوردیەکان بڕوانن، من دەستەواژەی سەربەخۆیی بەکار دەهێنم و باوەڕم وایە سەربەخۆبوونی کوردو هەروەها خۆبەڕێوبەری کورد لە بەرژەوەندی تەواوی ناوچەکەدایە، لە بەرژەوەندی ئەم بەشەی جیهاندایە**

**ئومێدی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان ئەوەیە کە ئەمەریکا بە شێوەیەکی گونجاو وەک پێویست-پێشمەرگە پڕچەک بکات- نەک هەر تەنیا ئەمەریکا بەڵکو ئەوروپاش بۆ ئەوەی بە سەرکەوتویی ئەو تیرۆریستە مەترسیدارانەی داعش تێکبشکێنن**

ئابووریەکەی پەکخستووەو هەم مەترسی لەسەر هێزی پێشمەرگەش دروست کردووە کە لە بەرەکانی شەڕدان، چونکە وەك پێویست چەکیان بۆ دابین نەکراوە بۆ تێکشکاندنی تیرۆریستان.

*** لە پەیوەندیدا بە ڕەوانەکردنی چەکی ئەمەریکییەوە بۆ هەرێمی کوردستان، کە دەبوو ئەو چەکانە ڕاستەوخۆ ڕەوانەی پێشمەرگە بکرانایە، تا چ ڕاددەیەك ئەمەریکا بیر لە دابین کردنی چەکی پێویست دەکاتەوە بۆ پێشمەرگە، نەك تەنها بۆ شەڕی داعش، بەڵکو بۆ پاراستنی هەرێمی کوردستانیش؟**

- پرۆژە یاسایەك لە ئەنجومەنی نوێنەراندا پێشکەش کرا کە ڕێگە بە سەرۆکی ئەمریکا دەدات بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ چەك بۆ هەرێمی کوردستان و بۆ پێشمەرگە بنێرێت، ئەم پرۆژەیە یاسایە لە ئەنجومەنی نوێنەراندا تێپەڕی، لە ئەنجومەنی پیرانیشدا، دیموکرات و کۆمارییەکان هەموارکردنێکی هاوشێوەیان پێشکەش کرد بۆ ئەوەی بوار بدرێت بە سەرۆك ڕاستەوخۆ چەك بۆ هەرێمی کوردستان دابین بکات، بەڵام ئێستا ئەو دوو پرۆژەیەی کە تێپەڕێنران لە ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی پیراندا گەڕێنرانەوە بۆ لیژنەی سەربازی کۆنگرێس و دووبارە هەموار دەکرێتەوە، لە ئێستادا ئومێد ئەوەیە جارێکە دیکە ئەم دوو پرۆژەیە بکرێنەوە بە یاسا، بۆ ئەوەی سەرۆك ڕاستەوخۆ چەك بە پێشمەرگە بدات بۆ ئەوەی پێشمەرگەش بتوانێت داعش تێکبشکێنێت، چونکە ئەگەر ئەو کارە نەکرێت شکست دەهێنین. حاڵی حازر من ئەندامی کۆنگرێس نیم و ئەندامی پێشووی کۆنگرێسم، بەڵام سەرسامیەکی زۆرم هەیە بۆ کورد کە لە یەکەم سەردانمدا بۆ ئێرە بۆم دەرکەوت کە دەبێت پشتیوانییان بکرێت، باوەڕم وایە هەر ئەمەریکییەك کە هاتبێتە ئێرە، ئیدی کەسێکی سەربازی بووبێت یان هەر کەسێکی دیکەو گفتوگۆی لەگەڵ کورددا کردبێت، ئەوا وەك کەسێکی پشتیوانکار لە کورد ئێرەی جێهێشتوە، پشتیوانی ئەوەی کردووە کە پێویستە ئەمەریکاو ڕۆژئاوا وەك ناوچەیەکی سەربەخۆ لە ناوچە کوردیەکان بڕوانن، من دەستەواژەی سەربەخۆیی بەکار دەهێنم و باوەڕم وایە سەربەخۆبوونی کوردو هەروەها خۆبەڕێوبەری کورد لە بەرژەوەندی تەواوی ناوچەکەدایە، لە بەرژەوەندی ئەم بەشەی جیهاندایە.

**پێم وانییە لە سایەی ئەو سەرکردایەتیەی ئێستا لە عێراقدا هەیە، ئەو دەرفەتە مابێت عێراق وەک وڵاتێکی یەکگرتوو و ببێتە کۆمارێکی فیدراڵی کە ئازادی تاکەکەسەکانی تێیدا فەراهەم بێت و هەر پێکهاتەیەک لە عێراقدا شایستەی ئەوەبن لێی بەهرەمەند بن**

*** لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا سەرۆك بارزانی زۆربەی کاتەکانی لەگەڵ پێشمەرگەو لە بەرەکانی شەڕدا بەسەر بردووە، بەم دواییەش پێوەندییەکانی بەغداو هەرێمی کوردستان زۆر کەم بۆتەوە، لەم ڕوانگەیەوە بارزانی هەوڵیدا سەربەخۆیی ڕابگەیەنێت بۆ ئەوەی بتوانێت هەرێمی کوردستان بپارێزێت، چۆن لەم هەوڵەی بارزانی دەڕوانیت و بۆچی ئەمەریکا پشتیوانی دەوڵەتی کوردی ناکات لە کاتێکدا ئەم دەوڵەتە هۆکارێکی گرنگ دەبێت بۆ تێکشکاندنی تیرۆریستانی داعش؟**

- ئاشکرایە سەرکردایەتی بارزانی شایستەی سەرنجدان و لەبەرچاوگرتنە، سەبارەت بەهەوڵەکانیشی بۆ سەربەخۆیی کوردستان، پێش هەمووشت ئەمە پێویستی بەوەیە چۆن ٢٠ ساڵ پێش ئێستا بارزانی و تاڵەبانی بڕیاریاندا، دوژمنی سەرسەختی کورد لە ئێستادا حکومەتی بەغدایە، من وای دەبینم لە ئێستادا ئەو دوژمنانە هەر لەبەغدا بن، من بە چاوی خۆم نەمبینیوە، بەڵام بەپێی ئەو ڕاپۆرتانەی لەم ماوەیە بڵاوکراونەتەوە، هەندێك کاری زۆر ناشرین و مەترسیدار کراوە کە میلیشیای شیعەکان ئەنجامیانداوە، بۆیە پێشمەرگە ناچار بووە چەکدارانی ئەو میلیشیانە دەستگیر بکات و ڕێگە نەدات لەسەر ئەو کارە خراپانە بەردەوام بن. ئەمە مانای ئەوەیە هێشتاش کاربەدەستانی بەغدا دژی کوردن.

لێرەوە دەگەڕێمەوە بۆ ساڵی ٢٠٠٨ کاتێك جۆزیف بایدن کە ئێستا جێگری سەرۆکی ئەمەریکایە، ڕایگەیاند دەبێت عێراق بۆ سێ بەشی بەهێز دابەش بێت و هەریەك لەم سێ بەشە خاوەنی خۆبەڕێوەبەری خۆیان بن، چونکە ئەگەر بە ڕاستی عێراق کۆمارێکی فیدراڵی بێت، ئەوا دەبێت هەر یەکە لە کوردستان و بەشە شیعەکە و بەشە سوننەکەش خاوەنی خۆبەڕێوبەری خۆیان بن. ئەمەش وەك ئەمریکا، کە ویلایەتەکان خۆیان زۆرێك لە بڕیارەکانی پەیوەست بە خۆیان دەردەکەن، نەك حکومەتی مەرکەزی. لەبەر ئەوە ئەگەر کۆمارێکی فیدراڵی ڕاستەقینە لە عێراق هەبوایە لێرە ئەوا ڕەنگە سەرکەوتوو بوایە، بەڵام کۆمارێکی فیدراڵی ڕاستەقینە لە ئارادا نییە و باوەڕیش وانییە بێتە ئاراوە. بۆیە کە ئەمەش نەبوو، واتە دیسان کورد ڕووبەڕووی ئەو ئازار و مەینەتیانە دەبنەوە کە ماوەی ٤٠٠ ساڵ لەژێر دەستی عوسمانیەکان چەشتیان و پاشانیش ڕۆژئاوا لەسەر میراتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی نەخشەی وڵاتگەلێکی جیاوازی داڕشت کە دەوڵەتێکی بۆ کوردستان لە خۆنەدەگرت، لەبەر ئەوە بینیمان لە حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو تاوانی گەورە دەرهەق کورد کراوە و تەنانەت بەرەو

هەزارەی نوێش کورد دووچاری ئەو ڕووداوانە بوونەوە، تاوەکو لە ساڵی ٢٠٠٣دا سەددام حوسێن لە دەسەڵات لادراو ئەمەش بەلای کەمەوە هەناسەیەکی ئاسوودەیی بە کورد بەخشی لەوەی لە دەستی هێرشێکی دڵڕەقانەی دیکە ڕزگاریان بێت کە بەشــێکی دانیشتووانەکەیان لە ناو دەبــرد، لەبەر ئەوە باوەڕم وایە پێشـــنیارەکەی جۆزیف بایدنی جێگری ســەرۆك وەڵامە بۆ کێشەکان و بە دڵنیاییەوە دروست بوونی دەوڵەتێك بۆ کوردستان چارەسەرەی ریشەییە بۆ کێشەکان.

***زۆرێك لە چاودێران بـــاس لەوە دەکەن کە ئەگەر ئەمەریکا ئەم سیاســـەتەی ئێستای خۆی نەگۆڕێت ئەوا بە چەشنی باشـــوری لوبنان عێراقیش دەکەوێتە ژێـــر کاریگەری ئێرانەوە، ئایـــا ئەمەریکا ئەم هەموو هەوڵ دەدات بۆ ئەوەی عێراق بکەوێتە ژێر دەســـتی ئێرانەوە؟**

- کاتێك لە ســـاڵی ٢٠٠٣دا ئەمریکا هاتە عێراق و رژێمی بەعسی رووخاند، بەداخەوە جڵەوی حکومڕانی عێراقیدایە دەست سەرکردە شیعەکان و بەوەش زەمانەتی ئەوەی کرد ئێران کاریگەریەك و دەستڕۆیشـــتویەکی زۆری هەبێـــت لـــە عێراقـــداو هەروەها هـــەر جۆرە شـــەراکەتێك یان هاوکارییەکی لەگەڵ ســـوننەکاندا نەهێشـــت، دیارە کوردیش هەمیشـــە لەلایەن ئەو دوو گرووپەوە دوورخراونەتەوەو، پێشتر لەسەردەستی حزبی بەعس( کەوەك حزبێکی سوننە بووە) سەرکوتکراون، لە ئێستاشـــدا ئەگەری ئەوە لە ئارادایە لەلایەن میلیشیا شیعەکانیشەوە دووچاری ئەو حاڵەتانە ببنەوە، ئەگەر هاتوو ئەو میلیشیا شـــیعانە بەرەو کوردستان بێن، پێم وایـــە حاڵی حازر ئەمەریکا ئەو شـــەڕەی دۆڕاندووەو عێراقیشی لەدەســـت داوە، لە ڕوانگەی ئەوەی عێراق نەبۆتـــە ئەو کۆمارە فیدرڕاڵیـــەی زۆر کەس ئومێدی بۆ دەخواســـت، بە تایبەتی ئەو هاوپەیمانێتیەی کە لە ساڵی ٢٠٠٣ شەڕەکەیان کردو رژێمی سەدامیان لەناو برد.

*** بە پێی رۆژنامەی تەلەگراف ئەمەریکا ڕێگری کردووە لە هەوڵی وڵاتانی کەنداو بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ چـــەك بنێرن بۆ هەرێمی کوردســـتان، تا چەند ئەمە ڕاســـتەو ئەگەر وایە بۆچـــی ئەمەریکا کارێکی لەم شێوەیە دەکات؟**

- من ئـــاگاداری ئەوە نیم و ئەگـــەر ڕوویدا بێت ئـــەوا مایەی نائومێدیە بۆ من، بەڵام ئاگاداری ئەوە نیم حکومەتی ئەمەریکا فشـــاری خستبێتەسەر هیچ هاوپەیمانێـــك تاوەکو کورد پڕچـــەك نەکەن، هیوادارم ئەمە کەیســـەکە نەبێت و ئومێد دەکەم ئەو وڵاتانەش ئەو هەنگاوە بنێن و کورد پڕچەك بکەن.

*** عێراق وڵاتێکی تـــەواو دابەش بووە، ئایا عێراق وەك وڵاتێکی یەکگرتوو دەمێنێتەوە؟**

- بۆ ئەوە دەبێت گۆڕانکاری دراماتیکی ڕووبدات، ئەگەر بەم شێوەیەی ئێستا بەردەوام بێت، ئەوا مەحاڵە عێراق کۆمارێکی یەکگرتـــووی فیدرڕاڵی هەبێت کە هەر یەکێك لە ســـێ ناوچەکە خاوەنی ئەندازەیەك لە خۆبەڕێوبەری بن و ئـــازادی خۆیان هەبێت و خۆیان بڕیارە گەورەکانی پەیوەســـت بە خۆیان بدەن لەبارەی چۆنیەتی حکومڕانی کردنی خەڵکەکەیان.

*** بە پێی هەندێ لە شـــیکەرەوەکان دابەشـــکردنی دەســـەڵات و داهات لە عێراقدا بۆتە شتێکی مەحاڵ، بەو پێیە دابەش بوونی وڵاتەکە بۆتە شتێکی حەتمی، بۆچوونی ئێوە چییە لەم بارەیەوە؟**

- وەك ئەو هەلومەرجەی ئێستا لە ئارادایە، ئەوا وەك هاووڵاتیەکی ئاسایی ئەمەریکا و وەك کەسێك بەردەوام ئاگادار کرابێتمەوە لەوەی لێرە ڕوویدابێت پێم وانییە لە سایەی ئەو ســـەرکردایەتیەی ئێستا لە عێراقدا هەیە، ئـــەو دەرفەتە مابێت عێراق وەك وڵاتێکی یەکگرتوو و ببێتە کۆمارێکی فیدرڕاڵی کە ئازادی تاکەکەسەکانی تێیدا فەراهـــەم بێت و هەر پێکهاتەیـــەك لە عێراقدا شایستەی ئەوەبن لێی بەهرەمەند بن.

*** بۆچونێـــك هەیە کە پاراســـتنی یەکێتی عێراق بۆتـــە ئەرکێکی مەحاڵ، ئەگـــەر ئەمە دۆخەکە بێت بۆچی ئەمەریکا پێداگیری دەکات لەســـەر پاراستنی یەکپارچەیی خاکی ئەم وڵاتە؟**

- لە ســـەرەتای دامەزراندنـــەوەی دەوڵەتی عێراق لەدوای ســـاڵی ٢٠٠٤ لە دابەشـــکردنی پۆستەکانی حکومڕانی و لەســـەروەختی دارشتنی دەستووریشدا، ئومێدەکە ئەوەبوو لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٤دا بە دابەش کردنی پۆســـتە حکومیەکان سەرکەوتنی لێبکەوێتەوە، بەڵام ئـــەوە نەهاتەدی، لەو کاتەدا خواســـتێك هەبوو عێراق ببێتە کۆمارێکی فیدرڕاڵی ڕاستەقینە بەڵام بووە وڵاتێك کە شـــیعە بە تەواوەتی تێیدا باڵادەست بوو. لە دەستوری ئەمەریکادا هەموو هاووڵاتیەك بەهرەمەندن لە ئـــازادی، ئێمە حکومڕانی یاســـامان هەیە، نەك حکومڕانی کەســـەکان، کاتێکیش حکومڕانی یاسا لە ئارادا دەبێت، هەموو کەس بەهرەمەندە لەو پارێزگاریەی لە یاسادا هاتووە. بەڵام ئەمە دۆخەکە نییە لە عێراقداو ناشبینم ئەوە ڕووبدات، بەلای کەمەوە لە ئایندەداو لەو هەلومەرجەی ئێستا لە ئارادایە.

**سەرچاوەی شەڕکردنی پێشمەرگە لەوە سەرچاوەی گرتووە، خاوەنی بوێری و ئازایەتین و کەسانێکی نیشتیمانپەروەرن و لە خۆشەویستی وڵات و نەتەوەوە خاکەکەی خۆیان شەڕ دەکەن و بەرگری لە وڵاتی خۆیان دەکەن**

**هەندێک کاری زۆر ناشرین و مەترسیدار کراوە کە میلیشیای شیعەکان ئەنجامیانداوە، بۆیە پێشمەرگە ناچار بووە چەکدارانی ئەو میلیشیانە دەستگیر بکات و رێگە نەدات لەسەر ئەو کارە خراپانە بەردەوام بن. ئەمە مانای ئەوەیە هێشتاش کاربەدەستانی بەغدا دژی کوردن**

*** ئایا کورد لە ئێستادا کەیسێکی باوەڕپێهێنەریان نییە بۆ ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی بە تایبەتی دوای بڕینی بەشە بودجەکەیان لەلایە عێراقەوەو ئێستاش بێ متمانەیی و نائومێدیەکی قووڵ هەیە لە ئاست حکومەتی مەرکەزی و هەرێمی کوردستاندا، ئایا بە بۆچوونی ئێوە دۆخەکە نەگەیشۆتە ئاستی ئەوەی چیتر جیاوازیەکانی نێوانیان قابیلی چارەسەر کردن نین و چیتر نەتوانرێت کەلێنی نێوانیان پڕ بکرێتەوە؟**

- من باوەڕم وایە ئەگەر لە مێژوو بڕوانین، بە تایبەتی مێژووی سەدەی ڕابردوی ئەم ناوچەیەو بوونی کورد تێیدا، ئەوا هەرگیز کورد کاراکتەرێکی خراپ نەبوونەو هەرگیز دەستدرێژیکار نەبوون و هەرگیز کەسانێکیان نەکوشتووە لە پێناوی تۆڵەسەندنەوەدا یان لە پێناوی دەستکەوتدا، هیچ کاتێك هەوڵی داگیرکاری خاکی خەڵکانی دیکە یان ژیانی خەڵکانی دیکەیان نەداوە، لە ئێستادا یەك ملیۆن و هەشت سەد هەزار بۆ دوو ملیۆن کەس ئاوارە بوون و هانایان بۆ ئێرە هێناوەو بڕیاریانداوە لە کوردستاندا بژین، لەبەر ئەوەی لێرە بە ئازادی و بە بێ ترسی سەرکوتکردن دەژین، هەر بۆیە بەلای منەوە کاتێك لە مێژووی کوردستان دەڕوانیت کە لێبوردە بوون و ئەوانی دیکەیان لە خۆگرتووەو بونەتە پەنای ئارام لەم بەشەی عێراقدا، ئەوا بە دڵنیاییەوە مافی ئەوەیان هەیەو ئێمەش دەبێت دانی پێدا بنێین. خاڵی دووەم ئەوەیە کاتێك لەوە دەڕوانیت کە حکومەتی مەرکەزی ئەو داهاتە نانێرێت بۆ درێژەدان بەو هەوڵانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان خستونیەتەگەڕ، هەروەها کە دەبینین سوپای عێراق لە کاتی هەڵاتنیاندا لە گۆڕەپانی شەڕدا ئەو چەکانە بەجێدەهێڵن، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا پڕچەککردنی دوژمنەکانیان و دوژمنەکانی جیهانیشە، ئەوا پێم وایە کوردستان مافی خۆیەتی و شایستەی ئەوەن جیهان ڕێزیان لێ بگرێت و بواریان بدات ڕاپرسی ئەنجام بدەن لە پێناو سەربەخۆییدا.

*** هەندێك کەس وێنایەکی ڕەش و تاریك بۆ ئایندەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکێشن، بەلای کەمەوە ئایندەی نزیکی ئەم ناوچەیە، بەڵام بۆچونێکی دیکە پێی وایە سەرەڕای سەختی و ئاڵۆزی دۆخەکە نابێت دەستبەرداری ئومێد بین، لە نێوان ڕەشبینی وگەشبینیدا ئێوە چ تێڕوانینێکتان هەیە؟**

- ئەگەر لەوەوە بڕوانین کە دامەزراوە داراییەکان و ژێرخانی دامەزراوە داراییەکان و ژێرخانی بازاڕ کە پێویستە هەر وڵاتێك هەیبێت بۆ ئەوەی لەم جیهانەدا بەردەوام بێت، ئەوا کوردستان توانای ئەوەی هەیە ئەم کارە ئەنجام بدات، ئەمە پێویستی بە سەرکردایەتیەکی بێ ئەندازە باش هەیە، بە سەرکردایەتیەکی ڕاستگۆ هەیە بۆ ئەوەی بتوانێت خۆبەڕێوبەری ڕێکبخات و خۆبەڕێوبەری دابمەزرێنێت، ئێوە دامەزراوەی داراییتان هەیە، سیستمی پەروەردەتان هەیە، هەروەها ماوەیەکی پێدەچێت تاوەکو بتوانرێت سەرجەم دامەزراوەکان، دامەزراوەی کارەبا و وزە و بازاڕی کاڵا دەرەکیەکان بنیات بنرێت. ئەمە قورسە، بەڵام باوەڕم وایە کورد دەتوانێت ئەم کارە بکات.

*** لەدوماهی ئەم چاوپێکەتنەدا، گوڵان حەز دەکات دوا پەیامی خۆت بۆ خوێنەرانی باس بکەیت، ئایا دوا پەیامت چییە؟**

- کاتێك من لە ئەنجومەنی نوێنەران بووم، زۆربەمان زانیاریەکی کەممان لە بارەی کوردستانەوە هەبوو، کاتێکیش شەڕی ٢٠٠٣ دەستی پێکرد ئێمە پتر سەرنجمان لەسەر بەغدا بوو ، کوردستان بە ئەندازەیەکی باش فەرامۆش کرابوو. بەڵام جارێکیان سەربازێکی گەنج هاتە لام کە لەگەڵ سوپادا بوو لەوێ و پێیووتم ئێمە بەو شێوەیە لە کورد ناڕوانین کە پێویستە، ئەوان کەسانێکی باشن و ئێمە لە کوردستان سەلامەتین و هیچ ئەمەریکیەك لەکوردستان گیانی لە دەست نەداوەو ئومێد دەکەم تۆ یان کەسێکی دیکە گەشتێك بکەن و سەردانی هەولێر بکەن و خۆتان راستیەکان ببینن،

ئێمە لە ساڵی ٢٠٠٧ هاتین و چاومان بە بارزانی و تاڵەبانی کەوت کە لەو کاتەدا سەرۆك کۆماری عێراق بوو، لە میانەی ئەو سەردانەماندا هەموو ئەو کۆنگرێسمانانەی لەگەڵماندا بوون سەرسام بوون بەوەی لێرە لە کوردستان بینیمان، هەربۆیە کە گەڕاینەوە بۆ ئەمریکا کۆمەڵەی ئەمەریکی کوردیم ڕێکخست و گرووپێکی پشتیوانی لە ئەنجومەنی نوێنەراندا بۆ کوردستانی عێراق دروست بوو، لەو کاتەوە سەرسامی من بە کورد لە هەڵکشاندایە، لەبەرئەوە کاتێکیش لە ساڵی ٢٠١٠دا وەك ئەندامی کۆنگرێس نەمامەوە، بەردەوام بووم لە پشتیوانی بۆ نەتەوەی کورد. لەبەر ئەوە ئومێدی من ئەوەیە کوردستان بەم زووانەو بە پشتیوانی نەتەوەکانی جیهان بتوانن مومارەسەی بەها کۆمەڵایەتی و کەلتوری خۆیان بکەن و ببنە خاوەنی سنووری مێژوویی خۆیان، کە لەو چوارچێوەیدا ئەم سنوورەدا بۆ هەزاران ساڵ ژیاون وەك شوێنێك کە بە نیشتیمان ناوزەدی بکەن، خۆیان حکومڕانی بکەن.



**پێشنیارەکەی جۆزیف بایدنی جێگری سەرۆک وەلامە بۆ کێشەکان و بە دڵنیاییەوە دروست بوونی دەوڵەتێک بۆ کوردستان چارەسەرەی ریشەییە بۆ کێشەکان**



# تەوافوق وگەڕانەوە بۆ ئیرادەی گەل ڕێگاچارەی کێشەکانە



د. کاوە محمود

تایبەت بە گوڵان نووسیویەتی

بیرۆکەی ئەم بابەتە بریتییە لە جەختکردن لەسەر ڕێکەوتنێکی نیشتیمانی کوردستانی گشتگیر بە پشتبەستن بە هاوسەنگی لە ئەنجامدانی ڕێککەوتنی سیاسی نێوان لایەن و پێکهاتە سیاسیەکان و گەڕانەوە بۆ رای گەل لە کاتی گەیشتن بە بنبەست لەسەر خاڵە ئاڵۆزەکان و لەکاتی سووربوونی هێزە سیاسییەکان لەسەر هەڵوێستە حزبیەکانیان.

ئیستحقاقە سیاسیەکان کە پەیوەندییان بە پەسندکردنی دەستوورو هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمەوە هەیە لەناوەڕۆکدا پێوەندی بە پرۆسەی بیناکردنی دامەزراوەکان ودامەزراندنی چەمکی دەوڵەتی یاساوە هەیە. لەم پرۆسەیەدا ناکرێ تەنیا بەرژەوەندی حزبی و بە کەسێتیکردنی مەسەلەکان پێوەری مامەڵەکردن بێت. ئەم پرۆسەیە لە ناوەڕۆکدا پرۆسەیەکی کۆمەڵگەییە، بۆیە پێویستە جەخت لەسەر ئامادەسازی جەماوەرو بەشدارپێکردنی بکرێت، بە دۆزینەوەی سازانێکی نیشتمانی و بە قووڵکردنەوەی دیموکراسیەت و زەمینەسازی بۆ چەمکی دەوڵەتی مەدەنی دیموکراسی لەسەربنەمای »هاوڵاتیبوون« کە ڕێگا لەبەردەم بەکارهێنانی ئایین لە پرۆسەی سیاسی و بەڕێوەبردنی دەوڵەت بگرێت.

جێگای داخە ئەو جیاوازی و ململانێیە تا ئێستا بەعەقڵیەتی تەسکی حزبایەتی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت و ئەم کێشەیە لە جوغزەی ئەنجامدان یان ئەنجام نەدانی دانیشتنێکی پەرلەمان کۆکرایەوە،





هەڵوێست لە لایەنە سیاسییەکان لەسەر بەستنی و پۆلێن کرا، نەك ناوەڕۆکی بابەتەکە کە تەنها لە ڕێگای سازبوونەوە یەکلاییدەکرێتەوە، لە کاتێکدا نە کۆبوونەوەی ٢٣ی حوزەیران و نە کۆبوونەوەی ئایندەش ناتوانێت ئەم بابەتە لە ڕێگای زۆرینەوکەمایەتی چارەسەربکات، جا هەرچۆنێك بێت ڕیزبەندی هەڵوێستەکان.

لە میانەی ململانێیەکان لەسەر ئەم بابەتە گرنگە، ڕێبازی هەوڵدان بۆ قۆرخکردنی بڕیارەکان کە لە بابەتی کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردن ولێژنەی دەستوورەوە لەلایەن ئەو هێزانەی کە خۆیان بە یاریکەری گەورە دەزانن دەستی پێکرد، لە بابەتی دەستوور وهەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمیش بەردەوام بوو، لە راگەیاندنیشدا پەنا بۆ بەکەسییکردنی بابەتەکان و موزایەدەی سیاسی وپۆپۆلیستی لە وتاری سیاسیدا برا، لەکاتێکدا هاوولاتیانی کوردستان بەدەستی کەڵەکەبوونی کێشەکانی رۆژانەیانەوە دەناڵێنن.

ململانێکان لە کاتێکدایە کە بونیادی دەوڵەتی عێراق لە هەڵوەشاندنەوەدایەو پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا بەتەواوی پەکی کەوتووە و ململانێی تایفەگەری زاڵ بووە وچالاکی تیرۆریستان لە زیادبووندایە، جگە لە بارودۆخی گشتی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کە چالاکی گرووپە تیرۆریستیەکانی داعش و قاعیدەو گرووپە ئیسلامیە سیاسیەکانی دیکە زیاتر پەرەدەسێنێت. هاوکات لەگەڵ ئەمەشدا جەمسەگەری نێوان ئێران وحکومەتی عبادی وحزب الله ی لوبنان و رژێمی ئەسەد لە لایەك و سعودیە وقەتەر وتورکیا لە لایەکی دیکەدا لە ئارادایە، مەترسییەکی گەورەیە ئەگەر هەر لایەنێکی کوردستانی بۆچوونی سیاسی وپشت ئەستوری خۆی بەو جەمسەرە هەرێمایەتییانەوە ببەستێتەوە.

یەکێك لە فاکتەرە دیارەکان کە کارتێکردنی لەسەر سەرجەم رووداوەکان هەیە کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە کە بانگێشەی سەرلەنوێ نەخشەکردنەوەی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دەکرێت، ئەم ئاڕاستەیەش کاریگەری راستەوخۆی لە سەر رەوش لە کوردستان دەبێت.

سەرجەم ئەو خاڵانە ئەوە دووپات دەکاتەوە کە بڕیاردان لەسەر دەستوورو هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم لەلایەك پەیوەندی بە بارودۆخی بیناکردنی دامەزراوەکان و ئاسۆکانی ناوخۆ هەیەو لەئاستێکی دیکەدا دانابڕێت لەو هەوڵانەی بۆ راپرسی لەسەر مافی چارەی خۆنووسین دەدرێت، ئەمە سەرەڕای ململانێ حزبیەکان، کە هەموو ئەمانە بەدەر نییە لەوەی لەناوچەکەدا بەگشتی دەگوزەرێت، بەو شێوەیەش سیاسەتەکانی وڵاتانی دراوسێ و بەرژەوەندی نێودەوڵەتی کاریگەری خۆی دەبێت.

لەم هەلومەرجەدا گرنگە میتۆدی مامەڵەکردن لەسەر ئەم بابەتە هەستیارە پشت ببەستێت بە هاوسەنگی لە ئەنجامدانی رێککەوتنی سیاسی نێوان لایەن و پێکهاتە سیاسیەکان و گەڕانەوە بۆ رای گەل لە کاتی گەیشتن

**لە راگەیاندنیشدا پەنا بۆ بەکەسییکردنی بابەتەکان و موزایەدەی سیاسی وپۆپۆلیستی لە وتاری سیاسیدا برا، لەکاتێکدا هاوولاتیانی کوردستان بەدەستی کەڵەکەبوونی کێشەکانی رۆژانەیانەوە دەناڵێنن**

به بنبەست لەسەر خاڵە ئاڵۆزەکان و لەکاتی سووربوونی هێزە سیاسییەکان لەسەر هەڵوێستە حزبییەکانیان. ئەم میتۆدە لە مامەڵەکردن دەمانگەیەنێتە ڕێکەوتنێکی نیشتمانی کوردستانی گشتگیر.

گرنگە لایەنە سیاسییەکان لەسەر سیناریۆیەك لە پێشنیازکراوەکان ڕێککەون. لە حاڵەتی قایل نەبوون بەو پێشنیازانە دەکرێت ئەنجومەنێکی سەرۆکایەتی کاتیی لەلایەن پەرلەمانەوە بڕیاری بۆ وەربگیرێت بەم شێوازە:

١. بەلەبەرچاوگرتنی وادەی کۆتاییهاتنی ماوەی سەرۆکایەتی هەرێم و نەتوانین بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن لەکاتی خۆی بەهۆی بیروڕای جیاوازەوە لەسەر چۆنیەتی هەڵبژاردنەوەی سەرۆکی هەرێم و دەستنیشانکردنی دەسەڵاتەکانی لەدەستوور. هەروەها لەبەرچاوگرتنی ئەو قۆناغە هەستیارەی کە ئێستا هەرێمی کوردستان پێیدا تێپەڕ دەبێت لەڕووبەڕووبونەوەی تیرۆرو بە ڕەچاوکردنی ئەکتیڤکردنی تێڕوانینی نێودەوڵەتی بۆ دۆسیەی نیشتمانی کوردستان. پەرلەمان بڕیاربدات ئەنجومەنی سەرۆکایەتی هەرێم لەسەرۆکی پارتەکانی نێو پەرلەمان و نوێنەری هەر یەکە لەکۆتاکان پێك بهێنێت.

٢-سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەردەوام دەبێت لەسەرۆکایەتی کردنی ئەو ئەنجومەنە، جێگرەکەشی وەك ئەندامی ئەنجومەنەکە بەشدار دەبێت.

٣-ماوەی ئەنجومەنەکە بەکۆتا دێت دوای یەك ساڵ، هەروەها دەکرێت ماوەی بەکۆتا بێت دوای ئەنجامدانی ڕاپرسی و دەنگدان لەسەر دەستوور لەلایەن گەلەوە، ئەو کات بانگێشت بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم دەکرێت، بەپێی ئەو شێوازەی کە لەدەستوور ڕێککەوتنی لەسەر کراوە.

شایانی باسە گرنگە ئەم هەنگاوش هاوکات بێت لەگەڵ ئامادەکردنی پرۆژەی دەستوور کە جەخت لەسەر ئەم خاڵانە بکاتەوە:

١-بڕیاردانی دەستوورێکی دیموکراسی مەدەنی جەخت لە «جیاکردنەوەی ئاین لەدەوڵەت» بکاتەوە بەشێوەیەك کە دەوڵەت بە یەکچاو تەماشای سەرجەم ئاینەکان بکات.

٢-بونیادنانی سیستەمێکی دیموکراتی پەرلەمانی و مسۆگەرکردنی دەستاودەستکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات.

٣-گرتنەبەری ئابوری بازاڕ کە چەمکی گەشەپێدانی مرۆیی بەردەوام ئاراستەی بکات بە مەبەستی وەدیهێنانی عەدالەتی کۆمەڵایەتی.

٤-بەروون ئاماژە بەوە بکرێت کە «گەل سەرچاوەی دەسەڵاتە» لەسەر بنەمای کارایی هاووڵاتیبوونی کوردستانی.

٥-مسۆگەرکردنی وردەکارییەکانی «حکومڕانی باش» و بونیاتنانی دامەزراوەکان بەشێوەیەکی دیموکراتی. لەگەڵ دووپاتکردنەوە لەسەر «لامەرکزیەت»ی کارگێڕی.

٦-پاراستنی «ماف و ئازادیە گشتیەکانی تاك» لەسەر بنەمای هاووڵاتیبوون، هەوەرها فراوانکردنی تۆڕی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بەتایبەت بۆ ئەوانەی بێ کار و کەمدەرامەتن.

٧-ئاماژە بە سنووری «مێژووی — جوگرافی - سیاسی کوردستان» بکرێت لەدەستوور، هەروەها کار بۆ دووبارە گەڕانەوەی سەرجەم ناوچەکان بۆ سەر هەرێم بکرێت لەرێگەی هەنگاوی دیموکراتی و ڕاپرسی و وەرگرتنی ڕای دانیشتووانی ڕەسەنی ئەو ناوچانە، لەگەڵ مسۆگەرکردنی بەشداری پێکهاتەو نەتەوەکانی ئەو ناوچانە لەپەرلەمانی کوردستان و لەبەڕێوەبردنی کاروباری ئیداری ناوچەکانیان وکارگێڕی و پۆستە گشتیەکاندا، بەلەبەرچاوکردنی ڕێژەی دانیشتوان و کاریگەری سیاسییان کە ڕێگریێت لە پەراوێزخستن.

٨-بەروونی ئاماژە بەمافی نەتەوەیی و کارگێڕی و رۆشنبیری بۆ تورکمان و عارەبی رەسەننشین و(ئاشوری و کلدان و سریان)و ئەرمەنەکان بکرێت.

٩-پاراستنی یەکسانی «رەگەزی —یەکسانی بەشداری» و دەستەبەری مافەکانی ئافرەت.

١٠-پاراستنی سەربەخۆیی دادگاو سەربەخۆیی دادوەری.


١١-ڕێکەوتن لەسەر چۆنیەتی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم و دەسەڵاتەکانی، لەگەڵ پێدانی بەشێك لەدەسەڵاتەکانی جێبەجێکاری بەئەنجوومەنی وەزیران بەدیاریکراوی، لەکاتێکیشدا ئەگەر هێزە سیاسیەکان نەگەیشتنە ڕێککەوتن لەنێو پەرلەمان لەسەر شێوازی هەڵبژاردن. پێویستە وەك بابەتێکی گرێی گرنگ مامەڵەی لەگەڵ بکرێت و بگەڕێنەوە بۆ ڕای گەل کە خۆی بڕیار بدات ئایا دەیەوێت سەرۆکی هەرێم لە پەرلەمان هەڵبژێرێت یان لە لایەن گەلەوە. بەم ڕێگەیە زەمانەتی گەڕانەوە بۆ ڕای گەل دەکرێت، لەو کاتەی کەلایەنەکان ناگەنە ڕێککەوتن لەسەر ئەو ماددە دەستووریە.

ئامانج لەو پێشنیارە، ڕاگرتنی هاوسەنگییە لەنێوان «هێزە سیاسیەکان» و گەڕانەوە بۆ «ڕای گەل» لەپێناو پاراستنی ئاسایش و سەقامگیری و هێنانەکایەی سیستەمێکی سیاسی دیموکراسی.

**ئەگەر هێزە سیاسیەکان نەگەیشتنە ڕێککەوتن لەنێو پەرلەمان لەسەر شێوازی هەڵبژاردن. پێویستە وەک بابەتێکی گرێی گرنگ مامەڵەی لەگەڵ بکرێت و بگەڕێنەوە بۆ ڕای گەل کە خۆی بڕیار بدات ئایا دەیەوێت سەرۆکی هەرێم لە پەرلەمان هەڵبژێرێت یان لەلایەن گەلەوە**

**بونیادی دەوڵەتی عێراق لە هەڵوەشاندنەوەدایەو پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا بەتەواوی پەکی کەوتووە و ململانێی تایفەگەری زاڵ بووە وچالاکی تیرۆریستان لە زیادبووندایە**

# ئەگەری دەستێوەردانی زەمینی لەئەنبار



فەرید ئەسەسەرد

بۆ گوڵان دەینووسێت

یەکەم ئاماژەی فەرمی بۆ ئەگەری دەستێوەردانێکی زەمینی لەئەنبار بۆ پاککردنەوەی پارێزگاکە لەداعش، هەفتەی رابردوو لەسەر زاری باراك ئۆبامای سەرۆکی ئەمریکا هاتە ئاراوە، کاتێك ئۆباما وتی پاککردنەوەی ناوچە سوننەنشینەکانی عیراق پێویستی بەدەستێوەردانی دراوسێ عەرەبەکانی عیراقە. پێش ئەم لێدوانە، هەندێ لە ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای ئەنبار، لەوانە فالح عیساوی، رایانگەیاندبوو کە ئەنبارییەکان پشتگیریی دەستێوەردانێکی زەمینیی ئوردونی دەکەن.

لەناوەندە نێودەوڵەتییەکاندا ئەگەری دەستێوەردانی زەمینی بەگەرمی لێی دەکۆڵدرێتەوە بەڵام پرۆژەکە هێشتا روون نایەتە بەرچاو. ئەوەی کە لە پرۆژەکە بە مسۆگەری یەکلابۆتەوە بەشداربوونی ئوردونە لەناردنی هێز بۆ ئەنبار. هەروەها ئەمریکاو رەنگە پەیمانی ناتۆش، لانی کەم لە رێی دابین کردنی راوێژکارو پسپۆرەوەو تەنانەت بەهێزێکی دیاریکراویشەوە، بەشدار بن لەئۆپەراسیۆنەکە. بەڵام هێشتا دوو مەسەلەی دیکە یەکلا نەکراونەتەوە. یەکێکیان بەشداری پێکردنی دەوڵەتانی دیکەی عەرەبە، لەوانە میسر یان سعودیەو ئەوی تر شێوەی هەماهەنگییە لەگەڵ حکومەتی عیراقدا. سەربار، لەم رووەوە خاڵێکی گرنگیش هەیە کە دەشێ گورِو هێزێك بە دەستێوەردانەکە ببەخشێ، ئەویش پشت بەستنێتی بە بڕیارێکی ئەنجومەنی ئاسایش.

بەغدا تا ئێستا لەم رووەوە بێدەنگە. دیارە ئەستەمە بتوانێ بەرپەرچی دەستێوەردانەکە بداتەوە، بەتایبەتی ئەگەر ئۆپەراسیۆنەکە پشت ئەستوور بێ بە بڕیارێکی نێودەوڵەتی بەڵام بە دڵنیاییەوە بەغدا دەستێوەردانەکەی پێ خۆش نییە. تاکە رێوشوێن لەبەردەم بەغدادا بۆ پەکخستنی پرۆژەکە، ئەوەیە کە بتوانێ لەماوەیەکی کورتداو بەم نزیکانە دەست بەسەر فەللوجەو ئەنباردا بگرێتەوە. بەکردەوەش، هەنگاوی بۆ ئەم مەسەلەیە ناوە.

ئەگەر دەستێوەردانەکە هاتە دی، رەنگە بەغدا زۆر دژی بەشداریی ئوردون نەبێ، بەڵام بەدڵنیاییەوە زۆر دژی بەشداریی سعودیە دەبێ. سیاسەتی دەرەوەی ئوردون، بە پێچەوانەی سیاسەتی دەرەوەی سعودیەوە، دوورنمایەکی تایفەگەریی نییە، جگە لەوەی کە پێوەندیی ئابوریی نێوان عیراق و ئوردون، بەتایبەتی لە بواری نەوتو راکێشانی لولەی نەوت لەعیراقەوە بەناو خاکی ئوردوندا، تا ئەندازەیەکی باش گەشەی کردووە، بەڵام سعودیە لە میمۆریی شیعەکاندا، لە سەردەمی عوسمانییەوە، کاتێك ئیخوانە وەهابییەکان هێرشیان دەکردە سەر کەربەلاو نەجەف و شیعەکانیان دەکوشت، لاپەڕەیەکی رەشی هەیە.

### کوردستان لەناو گێژاوی ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا

# دەوڵەتی کوردستان بۆتە واقیع و هەوڵەکان بۆ ئەوەیە رابگەیەنرێت



هێمن هەورامی*

کاتێك بمانەوێت باسی واقیعی ئێستای کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکەین، دیارە پێش هەموو شت دەبێت باسی شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش بکەین، ئەم شەڕە شەڕێکی درێژخایەنە، دەتوانین بڵێین تیرۆریستانی داعش نیشانەی نەخۆشیەکەن، نەك خۆی نەخۆشەکە بێت، راشکاوانەتر ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش، بەرهەمی دەوڵەتی فاشیلە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کاتێك تیرۆریستانی داعش لە ئابی ٢٠١٤ هێرشیان کردە سەر کوردستان، سەرۆکی هەرێمی کوردستان ستراتیژیەتێکی سێ ڕەهەندی پیادەکرد کە بریتی بوو لە:

- قۆناخی یەکەم راگرتنی هێرشەکانی داعش
- قۆناخی دووەم پاشەکشەپێکردن و رزگارکردنەوەی ئەو ناوچانەی تیرۆریستانی داعش داگیریان کردبوو.
- قۆناخی سێیەم بۆ بەزاندن و تێکشکاندنی تیرۆریستانی داعشە.

لە جێبەجێکردنی ئەم ستراتیژەدا تا ئێستا، توانیوومانە

١٠٠٪ هێرشەکانی داعش رابگرین، توانیومانە ٩٥٪ ئەو ناوچانە ئازاد بکەینەوە کە دەکاتە نزیکەی ٢٠ هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشە، لە بەزاندن و تێکشاندنی تیرۆریستانی داعشیش هەتا ئێستا ١٢٢٥ پێشمەرگەی قارەمان شەهید بوون و زیاتر لە ٧٠٠٠ پێشمەرگەی قارەمانیش برینداربوون.

لەم شەڕەدا هێزی پێشمەرگەی کوردستان سەلماندی، هێزەکانی کوردستان تەنیا هێزن لەسەر زەوی کە توانیویانە تیرۆریستانی داعش تێکبشکێنن، بێجگە لەبەرەکانی شەڕی پێشمەرگە، داعش لەناوچەکانی دیکە توانیوویەتی شوێنی دیکە بگرێت و سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، هەروەك چۆن ماوەیەك پێش ئێستا لە عێراق پارێزگای روومادی داگیرکردو لە سوریا پالمیرا-تەدمر، ئەمەش مانای ئەوەیە ستراتیژیەتێکی سەرتاگیرو گشتگیر بۆ تێکشکاندنی تیرۆریستانی داعش بوونی نییە، بۆ ئەوەی لەهەموو بەرەکاندا سەرکەوتن بەدەست بهێنرێت و تیرۆریستان تێکبشکێنرێن.

لێرەدا دەمەوێت بەپێی ئەو داتاو ئامارانەی لە وەزارەتی پێشمەرگەو هاوبەشەکانمان لە بەرەکانی شەڕ وەرمگرتوون، باس لەوە بکەم، هێزەکانی پێشمەرگە لەماوەی ئابی ٢٠١٤ تا تەمموزی ٢٠١٥ توانیوویانە زیاتر لە ١١ هەزار چەکداری داعش لەشەڕی رووبەڕوو و هەروەها لەئاکامی هێرشە ئاسمانیەکانی ئەمریکا بکوژرێن، بەڵام لە بەرامبەردا زیاتر لە ١٠٥٠٠ چەکداری بیانی پێوەندییان بە بیانی بۆ داعش کۆنترۆڵ بکرێت.

لەم شەڕەدا کە کوردستان رۆڵێکی گەورەی لە تێکشکاندنی داعش گێڕاوە، ئەو هێزە پشت پێ بەستوەیە کە دەبێت لە ستراتیژیەتی نێودەوڵەتی بۆ شەڕی دژی داعش، پێویستیەکانی لەبەرچاو بگیرێت. لەم راستەدا راشکاوانە دەڵێین کوردستان پێویستی بە هاوکاری بە پەلەی سەربازی و مرۆیی هەیە، بەداخەوە هەتا ئێستا ئەم یارمەتیانە وەك پێویست نەبوون، بەتایبەتیش لە دابینکردنی چەك و تەقەمەنی بۆ هێزی پێشمەرگە، لێرەدا دەپرسین بۆچی پێویستیمان بەهاوکاری سەربازی زیاتر هەیە بۆ پێشمەرگە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ئاشکرایە لەبەرئەوەی ئەو چەکانەی بەدەستی تیرۆریستانی داعشەوەن زۆر پێشکەوتووترن لەو چەکانەی بەدەستی پێشمەرگەوەن، بۆیە ئێمە دەمانەوێت چەکەکانی بەردەستی پێشمەرگە لە چەکەکانی بەردەستی تیرۆریستان باشتر بێت، ئەمەش واتە چەکەکانی پێشمەرگە لەبەرامبەر چەکی تیرۆریستانی داعش بالاتربن نەك هاوسەنگ بن. بەداخەوە لەم چوارچێوەیەدا هەتا ئێستا پشتگیری تەواومان بەدەست نەگەیشتووە. ئەم کەمتەرخەمیەش ئاکامەکەی ئەوەبووە، کە لە ٧٣٪ ئەو قوربانیانەی پێشمەرگە کە ١٢٢٥ شەهید و ٧٠٠٠ بریندارەمان کە بەهۆی ئوتۆمبیلی بۆمبڕێژکراو خۆکوژەوە بووە، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەگەر پێشمەرگە رۆکێتی دژە تانکی هەبوایە، ئەوا ئەو هەموو قوربانیەمان نەدەدا، بۆیە ئەگەر ئامانج ئەوەبێت تیرۆریستانی داعش تێکبشکێنرێت، ئەوا دەبێت رۆکێتی دژە تانك، زرێپۆشی جۆری (MRP)، فڕۆکە بە تایبەتی هەلیکۆپتەر بۆ گواستنەوە فەراهەم بکرێت.

هەر بۆ نموونە لە ئێستادا هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەپێی داواکاری وەزارەتی پێشمەرگە پێویستی بە ٤٠٠ زرێپۆشی جۆری (MRP)، بەڵام تا ئێستا تەنها ٤٠ دانە لەو زرێپۆشانەمان پێگەیشتووە، گرنگە ئەم هاوکاریانە بەزوویی بۆ هەرێمی کوردستان بنێردرێن، بۆ ئەوەی بتوانین بە هاوکاری لەگەڵ هاوپەیمانان تیرۆریستانی داعش تێکبشکێنین.

لایەنێکی دیکە کە گرنگە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی وەك پێویست بەدەنگیەوە بێت، پرسی ئاوارەو دەرکراوە ناوخۆییەکانی توندوتیژی و شەڕی داعشە، لە ئابی ٢٠١٤وە هەتا ئێستا، کوردستان بۆتە نەوای ئارام بۆ ٢ ملیۆن ئاوارەو پەناهەندەی ناوخۆیی، ئەمەش مانای ئەوەیە رێژەی دانیشتووانی کوردستان لەماوەی کەمتر لە ساڵێکدا بەرێژەی ٢٨٪ زیادی کردووە، ١٨٪ ئەم زیادبوونە تەنها لەهەردوو پارێزگای دهۆك و هەولێرە، تەنها یەك ئاوارە لە مانگێکدا پێویستی بە ٢٨٢ دۆلارە بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاری سەرەکی ، بێجگە لە دابینکردنی خزمەتگوزاری خوێندن و تەندروستی، بەڵام ئەوەی جێگەی داخە ئەوەیە هەتا ئێستا وەك پێویست هاوکاری حکومەتی هەرێمی کوردستان نەکراوە، بەداخەوە حکومەتی عێراق جیا لەوەی بودجەی کوردستانی بڕیوە، لە هەمانکاتدا هاوکاری ئەو هاووڵاتیانەشی نەکردووە کە هاتوونە کوردستان، بۆ ئێستا گرنگە پلانی کورتمەودا هەبێت بۆ ئەوەی هاوکاری حکومەتی هەرێمی کوردستان بکرێت، بۆ ئەوەی بتوانرێت هاوکاری پێویستی ئاوارەکان بکرێت، هەروەها دەبێت پلانی دوورمەوداش هەبێت، بۆ ئەوەی دوای تێکشکانی تیرۆریستانی داعش، ئەمانە بگەڕێنرێنەوە سەر ماڵ وحاڵی خۆیان و دووبارە لە شوێنەکانی خۆیان نیشتەجێ بکرێنەوە.

## ■ ئاڵۆزییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق

لەدوای ئازادکردنی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣وە لایەنی کوردستان هەموو هەوڵی خۆی خستۆتەگەڕ بۆ ئەوەی عێراقێکی پەرلەمانی و فیدراڵی و دیموکراتی و فرەیی و دەستووری لەسەر بنەمای دابەشکردنی دەسەڵاتەکان

**تیرۆریستانی داعش نیشانەی نەخۆشیەکەن، نەک نەخۆشەکە خۆی بێت، راشکاوانەتر رێکخراوی تیرۆریستی داعش، بەرهەمی دەوڵەتی فاشیلە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا**

**توانیوومانە ١٠٠٪ هێرشەکانی داعش رابگرین، توانیومانە ٩٥٪ ئەو ناوچانە ئازاد بکەینەوە کە دەکاتە نزیکەی ٢٠ هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشە، لە بەزاندن و تێکشاندنی تیرۆریستانی داعشیش هەتا ئێستا ١٢٢٥ پێشمەرگەی قارەمان شەهید بوون و زیاتر لە ٧٠٠٠ پێشمەرگەی قارەمانیش بریندابوون**

**هێزی پێشمەرگەی کوردستان سەلماندی، هێزەکانی کوردستان تەنیا هێزن لەسەر زەوی کە توانیوویانە تیرۆریستانی داعش تێکبشکێنن، بێجگە لەبەرەکانی شەڕی پێشمەرگە، داعش لەناوچەکانی دیکە توانیوویەتی شوێنی دیکە بگرێت و سەرکەوتن بەدەست بهێنێت**




هێزەکانی پێشمەرگە لەماوەی ئابی ٢٠١٤ تا تەمموزی ٢٠١٥ توانیوویانە زیاتر لە ١١ هەزار چەکداری داعش لەشەڕی ڕووبەڕوو و هەروەها لەئاکامی هێرشە ئاسمانیەکانی ئەمریکا بکوژرێن، بەڵام لە بەرامبەردا زیاتر لە ١٠٥٠٠ چەکداری بیانی پێوەندییان بە بیانی بۆ داعش کۆنترۆڵ بکرێت

٧٣٪ ئەو قوربانیانەی پێشمەرگە کە ١٢٢٥ شەهید و ٧٠٠٠ بریندارەمان بەهۆی ئوتۆمبیلی بۆمبڕێژکراو خۆکوژەوە بووە، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەگەر پێشمەرگە ڕۆکێتی دژە تانکی هەبوایە، ئەوا ئەو هەموو قوربانیەمان نەدەدا

کوردستان بۆتە نەوای ئارام بۆ ٢ ملیۆن ئاوارەو پەناهەندەی ناوخۆیی، ئەمەش مانای ئەوەیە ڕێژەی دانیشتووانی کوردستان لەماوەی کەمتر لە ساڵێکدا بە ڕێژەی ٢٨٪ زیادی کردووە، ١٨٪ ئەم زیادبوونە تەنیا لەهەردوو پارێزگای دهۆک و هەولێرە

دابمەزرێنێتەوە، بەڵام بە راشکاوی ئاماژەی پێدەکەم، عێراق لەبەریەك هەڵوەشاوەو جارێکی دیکە ناگەڕێتەوە بۆ ئەو عێراقەی کە پێش حوزەیرانی ٢٠١٤ بوونی هەبووە و حکومڕانی تێدا کراوە. بۆ ئەم سیستمە شکستخواردووەی عێراقیش پێوستی بە پێداچوونەوە هەیە.

بۆ ئەم مەبەستەش هەموو هەوڵی خۆمان خستۆتەگەڕ بۆ ئەوەی حکومەتێکی نوێ لە بەغدا پێکبهێنرێت و پشتگیریمان کرد بۆ ئەوەی د.حەیدەر عەبادی ببێتە سەرۆك وەزیران بۆ هەموو عێراق و ئەو هەڵانە راست بکاتەوە کە سەرۆك وەزیرانی پێش خۆی نوری مالیکی لە حکومڕانی پیادەی کردبوو، لەسەر ئەم بنەمایە بەشداری حکومەتمان کرد، لە مانگی ١٢ی ٢٠١٤ ڕێککەوتین لەسەر پرسی نەوت، بەڵام بەداخەوە حکومەتی عەبادی نە بە ڕێککەوتنی پرسی نەوت پابەند بوو، نە بەو ڕێککەوتنەشی کە حکومەتی لەسەر پێکهات، ئەمە بەرامبەر سوننەش بەهەمان شێوەبوو، ڕێککەوتنی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا لەسەر پرسی نەوت بەوجۆرە ئەگەر هەرێمی کوردستان رۆژانە ٢٥٠ هەزار بەرمیل نەوتی کێڵگەکانی خۆی و ٣٠٠ هەزار بەرمیلی کێڵگەکانی کەرکوك هەناردە بکات و رادەستی سۆمۆی بکات، ئەوا لەبەرامبەردا حکومەتی بەغدا دەبێت پشکی ١٧٪ بودجەی عێراق بنێرێت بۆ کوردستان و بودجەی پێشمەرگەش لە بودجەی سەروەری عێراق بۆ پێشمەرگە دابنرێت، بەڵام بەداخەوە حکومەتی عێراق پابەندی ئەم ڕێککەوتنە نەبوو، تەنانەت بەپێی ئەو ئامارەی لە بەرێز وەزیری سامانە سروشتیەکان وەرمگرتووە، لەمانگی ئایار هەرێمی کوردستان ڕێژەیەکی زۆر بەرز نەوتی هەناردە کردووە کە دەکاتە نزیکەی یەك ملیار دۆلار، بەڵام لەبەرامبەردا بەغدا پارەیەکی زۆر کەمی ناردووە، کە ٤٠٠ ملیۆن دۆلارە، ئەمە لە کاتێکدا وەك پێشتر ئاماژەم پێکرد لە کوردستان دوو ملیۆن ئاوارە هەیە کە خەرجی تاکێکیان لە مانگێکدا ٢٨٢ دۆلارە، بە درێژایی زیاتر لە ١٠٠٠ کیلۆمەتر بەرەی شەڕی لەگەڵ تیرۆریستانی داعش هەیەو خەرجی ئەم شەڕەش یەکجار زۆرە.

بەغدا هەتا ئێستا هیچ بڕە پارەیەکی بۆ پێشمەرگە نەناردووە، بەبیانووی ئەوەی دەڵێت سیولەی کاشمان نییە، بەڵام لەبەرامبەردا پارەی بۆ میلیشیاکانی حەشدی شەعبی هەیە، کە زیاتر لە ١٥٠ گرووپی میلیشیایی شیعە بوونی هەیە و تەنیا ٤٦ گروپیان هەیکەل و سەرکردەکانیان ناسراون، هەر چەکدارێکی میلیشای حەشدی شەعبی مانگانە بڕی ٨٠٠ دۆلاریان پێدەدرێت.

بۆیە راشکاوانە دەڵێت ئەگەر بەغدا دەخوازێت پابەند بێت بە ڕێککەوتنەکە با بەتەواوەتی پابەند بێت و بوجەی هەرێم و بودجەی پێشمەرگە وەك خۆی بنێرێت، ناشتوانێت پابەند بێت، با دەستێوەردان لەهەرێم نەکات و ئاستەنگمان بۆ دروست نەکات، بۆ ئەوەی خۆمان بەرپرسیاریەتی ئابوری و دارایی خۆمان لە ئەستۆ بگرین و چارەسەری بکەین.

**■ پرسی سەربەخۆی دەستی پێکردووە و بەرەو راگەیاندن دەچێت**

کاتێك باسی پرسی سەربەخۆیی کوردستان دەکرێت، دەبێت ئەم پرسە وەك ڕووداوێك سەیر بکرێت کە ڕوویداوە، نەك چاوەڕێی بکرێت ڕووبدات، پلانێك نییە بیرمان لێکردبێتەوەو هەوڵبدەین جێبەجێی بکەین، ئەمە بۆتە ئەمری واقیع و بەرەو ئەوە دەچێت رابگەیەنرێت.

ئەو پلانەی کە بۆ ریفراندۆم دامانڕشتووە لەماوەیەکی نزیك کەمتر لە ٢ساڵ ئەنجامی دەدەین، ئەم راپرسیەش بۆ هەموو هاووڵاتیانی کوردستانە لە کورد و عەرەب و تورکمان و سریان و کلدو ئیزیدی هەموو پێکهاتەکانی دیکەوە، شێوازی ئەنجامدانی ئەم ریفراندۆمە لەلایەن کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی کوردستان بە هاوکاری




لەگەڵ کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق(ئەگەر ئەوان رازی بن هاوکاری بکەن) ئەنجام دەدرێت، لەم راپرسیە ئەو پرسیارە لە هاووڵاتیانی کوردستان دەکرێت، ئایا دەتانەوێت کوردستان دەوڵەتێکی سەربەخۆ بێت لە چوارچیوەی کۆنفیدڕاڵیەتی عێراق، یان هەرێمێکی فیدڕاڵی بێت لە چوارچێوەی عێراقێکی فیدڕاڵیدا.

پاش ئەوەی ئەم ریفراندۆمە ئەنجام دەدەین، یەکەم پایتەخت کە وتووێژی لەگەڵ دەکەین بەغدایە، لەبەر ئەوەی بەغدا بۆ ئێمە گرنگەو دەمانەوێت بەشێوەیەکی ئاشیانە جیابینەوە. لە ئێستا عێراق بۆتە دەوڵەتێکی فاشیل، شەڕی مەزهەبگەرایی شیعەو سوننە بەرەو قۆناخێکی ترسناك دەڕوات، لە عێراقدا سوپایەکی نیشتمانی بەهێز بوونی نییە، بۆیە ئێمە نامانەوێت نە لە ئێستا نە لەئایندە ببینە بەشێك لەو ئاییندە نادیارە و بەشێك بین لەو سیستمە فاشیلەو دەمانەوێت سەقامگیری و تەناهی وڵاتی خۆمان بپارێزین.

ئەم بەرنامەیە تەنها بۆ کوردستانی عێراقەو بەشەکانی دیکەی کوردستان ناگرێتەوە، لەبەر ئەوەی بڕوامان بەوە هەیە کە هەر پارچەیەك تایبەتمەندی خۆی هەیەو دەبێت بەپێی ئەو تایبەتمەندیە هەنگاوی بۆ هەڵبگیرێت.

■ **پرسی ناوخۆی هەرێمی هەرێمی کوردستان**

لە ئێستادا لەسەر ئاستی سیاسەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان، لایەنە سیاسیەکان لەدانوستاندان سەبارەت بە پرسی سەرۆکایەتی سەرۆك مسعود بارزانی، هەوڵەکان بەو ئاڕاستەیەدا حزبە سیاسیەکان چۆن ئەم پرسە چارەسەر دەکەن؟

پارتی دیموکراتی کوردستان لەم پرسە تێڕوانین و بۆچوونی خۆی هەیە، دیارە لە هەڵبژادنەکانی ٢٠١٣ پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵبژاردنەکەی بردەوەو ٣٨ کورسی پەرلەمانی بەدەست هێنا، ئەو کات بۆ پێکهێنانی حکومەت، پارتی پەنای بۆ پێکهێنانی حکومەتی زۆرینە نەبرد، کە زۆر بە ئاسانی دەیتوانی زۆرینەی پەرلەمانی بۆ پێکهێنانی حکومەت کۆبکاتەوە، بەڵام بە لەبەر چاوگرتنی بارودۆخەکەو بۆ ئەوەی

> **بەغدا هەتا ئێستا هیچ پارەیەکی بۆ پێشمەرگە نەناردووە، بەبیانووی ئەوەی دەڵێت سیولەی کاشمان نییە، بەڵام لەبەرامبەردا پارەی بۆ میلیشیاکانی حەشدی شەعبی هەیە، کە زیاتر لە ١٥٠ گرووپی میلیشیایی شیعە بوونی هەیە و تەنیا ٤٦ گرووپیان هەیکەل و سەرکردەکانیان ناسراون**

> **پەیەدە نە لەسەر ئاستی ئیداری نە لەسەر ئاستی سەربازی و نە لەسەر ئاستی سیاسی لایەنەکانی دیکە قبوڵ ناکات، ئێستا زیاتر لە ٥-٦ هەزار هێزی کورد مەشقدراون و دەیانەوێت بگەڕێنەوە بۆ ڕۆژئاوا، پەیەدە قبوڵ ناکات**

هەموو پێکەوە ئەم قۆناخە هەستیارو مێژووییە تێپەڕێنن ، بریاریدا لەسەر بنەمای سازان هەموو لایەنەکان لە حکومەت بەشداری بکەن، سەبارە بە پرسی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانیش، دیارە لەساڵی ٢٠٠٥ سەرۆك لەلایەن پەرلەمانەوە هەڵبژێردرا، ئەوکات لەبەر ئەوەبوو کە نەدەتوانرا هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی هەرێم راستەوخۆ بە هەڵبژاردن لەبەر هۆکاری تەکنیکی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان ئەنجام بدرێت، بەڵام ئەو لایەنانەی کە ئۆپۆزسیۆن بوون گازندەی ئەوەیان کرد پارتی و یەکێتی لە پەرلەمان سەرۆکیان هەڵبژاردووەو لە هەڵبژاردنی گشتی دەترسن، بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٩ سەرۆك راستەوخۆ لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردراو سەرۆك مسعود بارزانی ٧٠٪ دەنگەکانی بەدەست هێنا.

لە ٢٠١٣ پارتی لەگەڵ یەکێتی ماوەی ٢ساڵ خولی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانیان درێژکردەوە، سەرۆك مسعود بارزانی داوای کرد لەماوەی ئەو دووساڵە پەرلەمان ئەو دەستورەی لە ٢٠٠٩ پەرلەمان پەسەندی کردووەو تەنیا مابوو بخرێتە راپرسی، لەبەر ئەوەی ئۆپۆزسیۆن داوای سازان و کۆدەنگییان دەکرد، ئەو دەستورە جارێکی دیکە سازان و کۆدەنگی لەسەر بکرێت، پەرلەمانی کوردستان لەو ماوەیە نەیتوانی ئەو کارە بکات، بۆیە سەرۆك مسعود بارزانی٦٠ رۆژ پێش ئەوەی ماوەی سەرۆکایەتیەکەی تەواو بێت داوای لە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان کردووە، وەك مافێکی یاسایی خۆی هەڵبژاردن بۆ هەڵبژاردنەوەی سەرۆك ئەنجام بداتەوە، بەڵام کۆمسیۆن لەبەر هۆکاری تەکنیکی ئەو کارەی پێناکرێت، لەم ماوەیەدا یەکێتی و گۆران و دوو حزبە ئیسلامیەکە پرۆژەیان پێشکەشی پەرلەمان کردووە  بۆ ئەوەی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم هەموار بکرێتەوە، پارتی دیموکراتی کوردستانیش هەوڵە دیپلۆماتیەکانی خۆی چرکردۆتەوە بۆ ئەوەی پێشنیارەکانی خۆی بە حزبەکان رابگەیەنێت، پارتی دەیەوێت سەرۆك راستەوخۆ لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێرێت بۆ ئەوەی هاوسەنگی و چاودێری لە دابەشکردنی دەسەڵاتەکان لە هەرێمی کوردستان رابگیرێت، بۆیە ئەگەر حزبەکان نەتواتن هەتا ٢٠ی ئابی ٢٠١٥ بگەنە سازان لەسەر ئەم پرسە ئەوا پارتی ئەم پێشنیارانە دەخاتە روو:

١. چوار ساڵی داهاتوو سەرۆك مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بێت، ئەم چوار ساڵە بە قۆناخی راگواستن دابنرێت، هەتا دەستوور راپرسی لەسەر دەکرێت و پرۆسەی ریفراندۆم بۆ بڕیاردانی مافی چارەنووس ئەنجامدەدرێت.

٢. یان ماوەی سەرۆکایەتی هەرێم لەگەڵ ئەم خولەی پەرلەمان کۆتایی پێبێت لە ساڵی ٢٠١٧.

٣. یان با هەڵبژاردنی پێشوەختە بکرێت و پاشان ئاکامی ئەو هەڵبژاردنە هەرچیەك بوو لەسەر بنەمای زۆرینەو کەمینە هەموو لایەك پێوەی پابەند بن.

## ■ هەوڵەکان لەگەڵ کوردی رۆژئاوا

لە دوای ساڵی ٢٠١١ کە ئەو بارودۆخە لە رۆژئاوا هاتە ئاراوە، هەڵوێستی پارتی دیموکراتی کوردستان بەرامبەر کوردانی رۆژئاوا بریتی بووە لە:

- ■ پاراستنی یەکریزی کوردی سوریا.
- ■ هەرێمی کوردستان میوانداریيان دەکات و پشتگیریيان دەکات.
- ■ پشتگیری هەوڵەکانیان لەسەر ئاستی دبلۆماتی و سەربازی دەکەین.

ئەوەی لای پارتی گرنگ بووە، بریتی بووە لە یەکریزی و یەکهەڵوێستی کوردی سوریا، ئەوجا لەچوارچێوەی ئەو یەکریزییە چۆن بریار دەدەن ئازادن، ئێمە دەمانەوێت کوردی سوریا ئەجیندای خۆی هەبێت و بەشێك نەبێت لە ئەجیندای هیچ لایەکی دیکە .

لەم چوارچێوەیەدا سەرۆك بارزانی لە تەمووزی ٢٠١٢ میوانداری لایەنە سیاسیەکانی کوردی سوریای کرد، ئەوە بوو رێککەوتنی یەکەمی هەولێری لێکەوتەوە، جارێکی دیکە لە مانگی ١٢ی ٢٠١٣ میوانداری کردن بۆ چارەسەرکردنی ئەو پرسانەی مابوون لەنێوان پەیەدەو حزبەکانی دیکە ئەمەش رێککەوتنی هەولێری ٢ی لێکەوتەوە، هەروەها لە ئۆکتۆبەری ٢٠١٤ جارێکی دیکە سەرۆك بارزانی میوانداری کردن و رێککەوتنی دهۆکی لێکەوتەوە، بەداخەوە پەیەدە بە ناوەڕۆکی رێککەوتنەکانەوە پابەند نابێت، کە بریتیە لەوەی ئیدارەیەکی هاوبەش، فەرماندەیەکی سەربازی هاوبەش، یەك مەرجەعیەتی سیاسی، بەڵام پەیەدە نە لەسەر ئاستی ئیداری نە لەسەر ئاستی سەربازی و نە لەسەر ئاستی سیاسی لایەنەکانی دیکە قبوڵ ناکات، ئێستا زیاتر لە ٥-٦ هەزار پێشمەرگە کورد مەشقدراون و دەیانەوێت بگەڕێنەوە بۆ رۆژئاوا، پەیەدە قبوڵ ناکات، بۆیە ئەگەر ئەوان پێکەوە رێکبکەون و پەیەدە پابەندی رێککەوتنەکان بێت، ئەوا هەموو یارمەتیەکی دبلۆماتی و تەنانەت سەربازیشیان دەدەین، هەروەك چۆن پێشمەرگەمان بۆ کۆبانی نارد. ■

ئەم باسە رۆژی ٨ی تەمموزی ٢٠١٥ لە ئامۆژگای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست (www.mei.edu) بە ناونیشانی دینامیکیەکان لە کوردستانی عێراق پێشکەش کراوە.

---

***ئەندامی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان**

# هەڵسەنگاندنێک بۆ دامەزراوە نیشتمانییەکانی هەرێمی کوردستان لە دیدی ئاسایشی نەتەوەییەوە



د.نەجدەت ئاکرەیی

بۆ گوڵانی نووسیوە

خوێندنەوە و شیکردنەوەی ئەزموونی (٢٥) ساڵ لە حوکمڕانی لەهەرێمی کوردستان ئاماژە بە شێوازی جۆراوجۆر دەکات: (حکومەتی فیفتی بە فیفتی، دوو ئیدارەیی، حکومەتی ئیئتلافی، حکومەتی بنکەفراوان)، هەڵبەتە ئەم شێوازانە ڕەنگدانەوەی نەخشەی سیاسی دوای هەڵبژاردنەکان بوون بە پلەی یەکەم و دەرەنجامی ڕێککەوتنە سیاسییەکان بوون بە پلەی دووەم، هەروەها پەیوەست بوون بە مەسەلەکانی شەرعییەت و مەشروعییەتی یاسایی کە خۆی لە دامەزراوەیەکی گەورە دەبینیەوە، ئەویش پەرلەمان بوو، لەهەمان کاتیشدا دامەزراوەیەکی تری نیشتمانی هاتە کایەوە، ئەویش سەرۆکایەتیی هەرێم بوو.

بێگومان لە ڕووی قۆناغە زەمەنییەکان لە ماوەی ئەم چارەکە سەدەیەدا هەر دامەزراوەیەك ڕۆڵ و ئەرکی خۆی هەبووە و هەرچۆنێك بێت ڕەوڕەوەی ژیانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی بەڕێوەچووە، ئەمەش ویستی گەلێك دەسەلمێنێ کە تینووی ژیان و مانەوە و گەیشتن بە وێستگەی ئارامییە کە ئامانجی سەرەکی ئاسایشی نەتەوەییە.

بەڵام لە هەمان کاتدا ئەزموونی ئەم دامەزراوە نیشتمانییانە پێویستیان بە شیکردنەوە و هەڵسەنگاندن هەیە.

لەسەرەتاوە دەڵێین ئەم دامەزراوانە بە یاسا ڕێکخران و یاسا تەعبیر دەکات لە بەرژەوەندییە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان، هەروەها کارەکانی بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە بەڕێوە دەچن. بەڵام لە هەمان کاتدا گۆڕانکارییە خێراکانی سەردەم (نێودەولەتی، هەرێمی، ناوخۆیی ) کاریگەرییان هەبوو لەم بوارەدا، واتا لە هەڵسەنگاندنی فاکتەرە نێوخۆیی و دەرەکییەکان دەبێ بە هەند وەربگیرێن.

دامەزراوەی (سەرۆکایەتیی هەرێم) بە مەرجەعیەتێکی یاسایی و سیاسی لوتکەی پەیوەست بە داڕشتنی بڕیاری سیاسی هەژمار دەکرێت، ماوەی ١٠ ساڵ لە کارکردنیشی ئەوە دەسەلمێنێت کەوا هەرێمی کوردستان لە ئاست نێوخۆیی و دەرەوەدا توانی لە ڕێگای ئەم سەرۆکایەتییەوە مامەڵە بکات. هەڵبەت لە قۆناغە مێژووییە گرنگەکان، بەتایبەتیش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانی سێیەم سمبولە نیشتمانییەکان لەم بوارەدا ڕۆڵ دەبینن، بۆیە لەم قۆناغەدا مەشروعییەتی شۆڕشگێڕی لەگەڵ دامەزراوەیی دیموکراسی جۆرە تێکەڵییەك بەخۆیەوە دەبینێت و بینیویانە و دەبێت لەسەر ئەم بنەمایە سەیری مەسەلەی سەرۆکایەتیی هەرێم بکرێت و تەنها پشت بە چەقبەستوویی یاسایی نەبەسترێت، بەڵکو مامەڵەکردن بێت لەگەڵ ڕۆح و بنەما و فەلسەفەی یاسا، چونکە یاسا مەسەلەیەکی دینامیکییە و پەیوەستە بە کاریگەریی بارودۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و دەبێت لە تێگەیشتن بۆی لەتەفسیری تەسك دوور بکەوینەوە و لە هەموو ڕوانگەیەکەوە بخوێندرێتەوە. لە تەمەنی

**دامەزراوەكانی پەیوەست بە سەرمایەداران و بەرهەمهێنەران و بزنسمانان و بەڵێندەران، دەبێت زیاتر نزیک بکرێتەوە لە بازنەی ئینتیما بۆ نیشتمان هەرچەندە سەرمایەی نیشتمانی نییە، بەڵام لەم قۆناغەدا دەبێت ئەمانە نیشتمانی خۆیان بناسن**

**زانكۆكان و سەنتەرەكانی توێژینەوەی زانستی ڕۆڵێكی بەرچاو دەبینن و دەبێت بەشداربن لەداڕشتنی بڕیاری سیاسی**

**پوێستە ڕاوێژ و توێژینەوەی زانستی لە بنكەكانی حكومەت هەبێ، چونكە حكومەت دەبێت لەسەر بنەمای داتا و ئامار كاربكات، نەبوونی ئامارێكی ڕاستەقینە كێشەیەكی گەورەیە بۆ ستراتیژیەتی حكومەت**

**دیبلۆماسیەتی پەرلەمان لەگەڵ دەرەوە لەو ئاستەدا نییە، كەچی زۆر لە پەرلەمانەكان سوود لە ئەزموونی یەكتر وەردەگرن، بۆیە دەبێت پەرلەمانی كوردستان هەنگاوی خوێندراو بۆ ئەم مەسەلەیە بهاوێت**

(١٠)ساڵی ئەم دامەزراوەیەدا توانرا وەك دامەزراوەیەك پێكبهێندرێت لە ڕووی هەیكەلیەت و ئەركەكان. بەڵام لە هەمان كاتدا تاكو ئێستا كامڵ نەبووە، بەڵكو پێویستی بە سەرلەنوێ بە بەهەیكەلكردنەوە هەیە، بۆ نموونە فراوانكردنی لە ئاستێكی نیشتمانی بۆ نەتەوەیی و بوونی فەرمانگەكانی شیكردنەوە و دیراساتی ستراتیژی، هەروەها فەرمانگەیەكی پەیوەست بە پارچەكانی تری كوردستان و لیژنەیەكی تایبەت بە ئاسایشی نەتەوەیی، هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆ لە گەلەوە بە دەسەڵاتی هاوبەشی لەگەڵ پەرلەمان و حكومەت نموونەی سەركەوتوویی ئەم پرۆسەیەن.

سەبارەت بە (پەرلەمان) تێپەڕاندنی چوار خول لە ئەنجامی هەڵبژاردن جێی ئەوەیە دراسەت بكرێت لە ڕوانگەی ئەرك و پێكهاتە و هەیكەلییەت و پێوەندییەكان و چۆنیەتی ئەدای ئەندامەكانی و پرۆتۆكۆلەكانی و ئەتەكیتی پەرلەمانی و توانایی و لێهاتوویی و ئەزموونی ژیانی سیاسی و ئابووری و كۆمەڵایەتی. بوونی ژمارەیەك لە ڕاوێژكاران لەگەڵ سەنتەرێكی توێژینەوە هەنگاوێكی گرنگ بوو، هەروەها گفتوگۆی هەمەجۆر و جارجارێك بەرەو تەنگژەش چوون، دیاردەیەكی سروشتییە، جگە لەمەش بایكۆتكردن و دەرچوون لەهۆڵ بۆ هەڵوێست وەرگرتنێك ماف و دیاردەیەكی پەرلەمانییە. لە بواری ئەركی داڕشتنی یاساكان كە ئەمە ئەركی سەرەكیی پەرلەمانە، پرۆژە پێشكەش دەكەن، بەڵام لەهەمان كاتدا دەبێ بۆ ئەم یاسایانە بن كە وەڵامدانەوەی كێشەكانن و چۆنیەتی چارەسەركردنن، لەهەمان كاتدا پێویستە دراسەت بكرێن بەر لەوەی خوێندنەوەی یەكەمی بۆ ئەنجام بدرێت، چونكە ئەوەی تێبینی دەكرێت جۆرە پەلەكردنێك هەیە لەم ڕووەوە. ئەگەر ئەندامانی پەرلەمان خولی یاسایی ببینن، زۆر سوودمەندە بۆ ئەوان، ئەركی (چاودێریی حكومەت) بە داینەمۆی كاری پەرلەمانی هەژمار دەكرێت، بەڵام دەبێت ئەم ئەركە لە ڕوانگەی چاودێریی هێڵە سەرەكییەكانی سیاسەت و ستراتیژیەتی حكومەت بێت، نەك لە هەندێ وردەكاری پەیوەست بەو بابەتانەی كە كاری فەرمانگە حكوومییەكانە، نەك پەرلەمان. پەرلەمان سندوقی سكاڵا نییە، بەڵكو شوێن و حەرەمی گەلە و پرەنسیپی كاری خۆی هەیە. ئەوەی تێبینی دەكرێت دیبلۆماسیەتی پەرلەمان لەگەڵ دەرەوە لەو ئاستەدا نییە، كەچی زۆر لە پەرلەمانەكان سوود لە ئەزموونی یەكتر وەردەگرن، بۆیە دەبێت پەرلەمانی كوردستان هەنگاوی خوێندراو بۆ ئەم مەسەلەیە بهاوێت.

ئەركێكی تری پەیوەستە بە (مەسەلەی بودجە) ئەمە پێگەیەكی یاسایی گرنگی داوەتە پەرلەمان لە خوێندنەوەی ئابووری و لە پشت ئەویشدا سیاسی و كۆمەڵایەتی بۆ ڕەوڕەوەی ژیان لە هەر كیانێك، ئەزموونی پەرلەمانی كوردستان باشە لەم بوارەدا، بەڵام پێویستە زیاتر و قووڵتر بەرەو پێشەوە بچێت.

دامەزراوەی (حكومەت) كە پێوەندییەكی ڕاستەخۆی لەگەڵ گەل هەیە، پێوەرێكی سەرەكییە پۆ پێگە و ئاستی كۆمەڵگە، چونكە حكومەت دەرهاویشتەی نەخشەی سیاسییە، حكومەتیش هەمەجۆرە: (زۆرینە، فرەلایەن، بنكە فراوان، تەكنۆكرات) ئەم دامەزراوەیەش بەیاسا ڕێكدەخرێت و ئەرك و پێكهاتەكانی وەزاری لە كابینەكان دەستنیشان دەكرێت، زۆری و كەمیی ئەندامانی حكومەت پەیوەستە بە بارودۆخەكە، هەروەها ئەكتیڤی و لێهاتوویی مەسەلەیكی نسبییە (ڕێژەییە) و لە زۆر لە وڵاتان پەرلەمان و هاووڵاتیان هەڵسەنگێنەری ئەدای حكومەتن.

لەئێستادا ئەزموونی هەرێمی كوردستان لەم بوارەدا پێویستی بەجۆرە وەستانێك هەیە، چ لە بواری هەیكەلییەتی حكومەت، یاخود ئەدای حكومەت، هەیكەلییەتەكە بریتییە لە (١٩) وەزارەت و نزیكەی (١٥) دەستە و فەرمانگە، واتا جۆرە فراوانییەكی تێدا بەدیدەكرێت، ئەوە جگە لە ژمارەیەكی زۆری ڕاوێژكاران، ئەمە لەم قۆناغەدا پێویستی بە پێداچوونەوە هەیە، چونكە كاردەكاتە سەر ئەدای حكومەت و جۆرە تێكەڵییەك دەبیندرێت لە نێوان حكومەت و ئیدارەی خۆجێی پارێزگاكان، جگە لەوەی ئەگەر بەشێك لە وەزارەتەكان لێك بدرێت (پەروەردە و خویندنی باڵا، سامانە سروشتییەكان و كارەبا، ئاوەدانكردنەوە و نیشتەجێكردن و شارەوانی، دارایی و پلاندانان، تەندروستی و كاروباری كۆمەڵایەتی، پیشەسازی و بازرگانی و كشتوكاڵ،.....) و دەوڵەمەند بكرێن بە بریكاری تەكنۆكرات و بازنەكانی تر لەسەر بنەمای ئەزموون و لێهاتوویی كە وەك تیمێك لەگەڵ وەزیر كار بكەن، لە هەمانكاتدا پێویستە ڕاوێژ و توێژینەوەی زانستی لە بنكەكانی حكومەت هەبێ، چونكە حكومەت دەبێت لەسەر بنەمای داتا و ئامار كاربكات، نەبوونی ئامارێكی ڕاستەقینە كێشەیەكی گەورەیە بۆ ستراتیژیەتی حكومەت.

مەسەلەی (دەسەڵاتی دادوەری) لە هەرێمی كوردستان ڕوون و بەرچاوە كەوا لەسەر بنەماكانی سەربەخۆیی دادوەری سەیر دەكرێت لەڕوانگەی سەربەخۆیی دادوەر لەو كەیسانەی كە لەبەر دەستیدایە، بەڵام لە هەمان كاتدا دادوەر دوور نییە لەژیانی سیاسی، تەنانەت لە وڵاتێكی وەك ئەمریكا دادوەر هەڵوێستی سیاسی خۆی دەردەبڕێت، بەڵام لە دەرەوەی كەیسەكان، ئەوەی پێویستە



بکرێت کاراکردنی داواکاری گشتی و ئەنجومەنی شورا و دادگای دەستوورییە و پێویستە هەموویان لە ژێر چەتری ئەنجومەنی باڵای دادوەری بن.

لەبارەی بابەتی دەسەڵاتی میدیا ئەوا بەپێی یاسای ئازادی ڕۆژنامەگەری ڕوون و بەرچاوە، بەڵام پێویستییان بە یاسایەکی مۆدێرنی ڕاگەیاندن هەیە کە بوارەکانی تریش بگرێتەوە .

کۆمەڵگای مەدەنی پێویستی بە هەڵوێست هەیە، چونکە لەم ماوەی دواییدا ئەوەی بەدیدەکرێت ئەو ڕۆڵەی نەماوە و زۆر لاواز بووە و پێویستە بەدوای هۆکارەکانیدا بگەڕێین.

دامەزراوە ئەمنییەکان بەپیی یاسا ڕێکخراون، بەڵام زیاتر پێویستی بەکاری پیشەیی و بنەماکانی ڕەفتاری کارکردن هەیە.

لەبارەی دامەزراوە سەربازییەکان کە خۆی لە پێشمەرگەدا دەبینێتەوە، لەئێستادا خەریکە بەرەو دامەزراوەیەکی سەربازی دەچین لەبوارەکانی: (ڕێکخستن، چەك، دەستنیشانکردنی ئەرکەکان، مەشق و ڕاهێنان).

زانکۆکان و سەنتەرەکانی توێژینەوەی زانستی ڕۆڵێکی بەرچاو دەبینن و دەبێت بەشداربن لەداڕشتنی بڕیاری سیاسی .

دامەزراوەکانی پەیوەست بە سەرمایەداران و بەرهەمهێنەران و بزنسمانان و بەڵێندەران، دەبێت زیاتر نزیك بکرێتەوە لە بازنەی ئینتیما بۆ نیشتمان هەرچەندە سەرمایەی نیشتمانی نییە، بەڵام لەم قۆناغەدا دەبێت ئەمانە نیشتمانی خۆیان بناسن.

ئەوەی زۆر گرنگە شیکردنەوەی نەخشەی حزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان و پێگەیاندن و ڕۆڵیان و ئەزموونی مێژووییانە لە ڕوانگەی یاسای حزبەکان و ئەنجامی هەڵبژاردنەکان، بێگومان تەعەدودییەتی سیاسی دیاردەیەکی پۆزەتیڤی ئەزموونی ئەم هەرێمەیە و ئەوەی تێبینی دەکرێت فەرامۆشنەکردنی هیچ لایەنێکی سیاسییە لە بەشداریی سیاسی. بۆیە دەبێت ئەم حزبانەش دوور لە بەرژەوەندی حزبی سەیری بکەن و بەشداری ئەزموون بن بە ڕۆڵێکی کاریگەر. ئەزموونی ئۆپۆزسیۆن لە هەرێمی کوردستان پێویستی بە خوێندنەوەیەکی تازەیە لە ڕوانگەی تەمەنی کورتی ئەم ئەزموونە و نادیاری و تەمومژی ئەم ئەزموونە لە داهاتوودا بۆ دەوڵەمەندکردنی پرۆسەی دیموکراسی لە هەریمی کوردستان.

لەدەرەنجامدا دەڵیین گشت ئەم دامەزراوانە بە داینەمۆی ستراتیژیەتی ئاسایشی نەتەوەیی هەژماردەکرێن کە دەبێت بە وردی سەیریان بکرێت لەلایەن دامەزراوەیەکی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی هاوتای ئەزموونی زۆر لە وڵاتانی جیهان، چونکە ئێمەش بەرەو قۆناغێکی تر دەچین. ئاسایشی نەتەوەیی بریتییە لەپرسیارێك، هەر کیانێك لەخۆی دەپرسێت: ئێمە کێین؟ لەکوێین؟ بەرەو کوێ دەچین؟ دەبین، یان نابین؟! کارتە بەهێز و لاوازەکان چین؟

---


**لە قۆناغە مێژووییە گرنگەکان، بەتایبەتیش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانی سێیەم سمبولە نیشتمانییەکان لەم بوارەدا ڕۆڵ دەبینن، بۆیە لەم قۆناغەدا مەشروعییەتی شۆڕشگێڕی لەگەڵ دامەزراوەیی دیموکراسی جۆرە تێکەڵییەک بەخۆیەوە دەبینێت و بینیویانە و دەبێت لەسەر ئەم بنەمایە سەیری مەسەلەی سەرۆکایەتی هەرێم بکرێت و تەنها پشت بە چەقبەستوویی یاسایی نەبەسترێت**

***پسپۆر لە ئاسایشی نەتەوەیی ئەنستیتیۆتی دراساتی نیشتیمانی**

## پرۆفیسۆر تۆزان بەهچلی

### تایبەتمەند لەسەر سیاسەتی تورکیا و کوردستان بۆ گوڵان:

# واشنتۆن دەزانێت کوردستان دەیەوێت سەربەخۆیی رابگەیەنێت و لەناو کۆنگرێسیشدا پشتیوانییەکی گەورە بۆ ئەم پرسە هەیە



**پرۆفیسۆر تۆزان بەهچلی ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی رۆژئاوای ئۆنتاریۆ لە کەندا و یەکێکە لەو توێژەرانەی کە بۆ لێکۆڵینەوەکانی سەردانی مەیدانی ئەو ناوچانە دەکات کە توێژینەوەیان لەسەر دەکات. هەربۆیە چەندین جار بۆ توێژینەوە لەسەر پرسی کورد سەردانی هەرێمی کوردستانی کردووە و دیدار و دیمانەی لەگەڵ تێکرای حزبەکانی کوردستان کردووە. پرۆفیسۆر بەهچلی چەندین جار وتاری تایبەتی بۆ گوڵان نووسیوە، بەڵام ئەمجارەیان سەبارەت بە رەوشی ئێستای عێراق و هەنگاوەکانی کوردستان بەرەو سەربەخۆیی، چەند پرسیارێکمان ئاراستە کردو بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە.**

*** لەدوای کەوتنی رومادی کە داعش داگیری کرد، هەست دەکرێت پێشوەختە پرسی عێراق بۆتە یەکێك لە بابەتە گەرمەکانی هەڵبژاردنی داهاتووی ئەمریکا. ئایا تا چ ڕاددەیەك ئایندەی عێراق کاریگەری لەسەر ئایندەی سەرۆکایەتی ئەمریکا دەبێت؟**

- ئەگەری ئەوە لە ئارادا نییە عێراق کاریگەرییەکی گەورەی هەبێت لەسەر ئەو ماوەیەی کە ئیدارەی ئۆباما ماویەتی لە دەسەڵاتدا، یاخود لەسەر هەڵمەتی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتییەکان، تەنها ئەو کاتە نەبێت کە داعش پێشڕەوی زیاتر بکات لەو وڵاتەدا. ئەگەرچی ئۆباما کەوتۆتە بەر نەشتەری رەخنەی کۆمارییەکان، بەڵام ژمارەیەکی کەمی ڕکابەرەکانی سیاسەتەکەی پێچەوانە دەکەنەوە و هێزی زەمینی لە عێراق، یان سووریا بڵاو دەکەنەوە، تەنها ژمارەیەکی کەمی راوێژکار نەبێت، کە ئەوانیش حاڵی حازر رەوانە کراون.

*** بەرپرسانی ئیدارەی ئەمەریکا باس لەوە دەکەن کە بارودۆخی عێراق لە سووریا جیاوازە، لەبەر ئەوەی لە عێراقدا حکومەتێکی خاوەن شەرعییەت هەیە، بەڵام لە ڕاستیدا حکومەتی شەرعیی عێراقیش توانای کۆنترۆڵکردنی بارودۆخی بەغدای نییە، ئایا چۆن لەم بۆچوونەی ئیدارەی ئەمریکا دەربارەی شەرعییەتی حکومەتی بەغدا دەڕوانن؟**

- باوەڕم وایە دەکرێت مشت و مڕی ئەوە بکرێت کە حکومەتی عێراقی حکومەتێکی شەرعییە، تەنانەت ئەگەرچی زۆرێك لە سوننەکان و کوردیش تەحەددای ئەو شەرعییەتە دەکەن. چەندین جیاوازی گەورە هەیە لە نێوان سووریا و عێراقدا. ئەمریکا بەڵێنی لابردنی رژێمەکەی ئەسەدی دا، ئەگەرچی شێلگیرانە نەکەوتۆتە شوێن ئەو ئامانجە لە دوای دەرکەوتنی داعشەوە وەك هەڕەشەیەکی گەورە. لەهەمان کاتدا ئیدارەی ئۆباما تەواو هۆشیارە بە لاوازییەکانی حکومەتی عێراقی کە لەلایەن حەیدەر عەببادی -یەوە سەرۆکایەتی دەکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا ئەمریکا بێ ئومێد نەبووە لەوەی بتوانێت بە جۆرێك لە جۆرەکان دڵسۆزی دانیشتووانی سوننە بەدەست بێنێتەوە. واشنتۆن ئەو ڕاستییە دەزانێت کە ڕەنگە کورد جاڕی سەربەخۆیی بدەن، بەڵام هەوڵێکی بەهێز

دەدات بۆ ساردکردنەوەی هەرێمی کوردستان، تاوەکو ئەم هەنگاوە هەڵنەگرێت، لەبەر ئەوەی خوازیاری سەرهەڵدانی ئاڵۆزییەکی گەورەی دیکە نییە لە ناوچەکەدا.

***ئیدارەی ئەمریکا چاوپۆشی کرد لە سیاسەتە تایفەگەری و خۆسەپێنەکانی سەرۆك وەزیرانی پێشووی عێراق کە نوری مالیکی پیادەی دەکرد، بە بۆچوونی ئێوە ئایا ئەمە هۆکاری ئەوە نەبوو کە چەند شارێکی گەورە بکەوێتە دەستی داعش؟ هەروەها ئایا سیاسەتی ئێستای ئۆباما لە عێراقدا نەبۆتە هۆی ئەوەی ئەو وڵاتە بکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی ئێرانەوە؟**

- بەڵێ ئەوە ڕاستە کە ئیدارەی ئۆباما بۆ ماوەیەکی زۆر چاوپۆشی لە مالیکی کرد، دەرئەنجامەکەش بریتی بوو لەوەی بەشێکی زۆری دانیشتووانی سوننە متمانەیان بە حکومەتەکەی بەغدا لە دەست دا، ئەو حکومەتەی شیعەکان زاڵن بەسەریدا. لەوەش زیاتر، دەکرێت مشت و مڕی ئەوەش بکەین کە کشانەوەی خێرای ئۆباما لە عێراق ڕێگەی خۆش کرد بۆ ئەوەی داعش بێت و ئەو بۆشاییە پڕ بکاتەوە. ئەوەی پەیوەست بێت بە بواردان بە ئێران بۆ ئەوەی عێراق کۆنترۆڵ بکات، ئەوەی دەتوانین بە دڵنیاییەوە بیڵێین ئەوەیە کە ئێران کاریگەرییەکی گەورەی هەیە لە بەشە شیعەکەی عێراقدا، بەڵام نەك لە ناوچە سوننەنشینەکان، یان هەرێمی کوردستان. ناکرێت ئۆباڵی ئەم دۆخەش بخرێتە ئەستۆی ئیدارەی ئۆباما، بەڵکو بەرپرسیارێتییە دەکەوێتە سەر شانی ئیدارەی جۆرج بۆش کە لە ساڵی ٢٠٠٣دا عێراقی داگیر کرد و ئەو داگیرکارییەش بە چارەنووسێکی خراپ کۆتایی هات.

***ئاشکرایە کە نزیکترین هاوپەیمانەکانی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بریتین لە تورکیا و سعودیە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەمریکا سیاسەتێکی ڕوونی نییە بۆ تێکشکاندنی داعش، ئەوا لە دەرئەنجامدا ئەم هاوپەیمانانە —سعودیە و تورکیا- دەستیان داوەتە پشتیوانیکردنی داعش و بەرەی ئەلنوسرە، ئایا دروستبوونی ئەم دۆخە بە شکشتی دیبلۆماسیەتی ئەمریکا نازانیت؟**

- باوەڕم وانییە هەردوو حکومەتی تورکیا و سعودیە بە ئاشکرا پشتیوانی داعش بکەن، بەڵام مەسەلەکە کەمتر ڕوونە بەلای منەوە لە پێوەندی بە هەڵوێستی سعودیە لە ئاست بەرەی ئەلنوسرەدا. بە دەگمەن پشتیوانییەك، یان هاوسۆزییەك بەدی دەکرێت بۆ هەڵوێستی توندڕەوانەی داعش، یان بەرەی ئەلنوسرە لە نێو ڕای گشتی تورکیا، یان حکومەتی تورکیادا. هەرچۆنێك بێت، ئەنقەرە بەهۆی پەرۆشییەوە بۆ ڕووخاندنی ڕژێمەکەی ئەسەد، چاوی داخستووە لە ئاست جیهادییە جۆراوجۆرەکاندا لەوەی لە ڕێی سنووری تورکیاوە بچنە نێو خاکی سووریا.

بە پێچەوانەی تورکیا، هاوسۆزییەکی بەربڵاو هەیە لە سعودیە بۆ داعش، یان بەرەی نوسرە. ئەوەی شایەنی ئاماژە پێکردنە ئەوەیە کە ئایدیۆلۆژیای داعش هەمان ئایدیۆلۆژیای وەهابیزمی عەرەبستانی سعودیەیە. بەڵام داعش بەرهەڵستی خۆی بۆ ڕژێمی سعودیە ڕاگەیاندووە، لەبەر ئەم هۆکارەشە کە حوکمڕانەکانی سعودیە لێی دەترسن و بەرهەڵستی دەکەن.

***سیاسەتێکی دیکەی ئەمریکا کە هاوپەیمانەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نیگەران و ناڕەحەت کردووە، بریتییە لە چۆنیەتی مامەڵەکردنی لەگەڵ بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێراندا. ئەمەش وایکردووە ئەمریکا چاو دابخات لە ئاست هەڵسوکەوتەکانی ئێران لە عێراق و سووریا و باشووری لوبنان و یەمەن -دا. ئایا ئەمە نابێتەهۆی شەڕێکی خوێناوی ناوچەیی لە نێوان گرووپە تایفەگەرییەکانی سوننە و شیعەدا؟**

- پشتیوانی ئێران بۆ شیعەکانی عێراق و ڕژێمی عەلەوی ئەسەد بۆتە هۆی قووڵبونەوەی دابەشبوونی شیعە و سوننە. هەرچۆنێك بێت، زۆرێك لە ڕژێمە عەرەبییەکان بە چەشنی ڕژێمی عەرەبستانی سعودیە و یەمەن و بەحرەین پتر خەتابارن بە قووڵکردنەوەی دابەشبوونی شیعە و سوننەکان لە ڕێی جیاکاری کردنەوە لە دژی کەمینەی شیعەی نیشتەجێی وڵاتەکانیان.

***نوێترین و نزیکترین هاوپەیمانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا نەتەوەی کوردە، بەڵام ئەمریکا وەك پێویست پشتیوانییان ناکات. بە بۆچونی ئێوە ئەگەر ئەمریکا پشتیوانی کورد بکات بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان، ئایا تا چ ڕادەیەك ئەمە دەبێتە هۆی دەوباره ڕێکخستنەوەی سیاسەت و ستراتیژیەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا؟**

- لە واشنتۆن هاوسۆزییەکی زۆر هەیە بۆ کوردی عێراق، بەتایبەتی لە ناو کۆنگرێسدا، هەروەها سیاسییەکانی ئەمریکا پشتیوانییەکی بەرچاویان هەیە بۆ سەربەخۆبوونی کورد لە عێراقدا. هەرچۆنێك بێت، واشنتۆن نیگەرانە لە کاردانەوەی پێچەوانەی ئێران و تورکیا. لەم ڕوانگەیەوە راسپاردەی ئەمریکا بۆ هەرێمی کوردستان ئەوەیە پەنا بۆ جاڕدانی سەربەخۆیی نەبات، بۆ ئەوەی قەیرانێکی دیکە نەخوڵقێنێت بۆ ئەمریکا کە ناچار بێت لە سایەی ئەم هەلومەرجەی ئێستادا ڕووبەڕووی بێتەوە وەك هەر پرۆسەیەك بۆ دووبارە نەخشەکێشانەوەی سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، یاخود دەتوانین تا ڕادەی دڵنیایی بڵێین لە هەر شوێنێکی دیکە- دەبێتەهۆی بەرپابوونی توندوتیژی لەسەر ئاستێکی بەربڵاو. هەر لەبەر ئەم هۆکارەشە کە ئەمریکا و هێزە گەورەکانی دیکە نیگەرانن لە دووبارە داڕشتنەوەی ئەو سنوورانە.


**پشتیوانی ئێران بۆ شیعەکانی عێراق و ڕژێمی عەلەوی ئەسەد بۆتە هۆی قووڵبوونەوەی دابەشبوونی شیعە و سوننە**

**ئەنقەرە بەهۆی پەرۆشییەوە بۆ ڕووخاندنی ڕژێمەکەی ئەسەد، چاوی داخستووە لە ئاست جیهادییە جۆراوجۆرەکاندا لەوەی لە ڕێی سنووری تورکیاوە بچنە نێو خاکی سووریا**

**ئۆباما بۆ ماوەیەکی زۆر چاوپۆشی لە مالیکی کرد، دەرئەنجامەکەش بریتی بوو لەوەی بەشێکی زۆری دانیشتووانی سوننە متمانەیان بە حکومەتەکەی بەغدا لە دەست دا**




# کوردستان
# سیاسەتی ئابووری و دەستوور



د. بێوار خنسی

## حکومەتی هەرێمی کوردستان
## لە بەردەم بڕیارێکی قورسدا




ئەحمەد حاجی ڕەشید

## کوردستان ناچارە نەوتی خۆی
## بفرۆشێت و داهات بۆخۆی پەیدا بکات



د. حوسێن تۆفیق فەیزوڵڵا

## بنەما ئابوورییەکان لە پرۆژەی
## دەستووری هەرێمی کوردستاندا



د. ئەنوەر بەرزنجی

## دەستوورێک بۆ دابەشکردنی دەسەڵات و
## سامان لە کوردستاندا

# حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەردەم بڕیارێکی قورسدا



دکتۆر بێوار خنسی*

تایبەت بۆ گوڵان ئامادەی کردووە

حکومەتی هەرێمی کوردستان دووپاتی دەکاتەوە کە بێ گەڕانەوە بۆ بەغدا راستەوخۆ نەوت لە هەرێمەوە دەفرۆشێت، بە هۆی پابەندنەبوونی بەغدا بە رێککەوتننامەی نێوان هەردوو لا بۆیە ناچاردەبێت بڕیاری (سەربەخۆیی ئابووری) بگرێتەبەر لە سایەی ئەو هەلومەرجە سەختە کە بریتییە لە: رێزنەگرتنی بەغدا لە پرەنسیپی دواڕێککەوتنی نێوان هەولێر و بەغدا سەبارەت بە هەناردەکردنی پشک و قووتی هەرێم بە شێوەیەکی رێکوپێک بۆ هەولێر، واتە کەمتر لە نیوەی پارەی پێویست بۆ هەولێر رەوانە دەکات.



شەش مانگ زیاتر بە سەر ڕێکەوتننامەکەی ئەم دواییەی نێوان بەغدا و هەولێر تێدەپەڕێت، دەربارەی زەمانەتی پابەندبوونی حکومەتی فیدراڵ بە ناردنی پشکی هەرێمی کوردستان کە دەکاتە ١٧٪ی بودجەی عێراقی فیدراڵ، بە شێوەیەك کە کۆی ئەو بڕە پارەیەی لە ماوەی پێنج مانگدا بە شێوەیەکی ناڕێك ڕەوانە کراوە، دەگاتە (٢,٢٩٨ ترلیۆن دینار)، لە کاتێکدا پشکی هەرێم لەم ماوەیەدا دەبوایە (٦,١٧٣ ترلیۆن دینار )بێت، واتا پشکی هەرێم مانگانە بە نزیکەی ١,٢٣٠ ترلیۆن دینار مەزەندە دەکرێت بەپێی بودجەی ساڵی ٢١٠٥ی عێراق، بۆیە دەکرێ بڵێین کە حکومەتی فیدراڵ پشکی هەرێمی بە تێکڕای ٤٦٠ ملیار دینار بۆ هەر مانگێك لەو پێنج مانگانە ناردووە، کە ئەمەش دەکاتە ٤٥٪ی پشکی هەرێم کە تەنیا ٥٦٪ی مووچەی مانگانەی فەرمانبەرانی هەرێمی پێ دابین دەکرێت کە مانگانە بە ٨٥٠ ملیار دینار دەخەمڵێندرێت.

### ■ ناکۆکییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا سەبارەت بە نەوت و پشکی هەرێم لە بودجەی ساڵی ٢٠١٥ی عێراق

١. چەمکی پشکی هەرێم ١٧٪ی بودجەی عێراق، دوای بڕینی ٣٠٪ی (پشکی سیادیی حاکیمە) لە داهاتی مانگانەی فرۆشی نەوت بە بێ هیچ ڕەچاوکردنێکی حکومەتی هەرێم وەك شەریك لە پشکی سیادی جێبەجێ دەکرێت، بۆ نموونە ئەگەر داهاتی مانگانەی عێراق لە فرۆشی نەوت و لەوانەش نەوتی کوردستان بە بڕی ٤ ملیار دینار بخەمڵێندرێت و بڕی ٣٠٪ی سیادیی لێ ببڕدرێت کە ١,٢ ملیار دۆلارە و دەمێنێتەوە ٢,٨ ملیار دۆلار، ئەوا پشکی هەرێم لە پارەی ماوە کە ١٧٪ـە دەکاتە ٤٨٠ ملیۆن دۆلار، بە مەرجێك کە حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕۆژانە ٥٥٠ هەزار بەرمیل نەوت ڕادەستی کۆمپانیای سۆمۆ بکات، بۆیە هەر کەمییەك لەو بڕە بە هەمان ڕێژە لە پشکی هەرێم دەبڕدرێت، بەڵام لە حاڵەتێکدا کە بەغدا نەیتوانی کەمتر لە ٢,٧٥٠ هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا

■

**هاندان و بەگەڕخستنی هۆیەکانی ڕاگەیاندن و میدیا بۆ گرنگیدان بە بەرهەمەکانی هەرێمی کوردستان لەجیاتی بڵاوکردنەوەی ڕیکلام بۆ بەرهەمە بیانییەکان**

**بەرهەمەکانی هەرێمی کوردستان بە هەموو جۆرەکانیەوە ناتوانن کێبڕکێ لەگەڵ بەرهەمەکانی دەوڵەتانی دەوروبەری هەرێمدا بکەن، مەگەر بە دەرکردنی چەند بڕیارێکی بەهێز بۆ ڕێگەگرتن لەو کاڵایانەی هاوردەی هەرێم دەکرێن**

**پێویستە بەرزبوونەوەی بەرهەمی نەوت لە کوردستان هاوکات بێت لەگەڵ کاری جیددی لە دامەزراندنی دامەزراوە دەستوورییەکان کە ناو و ئەرکەکانیان لە یاسای ژمارە ٢٢ی ساڵی ٢٠٠٧ی نەوت دەستنیشان کراوە**

**لەسەر حکومەتی هەرێم پێویستە بودجەی تەرخانکراو بۆ کشتوکاڵ بەرزبکاتەوە کە لە میانی دە ساڵی رابردوودا لە ١,٨٪ بودجەی هەرێم تێنەپەڕیوە، ئەمەش بۆ پاڵپشتیکردن و پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ لە هەرێمدا**

هەنارده بکات، ئەوا کاریگەریی نابێت بۆ سەر پشکی حکومەتی فیدراڵ، بە شێوەیەك کە بڕی هەناردەی بەغدا لە سێ مانگی یەکەمی ئەم ساڵ نەگەیشتۆتە ئاستی هەنارده کە ٢,٧٥٠ ملیۆن بەرمیل دەبێت لە رۆژێکدا، لە کاێکدا کە نرخی یەك بەرمیل نەوت لە نێوان ٤٠-٥٠ دۆلار بووە، ئەمەش بووە هۆی زیاتر قووڵکردنەوەی قەیرانی دارایی لە عێراق لە سایەی خراپ بەڕێوەبردن و گەندەڵی و دابەشکردنی نادادپەروەرانە و نارێکیی داهاتی مانگانەی عێراق بە سەر هەموو پارێزگاکان، لەوانەش هەرێمی کوردستان.

٢. سەرهەڵدانی ناکۆکیی بەرچاو دەربارەی پرسی هەناردەکردنی نەوت لە پارێزگای کەرکووکەوە) لە نێوان ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك و حکومەتی فیدراڵ، هەروەها بێبەشکردنی پارێزگاکە لە مافەکانی (بودجەی پارێزگاو پشکی پترۆدۆلار)، رەنگە ئەمە بگاتە ئەوەی کە داوا بۆ دادگای فیدراڵی بەرزبکرێتەوە، ئەمە وێڕای هەندێ ئاماژە بۆ ئەوەی کە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرپشك بکات بە فرۆشتنی راستەوخۆی نەوت لە پارێزگاکە لە بەرامبەر دابینکردنی بودجەی پارێزگاکە و پشکی ئەو پارێزگایە لە پترۆدۆلار لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، لە کاتێکدا ئەوە هێزی پێشمەرگەیە کە پارێزگای کەرکووك و دامەزراوە نەوتییەکانی ئەو پارێزگایە لە تیرۆریستان دەپارێزێت، ئەگەر نا، ئەوا چارەنووسی ئەو پارێزگایەش وەك پارێزگاکانی دیکە (سەلاحەدین و نەینەوا و ئەنبار) دەکەوتە ژێر کۆنترۆڵی تیرۆریستان.

٣. پابەندبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە رادەستکردنی گەورەترین بڕە نەوت لە مانگی ئایار بۆ کۆمپانیای سۆمۆ کە بە نزیکەی١٣٩١٥٥٤٩ بەرمیل مەزەندە دەکرێت، واتا بە تێکڕایی ٤٤٨٨٨٩ بەرمیل لە رۆژێکدا کە ئەمەش بەرامبەر( ٨٣٤ ملیۆن دۆلار)ە، بەداخەوە بەغدا پشکی هەرێمی بە نزیکەی ٤٨٨ ملیار دینار رەوانە کرد، ئەمەش لە نیوەی داهاتی فرۆشی ئەو نەوتەی هەرێم کەمترە.

جا بەهۆی پابەندنەبوونی بەغدا بە ناردنی پشکی مانگی ئایاری هەرێم لە بودجە، حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری دا رادەستکردنی بڕی نەوت بۆ کۆمپانیای سۆمۆ کەم بکاتەوە، واتا بڕی ٤٤٩٣٣٣٣ بەرمیل لە مانگی حوزەیران بە تێکڕای ١٤٩٧٧٧ بەرمیل لە رۆژێکدا لە جیاتی ٤٤٨٨٩٨٩ بەرمیل لە مانگی مایس رادەستکرا.

٤. ناکۆکییەکان دەربارەی (ژمارەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان)، ژمارەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان لە بەغدا بە ٦٨٢ هەزار فەرمانبەر مەزەندە دەکرێت بە پێی لێدوانەکانی پەرلەمانتارانی کورد لە پەرلەمانی بەغدا، لەکاتێکدا کە ژمارەی فەرمانبەرانی هەرێم لە هەولێر بە ١,٦٨٠ملیۆن فەرمانبەر مەزەندە دەکرێت. جیاوازیی نیوان ئەو دوو ژمارەیە نزیکەی ملیۆنێکە، بۆیە ئەندامێکی ئەنجومەنی نوێنەرانی بەغدا بانگەشەی ئەوە دەکات کە بەغدا پشکی هەرێم لە مووچەی فەرمانبەران بەو ژمارەیە کە هەیە بنێرێت کە دەکاتە (٦٨٢ هەزار فەرمانبەر)، لەبەر ئەوە بەغدا دەڵێت کە بڕی ٥٤٠ ملیار دینار بەسە بۆ مووچەی فەرمانبەران، لە کاتێکدا کە حکومەتی هەرێمی کوردستان دووپاتی دەکاتەوە کە لە ماوەی پێنج مانگی یەکەمی ئەم ساڵدا بڕی (٤٨٨،٥٣٤،٥٢٧،٤٩٠،٢٥٠) ملیار دیناری بۆ هاتووە، لە کاتێکدا کە مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم مانگانە نزیکەی ٨٥٠ ملیار دینارە، بۆیە ئەو پارەیەی کە لە بەغداوە دەنێردرێت ٥٦٪ی مووچەی فەرمانبەرانی پێ دابین دەکرێت.

٥. نەمانی متمانە لە نێوان هەردوولا لە بەڕێوەبردنی کەرتی نەوت بە شێوەیەکی گشتی و لە فرۆشتنی نەوت بە شێوەیەکی تایبەتی لەلایەن کۆمپانیای سۆمۆوە و بە ئامادەنەبوونی نوێنەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کۆمپانیای سۆمۆ، هەتا بە شێوەی چاودێر بۆ دڵنیابوون لەو بڕە نەوتەی کە حکومەتی هەرێم رادەستی سۆمۆی دەکات، جا بۆ مسۆگەری لەمەدا، وەزارەتی سامانە سروشتییەکان لە هەولێر رایگەیاند کە ١٦ملیۆن و ٣٠٠هەزار بەرمیل نەوتی لە مانگی ئایار رادەستی سۆمۆ کردووە، لە کاتێکدا بەغدا (کۆمپانیا سۆمۆ) رایدەگەیەنێت کە ١٥ ملیۆن و ٣٠٠ هەزار بەرمیلی لە حکومەتی هەرێم وەرگرتووە، ئەمەش مانای وایە کە کەمیی یان جیاوازی هەیە لە ژمارەکان بە یەك ملیۆن بەرمیل، ئەمەش دەکاتە بەهای ٥٠—٥٥ملیۆن دۆلار.

٦. بارودۆخی ئەمنی و دابەزینی نرخی نەوت رەنگدانەوەی هەبوو بۆ سەر چالاکیی کۆمپانیا بیانییەکان لە ناوەڕاست و باشووری عێراقدا، وێڕای دواکەوتنی پێدانی شایستەکانی کۆمپانیای نەوت. بەڵام رەوشی هەرێمی کوردستان و ناوچە دابڕێنراوەکان(١٤٤)، هەروەها قایل نەبوونی حکومەتی فیدراڵ لە پێدانی شایستەکانی کۆمپانیا نەوتییەکان کە لە هەرێم کاردەکەن مەترسیی راستەوخۆی هەیە بۆ سەر ئاستی بەرهەم لە عێراق و لە هەرێمی کوردستاندا، بۆیە لە حاڵەتی دەستەبەرنەبوونی ئاسایش و سەقامگیری و بنەماکانی چالاکییە نەوتییەکان و پێشکەشکردنی شایستەکان دەبێتە هۆی راگرتنی کارو دابەزینی بڕی بەرهەم، هەروەها بارگرانیی گەورە دەکەوێتە سەر شانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە

هـــۆی دواکەوتنی پێدانی شایســـتەکانی ئەو کۆمپانیییانە و قەیرانـــی دارایی کـــە رووبـــەڕووی حکومەتی هەرێم دەبێتەوە، ســـەرباری دابینکردنی ئاسایش و سەقامگیری لـــە زۆربەی ئەو ناوچانەی کە کۆمپانیاکانی نەوت کاری تێـــدا دەکەن، جگە لەو ناوچانەی نزیکن لە تیرۆریســـتان، بۆیە حکومەتی هەرێمی کوردســـتان هەوڵدەدات بە هەموو توانایـــەك بەردەوامیـــی بداتە چالاکییەکانـــی نەوت لە هەرێمی کوردستان و دابینکردنی ئاسایش و سەقامگیری لەو ناوچەیەدا لە رێگەی پاراستنی بە هێزی پێشمەرگە و ئاسایش و هاووڵاتیانی هەرێم دژ بە هێزەکانی داعش.

## ■ بڕیارە قورسەکە

حکومەتی هەرێمـــی کوردســـتان ناچاردەبێت بڕیاری (ســـەربەخۆیی ئابـــووری) بگرێتەبـــەر لە ســـایەی ئەو هەلومەرجە سەختە کە بریتییە لە: ١- رێزنەگرتنی بەغدا لە پرەنسیپی دوارێککەوتنی نێوان هەولێر و بەغدا سەبارەت بـــە هەناردەکردنی پشـــك و قووتی هەرێم بە شـــێوەیەکی رێکوپێك بۆ هەولێر، واتە کەمتر لە نیوەی پارەی پێویست بۆ هەولێر رەوانەدەکات. ٢- شەڕی دژ بە تیرۆر و فراوانبوونی ئاستی هەڕەشەی تیرۆر بە داگیرکردنی رووبەرێکی زۆری پارێـــزگاکان، بۆیە ئەگەر هـــەوڵ و ئازایەتیی هێزەکانی پێشمەرگەو پشـــتیوانیی میللی و نێودەوڵەتی نەبوایە ئەوا چارەنووســـی کەرکووك و دیالە و بەشی رۆژئاوای ناوچە کوردییەکان(لە نێوان زومار و شنگال) دەکەوتنە ژێر دەستی داعش. ٣- قەبارەی کۆچبەر و ئاوارەکان کە کاریگەرییان کردۆتە ســـەر ئابووریی حکومەتی هەرێـــم. ٤- دواتر ( شـــەڕی نرخی نەوت) کە مەترســـی و هەڕەشەیە بۆ سەر دەوڵەتانـــی هەناردەکاری نەوت، بەتایبەتیش کە پشـــت بە زیاتر لە ٩٠٪ ی داهاتی فرۆشی نەوتی عێراق و هەرێمی کوردســـتان دەبەســـتن. ٥- ســـەرهەڵدانی ناکۆکیی نێوان کوتلەکانی پەرلەمانی کوردستان سەبارەت بە چەند پرسێك لەوانە دەســـتووری هەرێمی کوردســـتان و دەسەڵاتەکانی ســـەرۆکی هەرێم. ٦- زێدەبوونی کۆچبەرانی لاو لە هەرێم بەرەو دەرەوە. ٧- نەبوونی زۆربەی بنەماکانی خودبژێویی لە ئاسایشـــی خـــۆراك و دواتری ئاسایشـــی نەتەوەیی و نیشتمانی.

## ■ سەربەخۆیی ئابووری

حکومەتی هەرێمی کوردستان دووپاتی دەکاتەوە کە بێ گەڕانەوە بۆ بەغدا راستەوخۆ نەوت لە هەرێمەوە دەفرۆشێت، بە هۆی پابەندنەبوونی بەغـــدا بە رێککەوتننامەی نێوان هەردوو لا. بۆیە لە مانگی حوزەیراندا ئاستی هەناردەکردن بـــۆ ٥٧١ هەزار بەرمیـــل لە رۆژێکـــدا بەرزبۆوە لەگەڵ بەرزبوونەوەی نرخی نەوت ٦٠-٧٠ دۆلار لەگەڵ کۆتایی ســـاڵی ٢٠١٥، هەروەها بەرزبوونەوەی ئاســـتی بەرهەم و هەنارده لە هەرێم بۆ نزیکەی یەك ملیۆن بەرمیل لە گەڵ کۆتایی ساڵی ٢٠١٥ و سەرەتای ساڵی ٢٠١٦.

ئەگـــەر حکومەتی هەرێـــم لە رۆژێکـــدا ٥٥٠ هەزار بەرمیل بفرۆشـــێت بە نرخی ئێستا کە ٦٠ دۆلارە بۆ هەر بەرمیلێـــك، ئەوا حکومەتی هەرێمی کوردســـتان دەتوانێ ٣٣ملیـــۆن دۆلار لە رۆژێکدا و بڕی ٩٩٠ملیۆن دۆلار لە مانگێکدا بەدەست بێنێت. هەروەها ئەگەر٢٠٪ی ئەو پارەیە بداتە کۆمپانیاکانی نەوت (شایســـتەکانی خزمەتگوزاریی کۆمپانیاکانی نـــەوت) ئەوا حکومەتـــی هەرێم مانگانە بڕی ٧٩٢ ملیـــۆن دۆلار وەردەگرێت، هەرێمیش مانگانە پێویســـتیی بە نزیکەی ٧١٠-٧٢٠ ملیۆن دۆلار هەیە بۆ مووچەی فەرمانبەران، لێـــرەوە حکومەتی هەرێم دەتوانێ بەلای کـــەم مووچـــەی فەرمانبەران بـــە هەوڵی خۆی دەســـتەبەربکات. حکومەتی هەرێمی کوردستان پەنادەباتە بەر ئەو بڕیارە دوای ســـەردانی چاوەڕوانکراوی شـــاندی حکومەتی هەرێم بۆ بەغدا، چونکە هەولێر ســـوورە لەسەر گرتنەبەری شـــێوازی گفتوگۆی بەردەوام و پەنابردن بۆ دەســـتوور لە چارەسەرکردنی کێشـــەکان لە نێوان هەولێر و بەغدا تا کۆتایی ماوەی ئـــەو رێککەوتننامەیەی دوایی نێوان هـــەردوولا کە لە کۆتایی ســـاڵی ٢٠١٥ ئەویش بە کۆتادێت.

## ■ بڕیاردانی سەربەخۆیی ئابووری پێویستیی بە دانایی هەیە

وەرگرتنی بڕیاری ســـەربەخۆیی ئابووریی راســـتەوخۆ بەندە بە بنەماکانی(خودبژێـــوی)ی حکومەتی هەرێمی کوردســـتان لە زۆربەی بنەما ســـەرەکی و پێویستییەکان و بەکارهێنانـــی ئەو بنەمایانە لە بنیادنـــان و پەرەپێدانی ئابووریی نەتەوەیی و نیشـــتمانی بـــە پێی پلانی دانراو و واقعبینانە کـــە ئەنجامەکانی بەردەوامـــی و پەرەپێدانی ســـەقامگیری و ئاسایش و پاراستن لە هەرێمی کوردستان مسۆگەر دەکات، وەك پێشەکییەك لە دابینکردنی ئاسایشی ئابووریی کە بریتییە لە (وزە، کارەبا، ئاسایشـــی خۆراك، ئاسایشی ئاو، ئاسایشی تەندروستی و ژینگەیی. تاد.).

لێـــرەدا چەندین پرســـیاری راســـتەوخۆ دەخرێتە بەردەم هەموومان بە شێوەیەکی گشتی و پێوەندیداران بەو پرسە بە شێوەیەکی تایبەتی بۆ کارکردنی جیدی لە دەستەبەرکردن و بەهێزکردنـــی بنەماکانـــی راگەیاندنی ســـەربەخۆیی ئابـــووری. لێرەدا بابەتەکە لە چەنـــد نموونەیەکدا تایبەت دەکەین کە دیارترین بنەمای ئابوورین و بۆ ئامادەســـازیی و فەراهەمکردنـــی بنەماکانی راگەیاندنی ســـەربەخۆیی ئابووری لە هەرێمی کوردستان دەخرێنە گەڕ.

١. هەرێمی کوردســـتان رۆژانە پێویســـتی بە نزیکەی ٦,٥٦ ملیـــۆن لیتر بەنزین هەیە، لـــە کاتێکدا کە توانای

■ **لەسەر حکومەتی هەرێم پێویستە بودجەی تەرخانکراو بۆ کشتوکاڵ بەرزبکاتەوە کە لە میانی دە ساڵی رابردوودا لە ١,٨٪ بودجەی هەرێم تێنەپەڕیوە، ئەمەش بۆ پاڵپشتیکردن و پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ لە هەرێمدا**

■ **هەرێمی کوردستان پێویستی بە نزیکەی ٨٠ هەزار تەن پەتاتە هەیە (بۆ پێویستی خۆی) و کەرتی تایبەتیش لە جووتیارانی دەشتی ئاکرێ و شێخان و بە پشتیوانیی شارەزایی هۆڵەندی لەم بوارەدا توانیویەتی ١٣٠هەزار تەن پەتاتە لە ساڵی ٢٠١٥ بەرهەم بهێنێ، واتا بە نزیکەی ٥٠ هەزار تەن زیاد لە پێویستیی بازاڕ، بۆیە رەوانەی دەرەوەش کرا**

■ **هەرێمی کوردستان رۆژانە پێویستی بە نزیکەی ٦,٥٦ ملیۆن لیتر بەنزین هەیە، لە کاتێکدا کە توانای پاڵاوتگەکانی هەرێم رۆژانە نزیکەی ٣,٢ ملیۆن لیتر بەنزینە**

**ئەگەر هەوڵ و ئازایەتیی هێزەکانی پێشمەرگەو پشتیوانیی میللی و نێودەوڵەتی نەبوایە ئەوا چارەنووسی کەرکووک و دیالە و بەشی ڕۆژئاوای ناوچە کوردییەکان(لە نێوان زومار و شنگال) دەکەوتنە ژێر دەستی داعش**

**بەهۆی پابەندنەبوونی بەغدا بە ناردنی پشکی مانگی ئایاری هەرێم لە بودجە، حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری دا ڕادەستکردنی بڕی نەوت بۆ کۆمپانیای سۆمۆ کەم بکاتەوە**

پاڵاوتگەکانی هەرێم ڕۆژانە نزیکەی ٣,٢ ملیۆن لیتر بەنزینە، بۆیە زەحمەتە پشت بە دەرەوە ببەسترێت لە دابینکردنی بەنزین، سەرباری پێویستیی هەرێم بەلای کەم بە کۆگا و عەمباری یەدەگ بۆ بەنزین بە بڕی (٩٠ ملیۆن لیتر) بۆ ئەوەی لەکاتی پێویستدا بەکاربهێندرێن.

٢. دابینکردنی غاز بۆ ژیانی ڕۆژانە، ئەگەر پارێزگای دهۆك وەك نموونەی پارێزگاکانی دیکە وەربگرین کە ڕۆژانە نزیکەی ١٠ هەزار بوتڵە غاز بەرهەمدێنێ و بەردەوام غاز بۆ پارێزگایەکە دابین دەکات، بەرهەمی ئێستا پێویستیی پارێزگاکە پڕدەکاتەوە.

٣. لە دهۆك نزیکەی ٢٢٧ کێڵگەی پەلەوەر هەیە، بەرهەمەکەی بەشی بازاڕی پارێزگاکە دەکات، لە پاڵ بوونی ٩ کارگەی هێلکە و هەڵهێنەر، ئەگەر سیستەم و یاسای بۆ دابینبکرێ و پاڵپشتیی لە بەرهەمی نیشتمانیی هەرێمی کوردستان بکرێت.

٤. هەرێمی کوردستان ساڵانە پێویستی بە نزیکەی ٧٢٠ هەزار تەن گەنم هەیە، لە ساڵی ٢٠١٢ ئاستی بەرهەمی گەنم لە پارێزگای دهۆك لە ٢١٢ هەزار تەن بۆ ٢٨٢ هەزار تەن لە ساڵی ٢٠١٥ بەرزبۆوە، زانراویشە کە گەنم لە سایلۆکانی دهۆك کۆدەکرێتەوەو حکومەتی بەغدا هەڵسوکەوتی پێ دەکات لەسەر بنەمای ئەوەی کە وەزارەتی بازرگانی لە بەغدا پارەی گەنمەکە دەداتە جووتیاران لەبەرامبەر گواستنەوەو دابەشکردنی گەنم بەسەر پارێزگاکانی عێراقدا، بە شێوەیەك کە پارەی گەنمی ساڵی ٢٠١٤ی جووتیاران لە کوردستان تا ئێستاش نەدراوە و حکومەتیش گەنمی ساڵی ٢٠١٥ی لە جووتیاران وەرگرتووە، کەواتە چۆن حکومەت دەتوانێت زەمانەتی دابینکردنی ئاسایشی خۆراك (نانی ڕۆژانە بکات) لە سایەی گرنگی نەدان بە ئەرکەکانی لەمەڕ لەئەستۆگرتنی پێدانی پارەی گەنمی جووتیاران و مامەڵەکردن لە بەڕێوەبردن و دابەشکردنی گەنم و بەکارهێنانی لە خزمەت و دابینکردنی ئاسایشی خۆراك بۆ دانیشتوانی هەرێمی کوردستان. بەمەش هەرێم دەبێتە ناوچەیەکی هەناردەکردنی گەنم لە حاڵەتێکدا کە بە شێوەیەکی گشتی بایەخ بە کشتوکاڵ و بە شێوەیەکی تایبەتی بە گەنم بدات.

٥. هەرێمی کوردستان پێویستی بە نزیکەی ٨٠ هەزار تەن پەتاتە هەیە (بۆ پێویستی خۆی) و کەرتی تایبەتیش لە جووتیارانی دەشتی ئاکرێ و شێخان و بە پشتیوانیی شارەزایی هۆڵەندی لەم بوارەدا توانیویەتی ١٣٠هەزار تەن پەتاتە لە ساڵی ٢٠١٥ بەرهەم بهێنێ، واتا بە نزیکەی ٥٠ هەزار تەن زیاد لە پێویستیی بازاڕ، بۆیە ڕەوانەی دەرەوەش کرا، بە پێی بەرنامەی پەرەپێدانی چاندنی پەتاتە ئاستی بەرهەم ئەم ساڵ دەگاتە ١٥٠ هەزار تەن، واتا بە زیادەی ٧٠ هەزار تەن، ئەوەی کە زیادیشە هەناردەی دەرەوە دەکرێت، دامەزراندن و پەرەپێدانی پڕۆژە کشتوکاڵییەکان لە هەرێمی کوردستان سەرەتای دامەزراندن و پەرەپێدانی پیشەسازیی کشتوکاڵییە، کە بڕبڕەیەکی ئابووریی حکومەت و گەلی کوردستانە. بۆیە لەسەر حکومەتی هەرێم پێویستە بودجەی تەرخانکراو بۆ کشتوکاڵ بەرزبکاتەوە کە لە میانی دە ساڵی ڕابردوودا لە ١,٨٪ بودجەی هەرێم تێنەپەڕیوە، ئەمەش بۆ پاڵپشتیکردن و پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ لە هەرێمدا.

٦. دەیان پڕۆژەی بوتڵی ئاو لە هەرێمی کوردستاندا هەن و ئەمەش هەنگاوێکە بۆ خودبژێوی و هەناردەکردن بۆ پارێزگاکانی دیکەی عێراق.

٧. پێشکەوتنێکی بەرچاو لە دابینکردنی کارەبا لە هەرێم کە ڕۆژانە دەگاتە ٢١ سەعات لەبەر بایەخدان بە کەرتی نەوت و غازی سروشتی بە بەراورد بە ساڵانی ٢٠٠٦ و ٢٠٠٧ کە تەنیا ٧ سەعات بووە.

٨. لە پارێزگای دهۆك وەك نموونەی پارێزگاکانی دیکەی هەرێم زیاتر لە یەك ملیۆن سەر بزن و مەڕ و مانگا هەیە، زیاتر لە ٢٠٠ تەن شیریش لە ئاکرێ و شێخان بەرهەم دێت، بەڵام بێ بازاڕن و هیچ کۆمپانیایەکی حکوومی یان تایبەتی نییە بۆ ئەوەی لە کارگەدا بەکاری بێنن ئەزموونی (ئەلبان مەراعی) لە سعودیە نموونەیەکی دیارو پێشکەوتووە کە ئێستا پێداویستیی هەموو دەوڵەتانی حەوزی کەنداوی دابینکردووە، تەنانەت گەیشتۆتە کوردستان، ژینگەو هەلومەرجی کوردستان لە سعودیە لەبارترە لە پەرەپێدانی پڕۆژەکانی شیرەمەنی. بۆیە پێویستە گرنگیی بەم بابەتە بدرێت وەك بنەمایەکی دیاری ئاسایشی خۆرك و ئابووری لە هەرێمی کوردستاندا.

### ■ پوختەو دەرئەنجامەکان

١. بنەماکانی دامەزراندن و پەرەپێدانی ژێرخانی ئابووری و پیشەسازی و کشتوکاڵی لە هەرێم ئامادە و دەستەبەرکراوە، بەڵام پێویستی بە توێژینەوە پلان و ڕێکخستن هەیە بۆ دامەزراندنی ئەو پڕۆژانەی سەرەوە و پڕۆژەی دیکە، کە دەبنە پاڵپشت و بەشداری دەکەن لە هەمەجۆرکردنی بنەماکانی دەوڵەمەندکردنی ئابووریی هەرێمی کوردستان.

٢. لەبەر ئەوەی نەوت کاڵایەکی بازرگانییەو سیاسەتیش لە ئابووری زیاتر کۆنترۆڵی دەکات، بۆیە دەرەنجام و کاریگەرییەکانی مەترسیدارە بۆ سەر ئەو دەوڵەتانەی کە داهاتی سەرەکییان پشت بە نەوت دەبەستێت، هەروەکو عێراق و هەرێمی کوردستان، لەبەر ئەوە دەبێ ڕێکاری پێویست بگیرێتەبەر بۆ ڕێگەگرتن لە دووبارەبوونەوەی دابەزینی نرخی بەرمیلێك نەوت لە ١١٠ دۆلارەوە بۆ



٤٠ دۆلار، هەروەکو لە چارەکی یەکەمی ئەم ساڵ رووی دا، بۆیە لەو سۆنگەیەوە بڕیاری سەربەخۆیی ئابووریی هەرێمی کوردستان سەرکەوتوو دەبێت ئەو کاتەی کە ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت بۆ یەك ملیۆن بەرمیل لە رۆژێکدا بەرزبێتەوە، جا بە پێی پلانی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان توانای بەرهەمهێنانی نەوتی خاو لە کۆتایی ئەم ساڵ و سەرەتای ساڵی ٢٠١٦ بۆ یەك ملیۆن بەرمیل لە رۆژێکدا بەرزدەبێتەوە. پێویستە بەرزبوونەوەی بەرهەمی نەوت لە کوردستان هاوکات بێت لەگەڵ کاری جیددی لە دامەزراندنی دامەزراوە دەستوورییەکان کە ناو و ئەرکەکانیان لە یاسای ژمارە ٢٢ی ساڵی ٢٠٠٧ی نەوت دەستنیشان کراوە، لەوانە دامەزراندنی کۆمپانیای (کیبکۆ، کۆمۆ، کۆدۆ، کادۆ) بە مەبەستی رێکخستن و چاککردنی بەڕێوەبردنی کەرتی نەوت لە هەرێمی کوردستاندا.

٣. هاوکات لەگەڵ بەرزکردنەوەی بەرهەمی نەوت لە هەرێمدا، پێویستە رێکاری پێویست بگیرێتەبەر بۆ بەرزکردنەوەی توانای پاڵاوتن تاکو توانای بەرهەمی پاڵاوتگەکان لە بەنزین بگاتە ٦ ملیۆن بەرمیل لە رۆژێکدا.

٤. دەستەبەرکردنی ئاسایشی خۆراك لە هەرێمی کوردستاندا، ئەویش بە کۆنترۆڵکردنی بەروبوومە کشتوکاڵییەکان دێتەدی بە پلەی یەکەمیش گەنم، کە لە هەرێم بەرهەم دەهێندرێت، لەجیاتی ئەوەی وەزارەتی بازرگانیی بەغدا ئەرکی بەڕێوەبردن و کڕین و دابەشکردنی گەنمی بەرهەمهێنراوی هەرێم لەئەستۆبگرێت.

٥. بەرهەمەکانی هەرێمی کوردستان بە هەموو جۆرەکانیەوە ناتوانن کێبڕکێ لەگەڵ بەرهەمەکانی دەوڵەتانی دەوروبەری هەرێمدا بکەن، مەگەر بە دەرکردنی چەند بڕیارێکی بەهێز بۆ رێگەگرتن لەو کاڵایانەی هاوردەی هەرێم دەکرێن، ئەمەش هەنگاوێکە بە پشتبەستن بە بەرهەمەکانی خۆماڵی کە دەبێتە پاڵپشتییەك بۆ بەهەمهێنەرەکانی هەرێم، بەمەبەستی فراوانکردن و پەرەپێدانی بەرهەمەکانی خۆماڵی تا ئەو ئاستەی کە پێداویستیی هەرێم دابین دەکەن.

٦. گرنگیدان بە رۆڵی کەرتی تایبەت کە شارەزایی هەبێت لە بواری پەرەپێدان و پێشخستن لە سەرجەم کایەکانی ژیان لە هەرێمی کوردستاندا، ئەمەش لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە ئەنجام دەدرێت بە دابینکردنی ئاسانکاریی بۆ ئەرکەکانی کەرتی تایبەت، بەتایبەتیش لە بواری کشتوکاڵ و پیشەسازی و وزە و گەشتیاری و خزمەتگوزاری و ئاوەدانکردنەوە کە دیارترین بنەماکانی بنیادنانی دەوڵەت پێکدێنن لە میانی هەمەجۆرکردنی دەرامەت و داهات کە دەبێتە هۆی کاراکردنی ئابووریی نیشتمانی لە هەرێمی کوردستان.

٧. هاندان و بەگەڕخستنی هۆیەکانی راگەیاندن و میدیا بۆ گرنگیدان بە بەرهەمەکانی هەرێمی کوردستان لەجیاتی بڵاوکردنەوەی ریکلام بۆ بەرهەمە بیانییەکان.

---

*** راوێژکاری وزە لە ئاژانسی پاراستنی کوردستان**



ئەحمەد حاجی ڕەشید

بڕیاردەری لیژنەی دارایی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ گوڵان:

# کاتێک بەغدا ئامادە نەبێت شایستە داراییەکان بۆ هەرێمی کوردستان بنێرێت کوردستان ناچار دەبێت خۆی نەوتی خۆی بفرۆشێت و داهات بۆخۆی پەیدا بکات

**حکومەتی عێـــراق نەك هەر پابەندنەبوو بەو ڕێکەوتنەی کە حکومەتەکەی حەیدەر عەبادی لەســـەر پێکهات، تەنانەت یاســـای بودجەی عێراقی بۆ ساڵی ٢٠١٥ پێشـــێل کردووەو پێوەی پابەند نەبووەو نەیتوانیوە وەك پێویست شایســـتە داراییەکانی کوردستان و بودجەی هێزی پێشمەرگە لە بودجەی ســـەروەریی عێراق بنێرێت، حکومەتی هەرێمی کوردســـتان لەمانگی ئایاری ڕابردوو، بڕی ١٥ ملیۆن بەرمیل نەوتی ڕادەســـتی کۆمپانیای ســـۆمۆ کـــردووە، بـــەڵام بەغدا کەمتر لە ٤٠٪ی ئەو پارەیەی ڕەوانەی هەرێمی کوردســـتان کردووە، حکومەتی هەرێم بۆ چارەســـەرکردنی کێشە داراییەکانی بڕیاری داوە خۆی نەوتی خۆی بفرۆشێت، سەبارەت بەم پرسە ئەم وتووێژەمان لەگـــەڵ پەرلەمانتار (ئەحمەدی حاجی ڕەشـــید) بڕیاردەری لیژنەی دارایی لـــە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ئەنجامداو بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** دوا ئـــەو گۆڕانکارییانـــە چین کە ئێســـتا لە نێوان هەردوو حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردســـتان لەئارادایە بەتایبەتی لەبواری بەشە بودجەی هەرێم و ناردنی موچەی فەرمانبەران و موستەحەقاتەکانی تری هەرێمی کوردستان کـــە وا بۆ زیاتر لەســـاڵێك دەچێت لەلایـــەن بەغداوە وەکو کارتێکی سیاســـی دژ بەخەڵکی هەرێم و حکومەتەکەیان بەکاردەهێنرێت؟**

- لەڕاســـتیدا ململانێی نێوان کوردســـتان و بەغدا پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێ، ئەم قۆناغە نوێیەش لەو ســـاتەوە دەســـتی پێکردووە کە لەمانگی ئایاری ڕابردوو ڕێژەی ئەو نەوتەی کوردســـتان ڕادەستی کۆمپانیای سۆمۆی کردبوو گەیشتە ١٥ ملیۆن بەرمیل، بەڵام حکومەتی بەغدا بەپێی ئەم بڕە نەوتە، شایســـتە داراییەکانی بەشـــێوەی ڕێکوپێك بۆ کوردســـتان نەناردووە، ئەمەش پێچەوانەی ئەو ڕێکەوتن و دانوســـتاندنانە بووە کە هەردوو شـــاندی باڵای هەرێم و عێراق لەسەری ڕێکەوتبوون، هەربۆیە حکومەتی کوردستان بڕیاری داوە خۆی ڕاســـتەوخۆ نەوتی خۆی بفرۆشـــێت، بۆیە لـــەم مانگەدا ڕۆژانە بڕی تەنیا ١٥٤ هەزار بەرمیل نەوتی ڕادەســـتی ســـۆمۆ کردووە کە ئەویش ١٤٨ هەزار بەرمیـــل نەوتی کەرکوکەو بڕی ٦ هەزار و هەندێك نەوتی هەرێمی کوردســـتانە واتا ئەوەی دەمێنێتەوە بڕی زیاتر لە ١٢ ملیـــۆن بەرمیلی نەوتی ناردۆتـــە دەرەوە کە لەهێڵی هەرێم فرۆشـــراوەو ڕۆژانە دەگاتە ٤٢١ هەزار بەرمیل بۆ حیســـابی هەرێم فرۆشـــرا بێت. کەواتە ئێستا کێشەکەی نێوان هەرێم و مەرکەز بەو ئاڕاستەیە ڕۆشتووە: (لەمەودوا کوردســـتان واپێدەچێت چیتر نەوت ڕادەســـتی کۆمپانیای سۆمۆ نەکات لەگەڵ ئەمانەشدا ئامادەیە پشکی هەرێمی کوردســـتان لـــە بودجەی ســـیادی و حاکیمە ڕادەســـتی حکومەتـــی عێراق بکات)، بەبڕوای من پێویســـتمان بەوە هەیە دووبارە پێناســـەی فیدراڵیـــەت لەعێراقدا بکەینەوە لەسەر ئەو بنەمایەی بۆ بنەبڕکردنی کێشەی دارایی نێوان حکومەتی عێراق و حکومەتی کوردستان ئێمە تەبەنی ئەوە بکەین خۆمان بۆ خۆمان داهات پەیدا بکەین و پابەندبوونی داراییمان بەرامبەر حکومەتی عێراق نەبێت، بەهەمان شێوە حکومەتی عێراقیش هیچ پابەندبوونێکی دارایی بەرامبەر هەرێمی کوردستان نەبێت. بۆیە ئەگەر ئێمە بتوانین نەوتی خۆمان بفرۆشـــین و حکومەتی عێراق کێشەمان بۆ دروست نـــەکات، ئـــەو کات زۆربەی ئەو کەیســـانەی کە لەگەڵ حکومەتی ناوەندی کێشەمان لەسەری هەیە کۆتایی دێت و لەچاوەڕوانی دەستی حکومەتی بەغدا ڕزگارمان دەبێت و ئەو پرسیارانەش نامێنێت کە لەم مانگەدا پارە دەنێرێت یا کەم دەنێرێت، لەم مانگەشـــدا چاوەڕێ ناکرێت بڕی پارەی زیادە بۆ کوردستان لەعێراقەوە بێت، چونکە ئەو بڕە نەوتەی ڕادەستی سۆمۆ کراوە بڕێکی کەم بووە.

*** ئەگەر ئەم کێشەو گرفتانەی لەنێوان بەغداو هەرێمی کوردستان چارەسەر نەبێت هەرێمی کوردستان چ بژاردەیەکی لەبەردەمدایە، ئێوە وەکو نوێنەرانی کوردســـتان لەبەغدا لە لیژنەی دارایی چی پێشنیارێکتان هەیە؟**

- بۆ چارەســـەری هەموو کێشـــەکانی نێـــوان هەرێمی کوردستان و عێراق دەبێت دانوستان بکرێت، تەنانەت ئەگەر کوردستان بیەوێت ســـەربەخۆیی ئابووری بەدەست بهێنین ئەوە دەبێت بەدانوستاندن لەگەڵ عێراق بێت، لەمەش زیاتر ئەگەر بگەینە ئەو ئاســـتەی وەکو هەرێمێکی سەربەخۆو ئابوورییەکـــی ســـەربەخۆش بونیات بنێین، ئـــەوا هەر لە ڕێگای عێراقـــەوە دەتوانین مامەڵە بکەین و بە ئاســـتی سەربەخۆیی ئابووری بگەین. بۆیە بەڕای من دانوستاندن لەم قۆناغەدا تاکەڕێگاو چارەســـەرە بـــۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکان و گەیشتن بە سەربەخۆیی ئابووری

**یەکڕیزی نێوماڵی کوردو ئەو گوتارە نەتەوەیی و ئەرکە نیشتمانی و نەتەوایەتییەی کە لەبەغدا هەمانە زۆر گەورەترە لەو جیاوازی و ناکۆکییە حزبی و سیاسییانەی کە لەهەرێمی کوردستان بوونیان هەیە**

**حکومەتی هەرێمی کوردستان لەمانگی ئایاری رابردوو، بڕی ١٥ ملیۆن بەرمیل نەوتی رادەستی کۆمپانیای سۆمۆ کردووە، بەڵام بەغدا کەمتر لە ٤٠٪ی پارەی ئەو نەوتەی رەوانەی هەرێمی کوردستان کردووە**

**پێویستمان بەوە هەیە دووبارە پێناسەی فیدراڵیەت لەعێراقدا بکەینەوە لەسەر ئەو بنەمایەی بۆ بنەبڕکردنی کێشەی دارایی نێوان حکومەتی عێراق و حکومەتی کوردستان، تەبەنی ئەوە بکەین خۆمان بۆ خۆمان داهات پەیدا بکەین**

*** بەڵام وا پێناچێت دانوستاندن و گفتوگۆکان هیچ ئومێدێکی لێبکەوێتەوە، بەتایبەتی دوای ئەوەی حکومەتەکەی عەبادیش بەهاوشێوەی حکومەتەکەی مالیکی پابەندی بەڵێن و قسەکانی خۆیان نەبوون؟**

- تاڵە مووی مەعاویە کە لەنێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق ماوەتەوە دانوستاندنە، عێراقیش ئەوە نەبێت لەبارودۆخێکی باشدا بێت، ئێستا بە دژوارترین و سەختترین بارودۆخدا تێپەڕ دەبێت و گرفتی زۆرە، بەڵام لەم بارودۆخەشدا تاکە ڕێگا بۆ چارەسەری کێشەکانی نێوانمان دانووستاندنەو پێویستە ئەو ڕێگایە بگرینەبەرو بەکاری بهێنین و کارێکی وابکەین کە ئێمە وەکو هەرێمی کوردستان، عێراق دڵنیا بکەینەوە کە پێویستە ئێمە بۆ خۆمان داهات پەیدا بکەین و هیچ کارمان لەم بوارەدا بەعێراق نەمێنێت و عێراقیش کێشەمان لەم بوارەدا بۆ دروست نەکات .

*** ئایا ئێوە وەکو نوێنەرانی کورد لەلیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق لەگەڵ حکومەتی عێراقدا دانیشتوون و لەنزیکەوە گفتوگۆتان کردووە تاوەکو عێراق پابەندی ناردنی بەشە بودجە یا پارەی پێویست بێت بۆ هەرێمی کوردستان؟**

- ئێمە کێشەو گرفتمان لەگەڵ بەغدا زۆرە، لەوانە کێشەی سیاسی و ئابووری و بەشداری دەسەڵاتی سیاسیی و کێشەی دارایی لەناو کێشە داراییەکانیشدا کێشەی پێشمەرگەو دابین نەکردنی موچە و پێداویستییە سەرەکیەکانی ئەو هێزە نیزامیەمان هەیە، تا ئێستا حکومەتی عێراق ماف و پێداویستیە شایستە داراییەکانی ئێمەی جێبەجێ نەکردووەو بەردەوام لەگفتوگۆداین بۆ چارەسەری ئەم کێشانە، بەڵام دووبارە دەگەڕێمەوە سەر ئەو خاڵەی ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان سەربەخۆیی ئابووری بەدەست بهێنێت ئەوا کێشەو گرفتە داراییەکانمان کۆتایی دێت . بێگومان عێراق کێشەی دارایی هەیە، بەڵام ئەو کێشە داراییەی بەغدا بەهاوشێوەو قەبارەی کێشە داراییەکەی هەرێم نییە، هەربۆیە حکومەتی عێراق دەتوانێت مانگانە بڕە موچەی پێویست بۆ بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی خۆی بنێرێت، عێراق کێشەی دارایی نییە بەناوی قەیرانی دارایی بەڵکو تەنیا کێشەی لەو کاتە بۆ دروست بوو کە بەهای نەوتی خاو لەبازاڕە جیهانیەکاندا دابەزی، ئاشکرایە نرخی نەوت بەجۆرێك دابەزیوە کە بەشی بودجەی وەبەرهێنانی عێراق ناکات گەرچی تا ئێستا بودجەی بەکاربەر گرفتی تێدا نییە، بەڵام کورتهێنان لەبودجەی وەبەرهێنانەوە کێشەی گەورە بۆ عێراق و ئابوورییەکەی دروست دەکات. ئەمەش واتە بۆخۆی گرفتی نییە، بەڵکو کێشەکە ئەوەیە بە ڕێك و پێکی شایستە داراییەکان رەوانەی هەرێمی کوردستان ناکات.

*** ئایا لەڕووی یاساییەوە نەناردنی بودجەو موچەی فەرمانبەران پێشێلکارییەکی دەستووری و یاسایی نییە، تاچەند حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت لەدادگای فیدراڵی یا نێودەوڵەتی شکایەت لەحکومەتی عێراق بکات؟**

- بەبۆچوونی من حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەگەر لە دادگای فیدراڵی شکاتیش بکات هیچ سوودی نابێت، لەبەر ئەوەی دادگای فیدراڵی عێراق بەسیاسی کراوەو زیاتر پشتی حکومەتی عێراق دەگرێت، لەلایەکی ترەوە بودجەی کوردستان بەیاسایەکی دارایی ڕێکخراوە کە ئەویش یاسای بودجەی ٢٠١٥ یە ئەم یاسایەش بەو شێوەیە هاتووە ئەگەر هەر لایەنێك پابەند نەبوو بەو خاڵانەی کە لەیاسای بودجە هاتووە، ئەوە لایەکەی تریش دەتوانێت پابەند نەبێت بە یاساکەوە. لەسەر ئەم بنەمایەش کوردستان نەوتی خۆی دەفرۆشێت.

*** سەبارەت بەفرۆشتنی نەوتی کەرکوك، دیارە پارێزگای کەرکوکیش داوای ئەوە دەکات لەبەر ئەوەی عێراق پابەندبوونی بە شایستە داراییەکانی ئەم پارێزگایەوە نییە، ئەوا ناچار دەبێت نەوتی خۆی بفرۆشێت، ئایا لەسەر ئەم پرسە چی دەڵێن؟**

- ئەگەر کوردستان بتوانێت ئەو نەوتەی کەرکوك بفرۆشێت و هیچ گرفتێکی بۆ دروست نەبێت ئەوا هەرێمی کوردستان خۆی بودجەی کەرکوك دابین دەکات کە ئەمەش جۆرێکە لە سیادە کردن و شێوەیەکە لەگەڕانەوەی کەرکوك بۆ سەر هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی مەعنەوی، بەڵام بەتەئکید عێراق بەنیازە ململانێ و کێشە لەگەڵ هەرێمی کوردستان بکات و کێشە بۆ کەرکوك دروست دەکات ئەمەش کارێکی نەشیاوە، هەروەکو چۆن ئێستا کارێکی نەشیاو بەرامبەر کەرکوك دەکات، بۆیە کەرکوك ناچارە بڕیاری خۆی بدات.

*** باشە چۆن لەهەرێمێکی فیدراڵی کە تۆ پابەند بیت بەسیستەمی دارایی و نەختینەییەوە دەتوانرێت سەربەخۆیی دارایی بەدەست بهێنین کە پسپۆران پێیان وایە بێ بەدەست هێنانی ئەم سەربەخۆییە مومکین نییە سەربەخۆیی ئابووری بونیات بنرێت؟**

- پرسیارێکی گرنگەو وەڵامدانەوەشی ئاسان نییە، چونکە ئەو کاتە کە دەستووری عێراق نووسرایەوە باسی سەربەخۆیی ئابووری تێدا نەکراوەو لەرووی بودجەو داهات کوردستان کێشەی نەبووەو پشتی بەبودجەی گشتی عێراق بەستووە، تەنانەت ئەو کات کوردستانیش ئەو داهاتە گەورەیەی نەبووە کە بەتەواوەتی خۆی پشتی پێ ببەستێت. لە دەوڵەتانی دیکەی فیدراڵی هەندێك نموونەمان هەیە کە توانیوویانە یەکێتیەکی دارایی لە نێوان هەرێم و دەوڵەتی فیدراڵی دروست بکەن، هەر بۆ نموونە سەنگافورا پێش ئەوەی سەربەخۆیی رابگەیەنێت هەرێمێکی فیدراڵی بووە لەگەڵ مالیزیا، ئەم هەرێمە

خۆی سەرپەرشتی داهاتەکانی خۆی کردووەو بەشێکی یا پشکێکی داوە بەدەوڵەتە فیدراڵیەکە، هەروەها لە ئیمارەتی دوبەی هەمان نموونەیە کە ٧ هەرێمەو ئەو هەرێمانە خۆیان سەرپەرشتی دارایی هەرێمەکانی خۆیان دەکەن و موچەو کاری هاووڵاتیانی خۆیان دابین و جێبەجێ دەکەن، لەدوایدا پشکێك دەدەنە حکومەتە فیدراڵیەکە ئەمەش زیاتر دەچێتە سەر مەسەلەی بودجەی سیادی و حاکیمە کەواتە ئێمەش دەتوانین بەهەمان شێوەی ئەو وڵاتانە بیکەین کە ئەمەش پێویستی بەهەموار کردنەوەی دەستوورە، بۆ ئابووری سەربەخۆ دەتوانین دانوستاندن بکەین، بەڵام دەستوور گرفتە لەبەردەممان بەشێوەیەکی گشتی لەدنیادا لە چەندین وڵاتدا کە هەرێمەکان خۆیان داهاتی خۆیان پەیدا دەکەن ئیتر بۆ نابێت ئێمەش خۆمان داهاتی خۆمان دابین بکەین .

*** ئێستاکە زۆربەی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم وەك ئەمری واقیع گەڕاوەتەوە سەر کوردستان، وەك دەبینین حکومەتی عێراق بودجەی ئەو ناوچانە دابین ناکات، ئایا ئەمە بارگرانیەکی دارایی و ئابووری نییە بەسەر شانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە؟**

- بودجە لەعێراقدا لەسەر بنەمای سیستەمی لامەرکەزی تەرخان کراوە هەربۆیە ئەم ناوچە کوردستانیانە هەموویان بودجەی تایبەت بەخۆیان هەیە، بۆ نموونە پارێزگای کەرکوك باس بکەین ئەو بودجەی ئاسایی و پیترۆ دۆلارو موستەحەقاتی تری هەیەو قەزاو ناحیەو گوندەکانیش لەچوارچێوەی ئەم پارێزگایە بودجەی تایبەت بەخۆی هەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئێستاکە عێراق دوچاری کێشەو گرفتی سیاسی و ئابووری و دارایی بووەتەوەو جۆرێك لەململانێ و کێشمەکێشی مەزهەبی و سیاسی هەیە کە ئەمە وایکردووە ئەو پارێزگاو قەزاو ناحیەو گوندە کوردستانیانەی کە ئێستاکە کەوتوونەتەوە ژێر دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان. راستە لەڕووی پرۆژەو کارەوە شتی گونجاو نەکراوە، بەڵام لەرووی فۆرمی سیاسی و ئیداری کار کراوە.

*** ئایا ئێوە وەکو نوێنەرانی کوردستان لەبەغدا تاچ رادەیەك توانیوتانە یەکڕیزی ناو ماڵی کورد لەو دۆسییەو گفتوگۆو دانوستاندنانە بپارێزن کە پەیوەندارن بە مافی گەلی کوردستانەوە؟**

- لیژنەی دارایی لەئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەئاشکرا بەشێوەی موحاسەسە دابەش کراوە واتا هەموو لایەنەکان بەشی خۆیان لەناو ئەم لیژنەیەدا هەیە، هێزەکانی کورد زۆر داکۆکییان لەسەر ئەوە دەکرد کە ژمارەی ئەندامانی کورد لەناو ئەم لیژنەیەدا زۆر بێت یاخود کەمتر نەبێت لە ٤ ئەندام، ئەوەبوو لەبەر ئەوەی لیژنەی دارایی لیژنەیەکی هەستیارە هەربۆیە داوای ٤ ئەنداممان کرد کە ٤ هێزی سیاسی نوێنەریان لەناو ئەم لیژنەیەدایە، لیژنەکە پێکهاتووە لە ٤ سوننە لەگەڵ ١٠ شیعە، لەناو هێزە کوردییەکانیش ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان و بزوتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵ بوونیان هەیە. سەبارەت بە یەکڕیزی لایەنە کوردستانیەکانیش، جێگەی خۆشحاڵیە تائێستا یەکگرتوویی نێوماڵی کورد پارێزراوە و تەباییەکی باش لەنێوان هێزە کوردستانیەکان هەیە لەسەر مەسەلە چارەنووسسازەکانی پەیوەندار بە مافی هەرێمی کوردستان و لەزۆرێك لەمەسەلەکان یەك هەڵوێستمان هەبووە، خوازیارم ئەو گرفت و تەنگژانەی کە لە هەرێم هەیە نەگاتە بەغدا کە تائێستا نەگەیشتووە، لەم پێناوەشدا لەدوا کۆبوونەوەماندا وەکو سەرۆکی فراکسیۆنە کوردستانیەکان جەختمان لەوە کردەوە نابێت بە هیچ شێوەیەك و جێگای قبووڵ نییە هیچ هێزێکی سیاسی ئەو گرفت و ئاڵۆزییە سیاسییانەی لەهەرێم هەیە لەنێو هێزە سیاسییەکان بیگەیەنێتە بەغدا، هەموومان داکۆکیمان لەسەر ئەوە کردووەو بەیەك دەنگ رامانگەیاندووە یەکڕیزی نێوماڵی کوردو ئەو گوتارە نەتەوەیی و ئەرکە نیشتمانی و نەتەوایەتییەی کە لەبەغدا هەمانە زۆر گەورەترە لەو جیاوازی و ناکۆکییە حزبی و سیاسییانەی کە لەهەرێمی کوردستان بوونیان هەیە، هەربۆیە بەهیچ شێوەیەك رێگا نادەین ئەو ئاڵۆزی و کێشمەکێشە سیاسییانەی کە لەناو هەرێمی کوردستان هەیە بگوازرێتەوە ناو پەرلەمانتارانی بەغدا.

*** پرسی ئاوارەو پەناهەندەکان لەهەرێمی کوردستان یەکێکە لەو تەحەدداو کێشە گەورانەی کە سەرشانی ئابووری هەرێم و حکومەتی قورس کردووە لەمەشدا حکومەتی عێراق کەمتەرخەمە لەدابینکردنی پێداویستی و بەهاناچوونی ئەو ئاوارانەی کە زۆربەیان لەناوچەکانی ژێردەسەڵاتی حکومەتی ناوەندییەوە روویان لەکوردستان کردووە، ئێوە وەکو بڕیاردەرو ئەندام لە لیژنەی دارایی لەپەرلەمانی عێراق لەسەر ئەم پرسە چیتان کردووە؟**

- حکومەتی عێراق هەڵساوە بەدابینکردنی پارە بۆ ئاوارەکان لەهەموو عێراقدا، لەو هەوڵەدا بڕی ٤٠٠ ملیار دینار تەرخانکرابوو بۆ ئاوارەکانی کوردستان، بەڵام دادگای فیدراڵی ئەمەی هەڵوەشاندۆتەوە، ئێمە وەك لیژنەی دارایی ئەم بڕیارەمان بە دڵ بوو، لەبەر ئەوەی ناردنی ئەو پارەیە بۆ ئاوارەکانی کوردستان دەبووە هۆکارێك بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ بازار بجووڵێنێت و سوودێکی بۆ هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستانیش هەبێت، بەڵام ئەمە نەکرا، دیارە هەرێمی کوردستان ئەرکێکی قورسی لەبواری تەندروستی و پەروەردەو خزمەتگوزاریی و ئاوو کارەبا و پێداویستیەکانی تری لەئەستۆیە تا ئێستاش حکومەتی عێراق بەدەنگ ئەو داواکاری و داخوازیانەی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە نەچووە، زۆرجاریش وەکو لیژنەی دارایی داکۆکیمان کردووە بەڵام لەو بوارەدا سەرکەتوو نەبووین.

**حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەگەر لە دادگای فیدراڵی شکاتیش بکات هیچ سوودی نابێت، لەبەر ئەوەی دادگای فیدراڵی عێراق بەسیاسی کراوەو زیاتر پشتی حکومەتی عێراق دەگرێت**

**عێراق بەنیازە ململانێ و کێشە لەگەڵ هەرێمی کوردستان بکات و کێشە بۆ کەرکوك دروست دەکات، ئەمەش کارێکی نەشیاوە، بۆیە کەرکوک ناچارە بڕیاری خۆی بدات**

# بنەما ئابوورییەکان لە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستاندا



دکتۆر حوسێن تۆفیق فەیزوڵڵا*
تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی

خوێندن بە قۆناخە جیاوازەکانیەوە پێوەندییەکی پتەوی بە پەرەپێدانی ئابوورییەوە هەیە، بەبێ کۆمەڵگەیەکی خوێندەوار زۆر قورسە ریفۆرمی ئابووری لەسەر بنەمای هاوچەرخ بەدی بهێندرێت، یان ئەو ریفۆرمانە جێبەجێ بکرێن، بۆیە دەستووردانەرانی کوردستان کارێکی زۆر باشیان کردووە کە لە مادەی ٢٢ی پرۆژەی دەستوورەکە خوێندنی بە خۆڕاییان کردۆتە مافێک و دەبێت هەرێم لە هەموو قۆناخەکاندا لە ئەستۆی بگرێت، هەتا خوێندنی زانکۆ و خوێندنی باڵا، ئەم جۆرە مافانە و زامنکردنی لە دەستووردا لە روانگەی ئەزموونی دەوڵەتانی دیکەوە بایەخێکی هێجگار گرنکی هەیە، ئەزموونی مەهاتیر محەمەد لە مالیزیا، کە مالیزیای ئەمڕۆی لێ بەرهەمهاتووە، لەسەر ئەو بنەمایە بووە کە کەرتی خوێندن کراوەتە بنەما، گومانی تێدا نییە هۆشداری دەستووردانەرانی کوردستانیش بەوەی پێویستە حکومەت پابەند بێت بە نەهێشتنی نەخوێندەواری، بایەخێکی دیکەمان پیشاندەدات.



پێش ئەوەی دەست بکەم بە خستنەڕووی پرانسیپە ئابوورییە گرنگەکان لە پرۆژەی پێشنیارکراوی دەستووری هەرێمی کوردستاندا، دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە عێراق لە مێژووی کۆن و هاوچەرخدا، لەو دەوڵەتانەیە کە دەکرێت لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتانە پۆلێنی بکەین کە شڵەژانی دەستوورییان هەیە، ئەمەش لە ئاکامی ئەو بارودۆخەی کەوتۆتە ژێر دەستی داگیرکاری هەر لە ئومەوی و عەباسییەکان و ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و پاشان داگیرکاری ئینگلیز و تا سەردەمی کۆماری تا دەگاتە داگیرکاری ئەمریکی و سەربەخۆییەکی ڕێژەیی، بەمجۆرە ئەوە بەسە کە بڵێین عێراقی هاوچەرخ لە سەرەتای دامەزراندنیەوە لە ساڵی ١٩٢١، ئەگەر لەو ڕوانگەیەوە سەیری دەستوورەکانی بکەین کە لەو کاتەوە تا ئێستا دەرچوون، دەبینین هەتا ئێستا دەستوورێکی هەمیشەیی نەبووە، بێجگە لە یاسای بنەڕەتی عێراقی لە ساڵی ١٩٢٥، ئەمە بێجگە لە دەستووری ٢٠٠٥ کە تا ئێستا نەمابینیوە بەشێوەیەکی ڕاستەقینە جێبەجێ بکرێت، ئەمە سەرباری گرفتەکانی هەتا ئێستا. بۆیە دەڵێم بەداخەوە زۆربەی دەستوورەکانی عێراق هەر لە دەستووری ١٩٠٨ عوسمانی، دەستووری بەریتانیای داگیرکاری (کۆمەڵێك مەنزومەی یاسایی کە لە هیندستان جێبەجێ کراوە، کۆمەڵەی یاسایی بۆ ویلایەتەکانی عێراق ١٩١٥) هەروەها یاسای بنەڕەتی عێراق لە ١٩٢٥، پاشان دەستووری کاتی ١٩٥٨، دەستووری کاتی ١٩٧٠، لەگەڵ ئەوەی هەتا ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ٢٠٠٣ کاری پێکراوە، دوای یاسای کاتی بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەت لە قۆناخی ڕاگواستن و ئەم دەستوورەی ئێستاش ٢٠٠٥، ئەوەی گرنگە ئەوەیە هەموو ئەم دەستوورانە پرانسیپی زۆر باشی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییان لەخۆیان گرتووە، بەڵام لە ڕووی پراکتیکییەوە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا نابینین ئەم پرانسیپانە بە شێوەیەکی ڕێك و پێك پراکتیزە کرابن، ئەمەش لە ئاکامی ململانێ لەسەر دەسەڵات و تاکڕەوی و گەندەڵی بووە، لەم باسەدا جەخت دەکەینە سەر

**دەستوورێکی باش نادۆزرێتەوە تەنیا لە ژێر سایەی ڕژێمێکی سیاسی دیموکراتیانە و دەسەڵاتێکی پێگەیشتوودا نەبێت، کە خاوەنی ئیرادەیەکی جیددیانەی سیاسیی بێت و بەرژەوەندیە باڵاکان بخاتە سەروو هەموو بەرژەوەندییەکی ترەوە**

**پەند وەرگرتن لە ناو دووتوێی ئەو دەستوورانەدا نییە کە هەڵگری بنەماکانی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتین، بەڵکو پەندەکە لەو دەستوورەدایە کە پیرۆز دەکرێت و بنەما پیرۆزەکانی ڕێگەی خۆیان دەدۆزنەوە تا برگەکانی جێبەجێ بکرێن**

پرانسیپە گرنگەکانی ئابووری لە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستاندا، هیوادراین ئەم بنەمایانە لە ئایندەدا جێبەجێ بکرێن.

دەستوور لەهەر دەوڵەتێکدا بە ئامێرێکی یاسایی باڵا هەژمار دەکرێت کە نەخشە و هەیکەلی سیاسەت و پرانسیپە سەرەکییەکانی سیاسەت و ئابووری و کۆمەڵایەتی و پێوەندییەکانی دەرەوە دیاری دەکات، هەربۆیە دەستوور بەشێوەیەکی ئاسایی لە لوتکەی هەرەمی سیستمی یاسایی دەوڵەتان دادەنرێت، بەو سیفەتەی کە گرنگترین و ترسناکترین دیکۆمێنتە بۆ مافەکان بەرامبەر دەسەڵات. هەر بۆیە بەشێوەیەکی گشتی دەستوورەکان دەسەڵاتی فراوان نادەنە فەرمانڕەواکان بەشێوەیەك زەمینەی ئەوە برەخسێت لە حکومرانیدا سەرکوتکاری بکەن، سەبارە بە سیما و پرانسیپەکانی سیاسەتە ئابوورییەکانیش لە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستاندا دەتوانین ئەم برگانە دەست نیشان بکەین:

### ■ میحوەری یەکەم: سیاسەتی گشتی ئابووری

یەکەم: شێوەی سیستمی ئابووری، لە ماددەی ٥٨ ی پرۆژەی دەستووردا هاتووە، هەرێمی کوردستان پشت بەسیستمی ئابووری ئازاد و کە ڕێگە مۆنۆپۆل دەگرێت و ململانێی ئازاد و مەشروع فەراهەم دەکات، دیارە دەستوور دارێژەران کارێکی باشیان کردووە کە بەشێوەیەکی زۆر روون و راشکاوانە ئەوەیان دیاریکردووە، سروشتی فەلسەفەی ئابووری لە هەرێمدا (سیستمی ئابووری ئازادە)، بۆیە دەکرێت بەم پێیە میکانیزمی یاسایی پێویست دابنرێت بۆ ئەوەی لە ئێستا و داهاتووشدا زامنی ئەم سیاسەتە ئابوورییە بکات، ئەم دەقە لە پرانسیپە سەرەکیەکاندا هاتووە، بۆیە ناکرێت لە هیچ باردۆخێکدا فەرامۆش بکرێت، بەمەش دارێژەرانی دەستووری کوردستان، کەموکورتیەکی گەورەی دەستووری عێراقیان پڕکردەوە کە لەماددەی ٢٥ی دەستووری عێراق بە دەقێکی تەمومژاوی ئاماژەی پێکراوە و دەڵێت (دەوڵەت هەڵدەستێت بە ریفۆرمی ئابووری عێراق لەسەر بنەمای ئابووری هاوچەرخ) بەبێ ئەوەی دەقێکی راشکاوانە هەبێت شێوەی سیستمی ئابووری دیاری بکات، لەلایەکی دیکە بێ ئەوەی لەبنەما سەرەکیەکانی دەستوورەکەدا ئاماژەی پێکرابێت، بەڵکو لە دەستووری فیدراڵی عێراقدا لە بەشی مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریەکاندا هاتووە و کردوویەتی بە پابەندبوونی دەوڵەتیش، ئەم پرسە ترسناکە لەبەر ئەوەی نارۆشنی و دیدی تەمومژاوی بۆ فەلسەفەی ئابووری بەرەو نارۆشنی مەزندە و تێگەیشتنمان بە ئاراستەی تێگەیشتنێکی راستەقینە لە سیستمی ئابووری و ستراتیژیەتی پێویست بۆ گواستنەوەمان دەبات، هەربۆیە جۆرێك لە تێکەڵ و پێکەڵاوی لە پرۆسەی ئابووری عێراقدا لە پراکتیکدا دەبینین و هەروەها کار بە زۆربەی ئەو یاسانە دەکەن کە لەسەردەمی رژێمی پێشوو دەرچوون، کە پشت دەبەستێت بە ئابووری سەنترالی و باڵادەستی کەرتی گشتی، بە پێچەوانەی ئەمەوە روونی و راشکاوی فەلسەفەی ئابووری وەك پرانسیپێکی دەستووری دەبێتە بەشدار لە رۆڵی دەوڵەت و کاراکردنی ئەم رۆڵە بۆ بەدیهێنانی پەرەپێدانی ئابووری لەبەر رۆشنایی ئەو پرانسیپە ئابوورییە لە دەستووردا راگەیەنراوە.

دووەم: رێگرتن لە مۆنۆپۆل و هاندانی کێبڕکێ: ئەمەش لە چوارچێوەی هەمان پرانسیپی سەرەکی هاتووە لە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستاندا، لە ماددەی ١٦ پابەندبوونێك دەخاتە سەرشانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی بەپێی بنەما ئابوورییە هاوچەرخەکان ریفۆرمی ئابووری بکات، واتە سیستمی ئابووری ئازاد کە لەمادەی ١٥ راگەیەنراوە، بەمجۆرە ماددەکانی ١٥ و ١٦ ئەوەیان لە پرۆژەی دەستوور میکانیزمی یاساییان دارشتووە بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی ئابووری بۆ ئەوەی رێگری لە مۆنۆپۆلکردن بکات، زامنی کێبڕکێ رەوا دەکات، ئەوجا وەبەرهێنەکان، وەبەرهێنی نیشتمانی بن یان بیانی، لەبەر ئەوەی وشەکە بەرەهایی نوسراوە.بۆیە ئەم پرانسیپە پابەندبوون دەخاتە سەرشانی حکومەت و پەرلەمان بەوەی دووبارە چاو بخشێنەوە بە بەزۆربەی ئەو یاسایانەی کە لەسەردەمی رژێمی پێشوو دەرچوون و لەهەرێم جێبەجێ کراون، هەروەها تەنانەت ئەو یاسایانەشی کە بەمدوایانە دانراون و جێبەجێ کراون، بەڵام لەئاستی ئومێدە ئابوورییەکان نییە وەك یاساکانی تایبەت بە پاراستنی مافی بەکاربەر کێبڕکێ لە مۆنۆپۆل کردن و نقوومکردنی بازرگانی و پاراستنی بەرهەمی ناوخۆیی و تەعریفەی گومرگی و یاساکانی تایبەت بە موڵکداریەتی فیکری و رێکخستنی بازاڕەکانی کوردستان بۆ قۆناخەکانی ئێستا و ئاینده، هەروەها دامەزراندنی دادگای بازرگانی تایبەتمەند و ناوەندی تەحکیمی بازرگانی و هەروەها یاساکانی دیکەش کە بەشدار دەبن لە بەدیهێنانی سیاسەتی ئابووری.

سێهەم : تەحریم کردنی ماڵی گشتی: لەمادەی ١٧ی پرۆژەی دەستووری کوردستان پرانسیپێك هاتووە پەیوەندارە بە ماڵی گشتی بەوەی ئەمە ماڵە موڵکی خەڵکی کوردستانە بە یاسا نەبێت نابێت هیچ رەفتاریکی پێوە بکرێت، هەروەها سامانە سروشتیەکان بە جیاوازی شێوەکانیەوە کە پێویستە سامانی چینیش بگرێتەوە،

سامانی نەتەوەیی ناکرێت لە چوارچێوەی یاسا نەبێت، دەسکاری یان بەرێوەبردنی یان تەسەروفی پێوە بکرێت. ئـەم ماددەیـــە زۆر گرنگە لەبەر ئەوەی ســنورێك بۆ پیادەکردنی غەیرە یاســایی تاك و کۆمەڵ دادەنێت کە مالی گشــتیەوە دەیکەن و بەفیــڕۆی دەدەن دوور لە بەرژەوەندی گشتی، لەلایەکی دیکە ئاماژەیەکی بەهێزە بــۆ پەرەپێدانێکی بەردەوام لە چوارچێوەی بەکارهێنانی بەشــێوەیەکی بەرپرســیارانە کە بەرژەوەندی نەوەکانی ئێســتا و داهاتوو زامــن دەکات. ئەمــە پێچەوانەی دەســتووری عێراقی ٢٠٠٥ کە مــادەی ٢٧ تەحریمی مالی گشــتی کردووە، بەلام هاولاتی پابەندکردووە کە وەك ئەرك پارێزگاری لێ بکات بەبێ ئەوەی حکومەت یان دەولەت بەشێوەیەکی گشتی پابەند بکات.

■ **میحوەری دووەم: بەشی مافە مەدەنی و سیاسیەکان**

یەکەم :ڕەخساندنی فرســەت: لەگەڵ ئەوەی ئەم بەشە ناونیشانەکەی تایبەتە بە مافە مەدەنی و سیاسیەکان، بەلام پێوەندییەکی بەهێزی بە مافە ئابوورییەکانەوە هەیە، ئەگەر بەشــێوەیەکی ڕێك و پێك جێبەجێ بکرێن، ئەمە وێڕای ئــەوەی ئەم مافە لێکدراوە و مافێکی ئابووری موجەڕەد نییە، بەلام لە کاتی کارپێکردنی ڕەنگدانەوەی نەرێنـــی زۆر گرنگی ئابــووری دەبێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەم پرانســیپە بە شــێوەیەکی زۆر سادە پشتی بەســتووە بە پێوەری (هاونیشــتمانی) نەك پێوەرێکی دیکە، وەك مافێکی دەســتوور بۆ هەر هاونیشتمانییەك کە دەبێت دەرفەتی کاری بۆ بڕەخسێندرێت بەبێ لەبەر چاوگرتنی سروشــتی کارەکەی، ئەمە لەسەر مادەی ٢٣ی پــرۆژەی دەســتوورەکەش جێبەجێ دەبێت، بەلام ئەوەی لە عێراق و هەرێمی کوردســتان پێڕەو دەکرێت، پێچەوانەی ئەمەیە، جێبەجێکردنێکی ڕاستەقینە بۆ ئەم پرانســیپە نییە، ئەمەش ڕەنگدانەوەیەکی نەرێنی لەسەر ئەدای دامەزراوەکانی کەرتی گشتی و تایبەت دروست کردووە، ڕۆڵی ئەم پرانســیپە بە تەواوەتی لە پرۆسەی پەرەپێدانی ئابووری بزرە.

دووەم: مافی خوێندن: خوێندن بە قۆناخە جیاوازەکانیەوە پێوەندییەکی پتەوی بــە پەرەپێدانی ئابوورییەوە هەیە، بەبێ کۆمەڵگەیەکی خوێندەوار زۆر قورســە ریفۆرمی ئابووری لەسەر بنەمای هاوچەرخ بەدی بهێندرێت، یان ئەو ریفۆرمانە جێبەجێ بکرێن، بۆیە دەســتووردانەرانی کوردستان کارێکی زۆر باشــیان کردووە کە لە مادەی ٢٢ی پــرۆژەی دەســتوورەکە خوێندنی بــە خۆڕاییان کردۆتە مافێك و دەبێــت هەرێم لە هەموو قۆناخەکاندا لە ئەســتۆی بگرێت، هەتا خوێندنی زانکۆ و خوێندنی بالا، ئەم جــۆرە مافانە و زامنکردنی لە دەســتووردا لە ڕوانگەی ئەزموونــی دەوڵەتانی دیکەوە بایەخێکی هێجگار گرنگی هەیــە، ئەزموونی مەهاتیر محەمەد لــە مالیزیا، کە مالیزیای ئەمڕۆی لێ بەرهەمهاتووە، لەســەر ئەو بنەمایە بووە کە کەرتــی خوێندن کراوەتە بنەما، گومانی تێدا نییە هۆشــداری دەستووردانەرانی کوردســتانیش بەوەی پێویســتە حکومەت پابەند بێت بە نەهێشــتنی نەخوێندەواری، بایەخێکــی دیکەمان پیشاندەدات.

■ **تــەوەری ســێیەم: دەروازەی مافــە ئابــووری و کۆمەلایەتی و کەلتوورییەکان**

یەکــەم: مافی کار: هیــچ گومانێك بەدی ناکرێت لە نێــوان پێوەندیی توندوتۆلانەی (مافــی کارکردن) بە ئابوورییەوە، بەلکو کارکردن لە هەر ئابوورییەکدا بریتیە لە چەق، بە چاوپۆشین لەوەی سروشتەکەی هەرچۆنێك بێت، لە مادەی (٣٤)ی پرۆژە دەستوورەکەدا هاتووە کە (کارکردن مافی هەر هاوولاتییەکە و پێویســتە توانای بژێوی بۆ هەر کەســێك فەراهەم بکرێت، هاوکات لەو پرۆژەیەدا ڕاگەیاندراوە کە سیســتمی ئابووری بریتییە لە سیســتمی ئابووریی بازاڕ کە ئەمەش بەرپرسیارێتی دەخاتە ئەستۆی دەسەلات بۆ دابینکردنی دەرفەتی کار لە میانــەی میکانیزمە جۆراوجۆرەکانەوە، وەك خوێندن و مەشقپێدان و بەرنامەکانی ڕێنماییکردن، سەبارەت بە بێکارانیش پێویســتە سیستمی بیمەی کۆمەلایەتیشی پێوەی گرێبدرێت، چونکە ڕەخســاندنی هەلی کارکردن بۆ کرێکار، بریتییە لە بەدیهێنانی بیروکەی ئاسایشـــی ئابــووری، کەواتە وێڕای گرنگی باســلێکردنی وەك مافێکی بنەڕەتیی لە پرۆژە دەســتوورەکەدا، پێویستیش بوو هەرێم دەستەبەری زامنکردنی دۆزینەوەی دەرفەتی کارکردنــی بکردایــە، ئەوەش بۆ هەر کەســێك کە لە توانایــدا بووایە کار بکات، بە گرێدانەوەی ئەم چەمکە بە چەمکی زامنبوونی بیمــەی کۆمەلایەتی بۆ ئەو کەســانەی کە بێکارن، یان توانــای کارکردنیان نییە، لە چوارچێوەی سیســتمێکی کاملــدا، بەلام پرۆژەی دەســتوورەکە بەوەندەوە وەســتاوە کە لە مادەی (٤٤)دا هاتووە (حکومەت فەراهەمکردنی بەرنامەکانی ڕاهێنان و مەشقی هونەری و پیشەیی لە ئەستۆ دەگرێت.)

دووەم: ڕێگەنەدان بــە داماڵینی مولکییەتی تایبەت: لــە مادەی (٤٨)پــرۆژە دەســتوورەکەدا هاتــووە کە مولکیەتــی تایبەت پارێــزراوە و نابێت بۆ هیچ مەرام و مەبەســتێکی بەرژەوەندی گشــتی ئەو مولکییەتە لە کــەس وەربگیرێتەوە، ئەمەش یەکێکە لە مەســەلە گرنگەکانی سیســتمی ئابووری و پێــوەرە ناوازەکان لــە نێوان سیســتمی ئابووری ناوەندیی و سیســتمی

**دانەرانی پرۆژە دەستوورەکە شتێکی باشیان کردووە کە بە دەق ئەمەیان خستۆتە ناو مافە ئابووری و کۆمەلایەتییەکانەوە، پابەندبوونێکیشیان خستۆتە ئەستۆی حکومەتی هەرێمەوە تا بە ئەرکی خۆی هەستێت بۆ پاراستنی بەکاربەر و هاندان و تواناپێدانیان تا داکۆکی لە مافەکانی خۆیان بکەن**

**مولکییەتی تایبەتی بەو سیفەتەی بەهایەکی ئابوورییانەی هەیە، یەکێکە لە مافە بنەڕەتیەکانی هاوولاتی و ئەم مافە دەکەوێتە بن کاریگەرییەکانی تیۆرو فەلسەفەی ئابووری دەسەلاتی هەر دەوڵەتێکەوە، گرنگە ئەم مافە بە تەواوی زامن بکرێت**

**ئەزموونی مەهاتیر محەمەد لە مالیزیا، کە مالیزیای ئەمڕۆی لێ بەرهەمهاتووە، لەسەر ئەو بنەمایە بووە کە کەرتی خوێندن کراوەتە بنەما، گومانی تێدا نییە هۆشداری دەستووردانەرانی کوردستانیش بەوەی پێویستە حکومەت پابەند بێت بە نەهێشتنی نەخوێندەواری، بایەخێکی دیکەمان پیشاندەدات**

**خوێندن بە قۆناخە جیاوازەکانیەوە پێوەندییەکی پتەوی بە پەرەپێدانی ئابوورییەوە هەیە، بەبێ کۆمەڵگەیەکی خوێندەوار زۆر قورسە ریفۆرمی ئابووری لەسەر بنەمای هاوچەرخ بەدی بهێندرێت**

**عێراق لە مێژووی کۆن و هاوچەرخدا، لەو دەوڵەتانەیە کە دەکرێت لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتانە پۆلێنی بکەین کە شڵەژانی دەستوورییان هەیە**

ئابووری ئـــازاددا، چونکە موڵکییەتـــی تایبەتی بەو ســـیفەتەی بەهایەکی ئابوورییانەی هەیە، یەکێکە لە مافە بنەڕەتیەکانی هاووڵاتی و ئەم مافە دەکەوێتە بن کاریگەرییەکانی تیۆرو فەلسەفەی ئابووری دەسەڵاتی هەر دەوڵەتێکەوە، گرنگە ئـــەم مافە بە تەواوی زامن بکرێت، وەك ئامرازێکی باڵای یاســـایی زامنکراو، تا دەوڵەت، یان هەرێم بە هەموو دەســـەڵاتەکانیەوە پێوەی پابەند بێت، وەك هەر یەك لە ماف و ئازادییەکانی دیکە، ئەوانەی پرۆژەکەیان داناوە باشـــیان کردووە کە بە دەق نووسیویانەتەوە کە نابێت موڵکییەتی تایبەت لە پێناوی مەبەستێکی قازانج ویستی گشتیدا دابماڵدرێت، بەڵکو پێویســـتە قەرەبوویەکی دادوەرانەوەی خێرای پێشوەخت بدرێتـــەوە بەو کەســـە خاوەن مافە، واتـــا پێش ئەوەی موڵکدار دەســـت لە موڵکەکەی بەربدات، باشـــتر بوو تەنیا وتەی (پێشوەختە قەرەبووی پێ بدرێتەوە) دابنرایە، چونکە زەمانەتێکی بەهێزتر بە بابەتێکی وا هەستەوەری وەك لێوەرگرتنی موڵکییەت، یان داماڵینی موڵکییەت دەبەخشێت، ئەمەش لە پاســـاوە ئابوورییە گرنگەکانە، بـــۆ هاندانی پڕۆژەکانـــی وەبەرهێنـــان و بەتایبەتیش وەبەرهێنانی بیانی.

سێیەم: پارێزگاریکردن لە بەکاربەر و ژینگە: پاراستنی بەکاربەر بەردی بناغەیە لە سیستمی ئابووری بازاڕی ئازاددا، چونکە ئەگەر هەلومەرج بەو شـــێوەیە بێت بۆ ڕژێمێك کە دەستی وەرنەدات لە ناو پرۆژەکانی ئابووریدا بە شـــێوەی گشـــتی و پرۆژەی بازرگانی بە شێوەی بازرگانی، هەروەها بەجێی نەهێڵێت بۆ بەردەم یاساکانی خواستن و خســـتنەڕوو بە پێی چەمکە تەقلیدییەکانی سیستمی ئابوورییانەی ســـەرمایەداری، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێـــت بـــازاڕ بەجێبهێڵدرێت بـــۆ چاوچنۆکێتی بازرگانەکان و بە شـــێوەیەك بەکاربەر بکرێتە قوربانیی لەو سیســـتمەدا، لەبەر ئەوە زۆربـــەی زۆری وڵاتانی دنیا لە میانەی یاســـا تایبەتەکانیانەوە پارێزگاری بۆ بەکاربەر فەراهەم دەکەن، دانەرانی پرۆژە دەســـتوورەکە شتێکی باشیان کردووە کە بە دەق ئەمەیان خستۆتە ناو مافە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانەوە، پابەندبوونێکیشیان خستۆتە ئەستۆی حکومەتی هەرێمەوە تا بە ئەرکی خۆی هەستێت بۆ پاراستنی بەکاربەر و هاندان و تواناپێدانیان تا داکۆکی لە مافەکانـــی خۆیان بکەن، چ بە هەوڵ و هیمەتـــی خۆیان، یان لە ڕێـــی کۆمەڵە و ڕێکخراوە تایبەتمەندەکان کە بەکاربەر دەپارێزن، بەپێی مادەی (٥٨) لە پرۆژەی دەستوور، ســـەبارەت بە پارێزگاریکردن لە ژینگەش کـــە دانەرانی پرۆژەکـــە کۆیانکردۆتەوە لە (زەوی و ئاو و هەوا و ڕووەك و زیندەوەر)دا پێویســـتی نەدەکرد بە دیاریکراویی لە چەند ناوێکدا کۆبکرێنەوە، بەڵکو پێویست بوو وەك نموونە ناویان بهێنایە، لە مادەی ٥٧ی دەســـتووردا هاتووە کە پارێزگاریکردنی ژینگە لە ئەستۆی کەسایەتییە ئاســـایی و مەعنەوییەکانە، بەڵام ئەی بۆچی بەرپرســـیارێتی پاراســـتنی ژینگە نەخراوەتە ئەســـتۆی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمەوە، ئایا تەنیا بەرپرســـیارێتییەکە لە ئەستۆی کەسەکانە، چ کەســـایەتی گشـــتی، یان تایبەتی، یان پێویســـتە لـــە ئەســـتۆی حکومەتیشـــدا دابنرێت، لە ســـایەی خوێنبەربوونی ژینگەیەکدا کە پڕی سەرچاوەیە، چۆن دەکرێت پرۆسەی ئابووری پەرەبسێنێت و فراوانتر بکرێت و خزمەتـــی ئامانجەکانی پەرەپێدانی بەردەوام بکات و خۆشـــگوزەرانی گەلی تێدا وەدی بێـــت، ئەگەر ئەم ئەرکە نەخرێتە ســـەر شانی کەسەکان و کۆمپانیاکان؟.

لەبەرئەوە پێویســـتی دەکرد حکومەت پاراستنی ژینگە دەستەبەر بکات، لە پاش حکومەتەوە ئینجا کەسایەتیە سروشـــتی و مەعنەوییەکانی تر، ئەمە ئاماژەدانە بە بەرپرســـیارێتی کۆمەڵایەتی و ئەو ڕێبازانەی دەکەونە چوارچێوەی ئـــەم بەرپرســـیارێتییەوە، ئەویش بە پێی بەڵگەنامـــە جیهانییەکانی نەتـــەوە یەکگرتووەکان بۆ ســـاڵی ٢٠٠٠ کە تایبەتمەند کراوە بە بەرپرســـیارێتی کۆمەڵایەتی (csr) کە تێیدا پارێزگاریکردنی ژینگە بە یەکێك لە توخمـــە بنەڕەتییەکان دەژمێردرێت، ئەمە گرنگترین ڕێبازی ئابوورییە لە پرۆژەی دەســـتووری هەرێمی کوردستانی پێشنیازکراودا، پاش هەموو ئەمانە پێویستە بووترێت کە پەند وەرگرتن لە ناو دووتوێی ئەو دەســـتوورانەدا نییە کە هەڵگری بنەماکانی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتین، بەڵکو پەندەکە لەو دەستوورەدایە کـــە پیرۆز دەکرێت و بنەما پیرۆزەکانی ڕێگەی خۆیان دەدۆزنەوە تا بڕگەکانی جێبەجێ بکرێن، دەستوورێکی باش نادۆزرێتەوە تەنیا لە ژێر سایەی ڕژێمێکی سیاسی دیموکراتیانـــە و دەســـەڵاتێکی پێگەیشـــتوودا نەبێت، کـــە خاوەنی ئیرادەیەکی جیددیانەی سیاســـیی بێت و بەرژەوەندیە باڵاکان بخاتە سەروو هەموو بەرژەوەندییەکی ترەوە، لە کاتی چەســـپاندن و جێبەجێکردنیدا، گەلێکی ئاگامەند و پێگەیشـــتوو هەموو کردەوەیەك ڕەتدەکاتەوە ئەگەر بێتو دەسەڵاتدارێك لە دەستوور دەربچێت، ئومێد دەخوازم پرۆژە دەســـتوورەکە بچێتە بەر ڕۆشـــنایی بە هۆیەوە ببینە گەلێك لە ناو گەلانی شارستانیدا..

---

*** پسپۆڕ لە یاســـای بازرگانی/ کۆلێژی یاساو رامیاری/ زانکۆی سەڵاحەدین**



# دەستوورێک بۆ دابەشکردنی دەسەڵات و سامان لە کوردستاندا



د. ئەنوەر بەرزنجی*

تایبەت بە گوڵان نووسیویەتی

لەسەرەتای نووسینەوەی دەستووری کۆماری عێراق ساڵی ٢٠٠٥ کۆمەڵێک تێبینیم هەبووە لەسەر ناڕوونی هەندێک زاراوەی تایبەت بەپەرەپێدان و سیاسەتی پەرەپێدانی سامانی مرۆیی و سروشتی، کە دەکەونە ناو چوارچێوەی تایبەتمەندییە هاوبەشەکانی نێوان دەسەڵاتەکانی ناوەندی و دەسەڵاتەکانی هەرێمە فیدراڵیەکانەوە(بەتایبەتی لەبەندەکانی ماددەی ١١٤)، بەبڕوای خۆم ئەم نا ڕوونییە بەربەرچدانەوەی سلبی لەسەر واقیعی پێداویستییەکانی پەرەپێدانی ئابووری و ئاسایشی نەتەوەیی هەیە، چ لە عێراق و چ لەهەرێمدا، وێڕای ئەوەی پێشنیازەکانم خستە بەردەم لیژنەی پێوەندیدار لەبەغدا، ئەویش لەڕێی پەرلەمانی هەرێمی کوردستانەوە، کە ئەو پێشنیازانە تایبەت بوون بە زیادکردنی چەند گوزارشتێک بۆ نەهێشتنی ئەو کەلێنانە، بەڵام بۆ درک کردن بەو تێبینیانەم کاتی لەسەر تێپەڕی، ئەگەر ڕوانینی تایبەت بەو دەلالەتانەی ماددە دەستوورییەکانی فیدراڵی بخەینە پێش چاومان، بەتایبەت ماددەی ١٢٠ کە تێیدا هاتووە( هەرێم دەتوانێت دەستوورێک بۆ خۆی دابنێت، دەستنیشانی پەیکەربەندی دەسەڵاتەکانی هەرێم و میکانیزمی پیادەکردنی ئەو دەسەڵاتانە لەخۆ بگرێت، بەشێوەیەک کە هاودژ نەبێت لەگەڵ ئەم دەستوورەدا)

مەبەست لە دەستوور پێکهاتن یان سیستماتیك یان یاسایەکی باڵایە کە دەستنیشانی بنەما بنەڕەتییەکان دەکات بۆ ناسینی شێوازی دەوڵەتیی (چ شێوازی سادە یان تێکچڕژاو)،هەروەها دیاریکردنی سیستمی فەرمانڕەوایی چ (پاشایی یان کۆماری)ودەستنیشانکردنی شێوازی حکومەت چ (سەرۆکایەتی یان پەرلەمانی)و ڕێکخستنی دەسەڵاتە گشتییەکان، لە ڕووی پێکهاتن و پسپۆرایەتییەوە دەستوور ئەو پێوەندییانەی لە نێوان دەسەڵاتەکاندایەو سنووری هەر دەسەڵاتێك و ئەرکێك و مافە بنەڕەتییەکانی تاکەکان و کۆمەڵ لەبەرامبەر دەسەڵاتەکاندا زامن دەکات. هەروەها هەر سێ دەسەڵاتی تەشریعی و قەزائی و جێبەجێکردن دەخاتە ناو چوارچێوەی ئەرکەکانیان، بەپێی ریزبەندی و هەرەمیبوونی تەشریع.

هەر دەستوورێك بریتییە لە بەرهەمی ئەو بارودۆخە رۆشنبیریی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییەی دەوروبەری، بەتایبەتی بریتیە لە ئاستی ئەو پەرەپێدانەی کە سیستمی سیاسی پێی گەیشتووە، ئەویش بەپێی پلەبەندێتی پەرەپێدانی دیموکراتیەت لەهەر دەوڵەتێکدا، خاڵی باشی دیموکراتیەتی چاوەڕوانکراو لە هەر شوێنێك، تەنیا لە دانانی دەستوورێکی پشتبەستوو بە سیستەمی دیموکراتیانەی فەرمانڕەوایی کورت ناکرێتەوە، بەڵکو لەوەش تێدەپەڕێت بەرەو بە دیموکراتیکردنی پەرەپێدان، کە بەواتای بەڕێوەبردنی باشی سامانی نیشتمانی دەکەوێتەوە، بەو شێوەیەی دادپەروەری کۆمەڵایەتی وەدی بێنێت، بەپێی فیقهی دەستووریی، دادپەروەری کۆمەڵایەتی دەرئەنجامێکی ئاساییە بۆ دابەشکردنی دەسەڵات و سامانی نیشتمانی.

ڕێبازی دابەشکردنی دەسەڵاتەکان، چەندە هونەری سیاسەتە هێندەش دابەشکردنی سامان پێویستی بەوەیە کە پشت ببەستێ بە بنەماکانی ئابووری و زەڕورەتی پەرەپێدان بۆ سامانی نیشتمانی، دەستوورەکان بابەتگەلێکن کە بە دەستی مرۆڤ دەنووسرێنەوە، لەبەرئەوە سیمای نەمرێتی و ئەبەدییان نییە، وا پێویست دەکات بەپێی هەلومەرج و زەمەن وەرچەرخان و گۆڕانکارییە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان لەو دەستوورانەدا هەموار بکرێنەوە یا رەت بکرێنەوە ئەویش بەپێی لۆژیکی پەرەپێدانی بەردەوام کە وەك پێداویستیەك بۆ چاوخشاندنەوە بە یەکلاخستنەوەی ململانێ لەنێوان چەمکی گەلان و چەمکی سروشتدا هاتۆتە پێشەوە، هەروەها بۆ زامن بوونی دادپەروەری کۆمەڵایەتی نەوەکانی داهاتووە، یاخود بۆ دوورکەوتنەوەیە لە ستەمکارێتی لەکاتی دەسەڵاتگرتنە دەستدا، ئەوە بەس نییە کە دەوڵەتەکان دەستوورێك دابنێن تا دیالۆگ لەنێوان دەسەڵات و ئازادییەکان ڕێك بخەن، بەڵکو دەستوور لەوە زیاترسەر دەکێشێت، بەرەو دانانی زەمینەیەکی پتەو بۆ پەرەپێدانی دیموکراتیەت و ڕێکخستنی سامانی نیشتمانی پێگەیشتوو، تەحەدییاتی کەشوهەوا بەپێی دوایەمین ڕاپۆرت کە لە G7 ساڵی ٢٠١٥ تێیدا هاتووە: ((مەترسی گەورە لەسەر گۆی زەوی هەیە، بەتایبەتی لە ڕووی ئاسایشی نەتەوەییەوە، چەمکەکانی ئاسایشی نەتەوەییش بۆ سەدەی بیست و یەکەم تژییە بە تەحەدییاتی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ژینگەیی کە پێشتر کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەخۆیەوە شتی وای نەبینیوە، تەحەدییەکانیش لەسەر ئاسایشی خۆراك و ئاوو وزە دروست بوون، لە دیاریکردنی چەمکی نوێی هێزی رەقی دەوڵەتەکان کاریگەرییان هەیە، لەبەر ئەوە پێویستە دەستوورەکان هەموار بکرێنەوە یان چاویان پێدا بخشێنرێتەوە لە ڕێگای زیادکردنی چەند بەشێکەوە بە پێی یاسای بەڵگەنامەی دەستووریی، یا کەم و زیادیان تێدا ئەنجام بدرێت. شکۆی دەستوور لەوەدایە کە سیستم و یاساکان لەخۆبگرێت و بەپێی بڕگەکانی دەستوورەکە دەوڵەتان چارەسەر بۆ دۆزو پرسەکانیان بدۆزنەوە، وێڕای شکۆی شەریعەتی حەمورابی لەوەدا کە دەڵێت: (سەروەری پاشا لەوەدایە کە باوکی هەموان بێت)، بەڵام عێراق لەسەرەتای دامەزرانییەوە تاکو ئێستاش دووچاری گرفتی نادادپەروەرێتی بووەتەوە لەدابەشکردنی دەسەڵات و ساماندا، کە بەهۆیەوە هەموو کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ژینگەیەکانی لێ کەوتۆتەوە.

عێراق دەوڵەمەندە بەسامانی سروشتی، بەڵام هەژارە لەهونەری بەڕێوەبردنی ئەم دەوڵەمەندییەدا بەشێوەیەکی ڕێك و پێك، دەشکرا بەهۆی سامانی سروشتییەوە وڵاتەکە لەزۆر قەیرانی ئابووری رزگاری بووایە، کە لەمدواییەدا ئەو قەیرانانە هەرێمی کوردستانیشی بە لای خۆیدا راکێشا.

لەسەرەتای نووسینەوەی دەستووری کۆماری عێراق ساڵی ٢٠٠٥ کۆمەڵێك تێبینیم هەبووە لەسەر ناڕوونی هەندێك زاراوەی تایبەت بەپەرەپێدان و سیاسەتی پەرەپێدانی سامانی مرۆیی و سروشتی، کە دەکەونە ناو چوارچێوەی تایبەتمەندییە هاوبەشەکانی نێوان دەسەڵاتەکانی ناوەندی و دەسەڵاتەکانی هەرێمە فیدراڵیەکانەوە(بەتایبەتی لەبەندەکانی ماددەی ١١٤)، بەبڕوای خۆم ئەم نا ڕوونییە بەربەرچدانەوەی سلبی لەسەر واقیعی پێداویستییەکانی پەرەپێدانی ئابووری و ئاسایشی نەتەوەیی هەیە، چ لە عێراق و چ لەهەرێمدا، وێڕای ئەوەی پێشنیازەکانم خستە بەردەم لیژنەی پێوەندیدار لەبەغدا، ئەویش لەڕێی پەرلەمانی

هەر دەستوورێک بریتییە لە بەرهەمی ئەو بارودۆخە رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییەی دەوروبەری، بەتایبەتی بریتییە لە ئاستی ئەو پەرەپێدانەی کە سیستمی سیاسی پێی گەیشتووە

ئەوە بەس نییە کە دەوڵەتەکان دەستوورێک دابنێن تا دیالۆگ لەنێوان دەسەڵات و ئازادییەکاندا بسازێنن، بەڵکو دەستوور لەوە زیاتر بەرەو دانانی زەمینەیەکی پتەو بۆ پەرەپێدانی دیموکراتیەت و ڕێکخستنی سامانی نیشتمانی سەر دەکێشێت

هەرێمـــی کوردســـتانەوە، کە ئەو پێشـــنیازانە تایبەت بوون بە زیادکردنی چەند گوزارشـــتێك بۆ نەهێشتنی ئـــەو کەلێنانە، بەڵام بـــۆ درك کردن بـــەو تێبینیانەم کاتی لەســـەر تێپەڕی، ئەگەر ڕوانینـــی تایبەت بەو دەلالەتانەی مادده دەســـتوورییەکانی فیدراڵی بخەینە پێـــش چاومان، بەتایبـــەت مـــاددەی ١٢٠ کە تێیدا هاتووە( هەرێم دەتوانێت دەســـتوورێك بۆ خۆی دابنێت، دەستنیشـــانی پەیکەربەندی دەســـەڵاتەکانی هەرێم و میکانیزمی پیادەکردنی ئەو دەسەڵاتانە لەخۆ بگرێت، بەشـــێوەیەك کە هاودژ نەبێت لەگەڵ ئەم دەستوورەدا ) بەگەڕانەوەمان بۆ دەقی ماددەی ١١٥ هەرچی شتێك کە لەتایبەتمەندییە حەسرییەکانی دەسەڵاتی فیدراڵییە، بە دەق نەوتراوە کە ئەوانە لە سنووری دەسەڵاتی هەرێم و پارێزگاکانن، دەســـەڵاتی هاوبەشی نێوان حکومەتی فیدراڵی و هەرێمەکان خراونەتە پێشەوە، بەڵام یاساکان ڕێك نەخراون بەشێوەیەك کە هەر کاتێك هەرێم ناکۆکی لەگەڵ ناوەندا بۆ دروســـت بێت پێویستە چی بکات) عیبـــرەت لەمە لەوەدایە کە هەرێم یاســـایەکی تایبەت دابنێـــت بـــۆ زامنکردنی ئەوەی هەرێمی کوردســـتان دەستوورەکەی هاوشانی گرێبەســـتێکی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاســـی بێت لەنێـــوان هاووڵاتیاندا بۆ دابەشکردنی دەسەڵات و سامانی سروشتی، بشتوانرێت سوود لە پێشەکی دەستوورەکە وەربگیرێت لەهەردوو ئەو ماددەیەی سەرەوە کە باسمان لێکردن، ئەویش لە پێناوی بەرژەوەندیی گشـــتی تا ئەنجومەنی وەزیران لەهەرێمدا پەیڕەویان بکات و ئەو دەسەڵاتەش بە ئەنجومەنەکە بدات کە لەمەودایەکی دووردا پێویســـتە ڕەشنووسی هەرێمی کوردستان دەوڵەمەندتر بکرێت، بە چەند وردەکارییەکەوە کـــە ماناو ئامانجەکانی ئاسایشـــی نەتەوەیی بپارێزن، چونکە بەپێی بەندە هاوبەشـــەکانی نێوان دەســـەڵاتی ناوەندی و دەسەڵاتی هەرێم لەماددەی ١١٤ نا ڕوونی هەیە بەمشێوەیەی خوارەوە:

١. زەڕوورەتی دەستنیشـــانکردن و ڕوونکردنەوە لەسەر تایبەتمەندێتـــی حکومـــەت لەدەســـتووری هەرێمی کوردستان، لەسەر بابەتەکانی بەڕێوەبردنی سەربەخۆی دەریاچـــەو ڕووبارەکانـــی ناوخۆو ئـــەو بەنداوانەی کە دەکەونە ســـەر ئـــەو ڕووبارانەی لەهەرێمـــدان چونکە ئەمانە پێوەندییان بەرێکخســـتنی سەرچاوەکانی وزەی کارەباوە هەیە وەك لـــەوەی لەبەندی دووەمدا ئاماژەی پێکراوە، لەگەڵ زانینی ئەوەی دۆسییەی ئاسایشی ئاو لەهەرێمدا کە لە ٤ یاســـادا خۆی دەبینێتەوە، پێویستە ئامادە بکرێتەوە، هەر ٤ یاساکەش بخرێتە بەر گفتوگۆ لەناو پەرلەمانی کوردستان.

٢. زەڕوورەتی نوێکردنەوەی سیاسەتی سامانی ئاویی ناوخۆ (بەندی ٧)بەستنەوەی بە ڕەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستان، بەشـــێوەیەك هەرێم خۆی بتوانێت لێکۆڵینەوە لەســـەر ئاسایشی ئاوو ئاسایشی خۆراکیی خۆی بکات.

٣. زەڕوورەتـــی دیاریکردنـــی ڕەهەنـــدە ئابـــووری و کۆمەڵایەتیەکان لەکاتی نەخشـــەدانان بۆ سیاســـەتی ژینگەیـــی لەناو ڕەشنووســـی دەســـتووری هەرێمدا، چونکە ئەو بەنـــدەی پێوەندی بەم بابەتەوە هەیە، لەناو هەمووەکاریدا ونبووە.

٤. لەبـــەر زامنکردنی کۆنترۆڵکردنی گرفتە ئابووری و کۆمەڵایەتـــی و ژینگەییەکانـــی هەرێم کە بەهۆی سیاســـەتی چەوتی ڕژێمەکانی پێشوو گەورەترین زیان بەر هەرێم کەوتووە، وەك لەماددەی ١١٢ی دەستووری فیدراڵیـــدا هەیە، پێویســـتە سیاســـەتێکی پەرەپێدان بنەخشێنرێت، کە تیایدا چارەسەری تەواو هەبێت بۆ ئەم بابەتەو وشـــەی بەردەوام بخرێتە باڵ وشەی پەرەپێدان لەهـــەر ماددەیەکدا کە پێوەندیدارە بـــەم بابەتەوە لەناو ڕەشنووسی دەستوورەکەدا.

٥. زەڕوورەتی بونیاتنانی چەمکی کۆنترۆڵی جۆریی لەنێو چوارچێوەی نەخشەدانانی سیاسەتی تەندروستی و لەنـــاو ڕەشنووســـی دەســـتووری هەرێـــم، چونکە نەخشەدانانی سیاسەتەکە بەســـتراوەتەوە بەهەمان ئەو چەمکانەی کە لەدەســـتووری فیدراڵیدا هەیە(ماددەی ١١٤ بەندی ٥).

٦. زەڕوورەتی کاراکردنی ڕۆڵی ئافرەت لەدەســـتووری هەرێـــم و بەرزکردنـــەوەی ئـــەو ئەکتیـــڤ بوونە بۆ ئەرکەکانی پەرەپێدانی بەردەوام، ئەمەش بە نەخشاندنی سیاسەتێکی پەرەسەندوو، هەروەها بە پلانێکی گشتی، چونکە لەهەمان دەستووری ئیتحادیدا هاوشێوە ئەم شتە هاتووە.

زەڕوورەتـــی زیادکردنـــی ماددەیەك لە ڕەشنووســـی دەستووری هەرێمی کوردســـتان کە حکومەتی هەرێم پابەنـــد بکات بـــە چاکســـازیی ئابوورییـــەوە بەپێی بنەما ئابـــووری و پەرەپێدانـــە هاوچەرخەکان ئەویش بە هەڵهێنجانـــی چەمکەکانـــی پەرەپێدانی ئابووریی بەشـــێوەیەك کە وەبەرهێنان لەسەر سامانی سروشتی و مرۆیی، هەمەجۆرکردنی سەرچاوەکانی داهاتی گشتی پێ مســـۆگەر بکات، لەگەڵ هاندانی کەرتی تایبەت لەچوارچێوەی چەمکی هاوبەشـــی گشتی و تایبەتی لەم بوارانەدا.

**عێراق دەوڵەمەندە بە سامانی سروشتی، بەڵام هەژارە لەهونەری بەڕێوەبردنی ئەم دەوڵەمەندییەدا، دەشکرا بەهۆی سامانی سروشتییەوە وڵاتەکە لەزۆر قەیرانی ئابووری ڕزگاری بووایە**

**شکۆی دەستوور لەوەدایە کە سیستم و یاساکان لەخۆبگرێت و بەپێی برگەکانی دەستوورەکە، دەوڵەتان چارەسەر بۆ دۆزو پرسەکانیان بدۆزنەوە**

---

*** ڕاوێژکاری دێرین لە پەرەپێدانی بەردەوام**

# بچووک، بەڵام مەزن!



چەند ساڵ لەمەوبەر کە باسی کۆمپیوتەر دەکرا، لەسەر مێزەکان شاشەیەك قورس، کەیسێکی گەورەت دەهاتە بەرچاو، بەڵام ئەمڕۆ کە باس لە کۆمپیوتەر دەکرێت کەیسێکی بچووك بەقەد مۆبایلێك، یان ئەو کۆمپیوتەرەی کە وێنەکەی دەبینن بەقەد فلاش میمۆرییەکە. کۆمپیوتەر ئەوەندە بچووك بۆتەوە کە دەکرێت سێ دانە لە گیرفان بخرێن.

کۆمپانیایەکی هیندی بە هاوکاری کۆمپانیای مایکرۆسۆفت کۆمپیوتەری جۆری Splendo بەرهەم هێناوە کە هەروەك دەبینن تۆزێك لە فلاش میمۆرییەك گەورەترە. ئەم کۆمپیوتەرە ویندۆز ٨ی لەسەرە و خێراییەکیشی زۆر گونجاوە. لە ڕێگەی پۆرتی HDMI بە تەلەڤزیۆن یان مۆنیتۆر پەیوەند دەدرێت. رامەکەی دوو گێگابایتە و هاردەکەی ٣٢ گێگابایتە. ئەمە تایبەتمەندی باشترین جۆری کۆمپیوتەر لە ساڵی ٢٠١٥دا. کەلێنی دانانی کیبۆرد و ماوس و سپیکەری هەیە، هەرچەندە خۆی بلوتوسی ٤ی لەسەرە و دەکرێت لە ڕێگەی ئەوەوە هەموو پارچەکانی دیکە دابنێی.




# تەختە دیجیتالییەکەی مایکرۆسۆفت کەوتە بازاڕ

پێشووتر کە لە قوتابخانەمان دەخوێند، تەختەی دیوارەکە کە مامۆستای وانەی لەسەر دەنووسی، ڕەنگی ڕەش بوو، بۆیە پێیدەگوترا تەختەڕەشە. بەڵام دواتر ڕەنگی گۆڕا و بە گەچیش لەسەری نەدەنووسرا، بوو بە تەختەسپی. لە دونیای تەکنەلۆژیای دیجیتالی نوێشدا ئەم تەختەیەش گۆڕانی بەسەرداهات و بوو بە دیجیتالی، کۆمپانیای مایکرۆسۆفت تەختەی دیجیتالی بۆ شیکردنەوە و ڕوونکردنەوە لە قوتابخانە و سیمینار و کۆنفرانسەکان پێکهێنا کە پێی دەگوترێت surface hub، تەختەکە پێکهاتووە لە شاشەیەکی ٥٥ هەتا ٨٤ ئینجی و کوالیتیەکەی K٤. لەسەر شاشەکە دەکرێت وەك تەختەکانی پێشوو لەسەری بنووسی. تایبەتمەندی گرنگی تەختە دیجیتالییەکە ئەوەیە کە دوو کامێرای فول ئیچ دی تێدایە و لەگەڵ هێڵێکی زۆر خێرای ئینتەرنێت بۆ هەر شیکارییەك کە مەبەستت بێت هەر لەسەر تەختە دیجیتالییەکە لە هێڵی ئینتەرنێت سوود وەردەگری. رامی تەختە دیجیتالیەکە ٨ گیگابایتە، هاردەکەی ١٢٨ گیگابایتە. زۆربەی پرۆگرامە گرنگەکانی کۆمپیوتەریش لەسەر تەختە دیجیتالییەکەن.



# پۆلارید کامێرایەکی زۆر بچووک بەرهەم دێنێ


ئایا کامێـــرای پۆلاریدتان لە بیر ماوە، ئـــەو کامێرایانەی کە هەتا ســـاڵەکانی هەشتاکان زۆر باو بوون، وێنەکانی ئەو کامێرایە پێویســـتیان بە تاقیگەی شوشتنەوە نەبوو، هەر ئەوکات کە وێنەت دەگرت، کامێراکە وێنەکەی دەدایەوە، ئێســـتاکە نوێترین ڤێرژنی کامێرای ناوبراو بەرهەم هاتووە کە بە +cube ناســـراوە، گرنگترین گۆڕانـــکاری لەم کامێرایەدا ئەوەیە کە دەتوانێت وێنەکانی ســـەر مۆبایـــل و تەبلێت بەهۆی سیســـتەمی وای-فـــای وەربگرێت. قەبارەی و سایزی کامێراکە تەنیا ٣٥ ملمی چوارگۆشەیە. هەموو تایبەتمەندییەکی کامێرای هەیە، بەڵام ئەوەندەیە شاشەیەکی نییە کە بتوانی بەهۆیەوە سەیری وێنەکان بکەی.



## تەلەڤزیۆنی هۆشمەند هاردی ترابایتی لەخۆیدایە

لە ڕێگای تەلەڤزیۆنە هۆشمەندەکانی ئێستا دەتوانین سەیری ئینتەرنێت بکەین، بەبێ وایـــەر لەگەڵ ئامێرەکانی دیکە پێوەندییان هەبێت. فیلم و گۆرانـــی، یان هەر بابەتێك لە کەناڵێك حەزی لێدەکەی، دەتوانی خەزنی بکەی. کەچـــی گرفتێك لەم تەلەفزیۆنانەدا هەیـــە، ئەویش ئەوەیە کە خۆیان هاردیان نییە و دەبێت هارد، یان فلاش میمۆری دابنێی تا ئەوەی نیازتە لەسەر هاردەکە، یان فلاش میمۆرییەکە خەزنی بکەی.

کۆمپانیـــای LOEWE ئەڵمانی، بەم دوایییـــە، تەلەفزیۆنێکی بەرهەم هێناوە کە کوالیتی نیشـــاندانەکەی ٤Kیە، واتە وەك ئاوێنەیەکی ڕوونە. باشترین سیستەمی دەنگی هەیە و پێویست بە سپیکەری بە جیا ناکات، چونکە ٨ ســـپیکەری بە هێزی ١٢٠ واتی هەیە. سیستەمی بلوتوس و DLNA هەیـــە. جگە لەوەش ئەمـــە یەکەم تەلەڤزیۆنە لـــە جیهاندا کە هاردێکـــی یەك ترابایتی لەسەرە.



## قەڵەمیش مرۆڤ دەکوژێت

قەڵەم، یان پێنووس کە هەمیشە وەك گرنگترین ئامرازی خوێندن و فێرکردن ســـەیر کراوە و تەنانەت یەزدانیش ســـوێند بە قەڵەم دەخوات.. شـــاعیرانی کـــورد زۆربەیان هانی منداڵی کوردیـــان داوە کە قەڵـــەم وەك چەك بەکار بێنـــن، زمانی قەڵەم هەمیشـــە باشـــتربووە لە زمانی چەك، ئەگەرچی کاریگەرتریش بووە. لەم ســـەردەمەدا بە راســـتی چەك و قەڵەم تێکەڵ بە یەك کراون، ئەگەر ســـبەی قەڵەمێکت دی جوان ســـەیری بکە، نەکا چەکێکی مرۆڤ کوشتن بێت.

ســـەیری ئەم پێنووسە بکەن لە بری حیبر گوللەی دەچێتە ســـەر و مرۆڤ دەکـــوژێ، ئەم چەکە قەڵەمـــە بۆ کاری تیرۆریســـتی بەکاردێـــت و گوللەیەکی دەچێتە ســـەر، هەرچەندە مـــەودای گوللەکەی زۆر ناڕوات، بەڵام لە نزیکەوە مرۆڤ دەکوژێت.

## پرۆگرامێک بۆ پێوەندی




زۆجاران هەر لەو فایلەی کە تایبەتە بە زانیاری لەبارەی تەکنەلۆژیای سەردەم، پرۆگرامی تایبەت بە گواستنەوەی زانیارییەکانی نێوان مۆبایل و کۆمپیوتەرمان ناساندووە، ئەمجارەش یەکێك لە پرۆگرامە سەرکەوتووەکانی ئەو بوارە دەناسێنین، ئەویش پرۆگرامی Mobile Transfer AnyMP٤ـە. ئەم پرۆگرامە زۆر بە کەڵکە و دەتوانرێت لە ماوەیەکی کەمدا زانیارییەکانی سەر مۆبایلەکانی ئایفۆن، یان

## پرۆژکتەرێک بۆ کەمکردنەوەی زیانەکانی هاتوچۆ




پایسکل کە بە ئامێری سەوز دەناسرێ، واتە نە تەنیا زیانی بۆ ژینگە نییە، بەڵکو هۆکارێکە بۆ تەندروستی بەکارهێنەرەکەشی، بەڵام بەداخەوە ساڵانە زۆر لەوانەی کە پایسکل لێدەخوڕن، بەهۆی ناهوشیاری شوفێری ئۆتۆمبیلەکان گیانیان لەدەست دەدەن، بەتایبەتی لەو وڵاتانەی کە پایسکل لێخوڕین تێیدا زۆر باوە. تەکنەلۆژیای نوێ نیازی هەیە بەداهێنانێك زیانی پێکدادان و بەرکەوتنەکانی پایسکل کەم بکاتەوە، ئەویش بە بەرهەمهێنانی پرۆژکتەرێك کە بە C-clee ناسراوە، ئەم پرۆژکتەرە ئاگادارکردنەوەکان وەك گلۆپێك لە پشتەوەی بەکارهێنەری پایسکلەکە دەدات، هێماکانی ئاگادار کردنەوە بە هۆی مۆبایل، یان تەبلێت لەلایەن بەکارهێنەرەکەی دەگۆڕدرێن.

## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک



**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت، لەفەیسبووکدا چ بکەم کە ناوەکەم بە پیتی کوردی بنووسرێت، وەك هی زۆربەی هاوڕێیانم کە بە کوردی نووسراوە؟**

خوێنەری بەڕێز، ئەمە هیچ شتێکی ئەوتۆ ناوێت لەسەرەتادا دەچییە بەشی sitting یان ئەگەر فەیسبووکەت عەرەبییە بچۆ سەر بەشی تنظیمات، کاتێك ئەو بەشە دەکەیەوە شوێنی ڕێکخستنی گشتی یان تنظیمات عامە، ئەو شوێنەی کە ناوەکەتی لێ نووسراوە بیگۆڕە، هەر بە ئاسانی دەگۆڕدرێت، دوای گۆڕینی دوگمەی SAVE لێبدە..

## نێوان مۆبایل و کۆمپیوتەر

ئەندرۆید بۆ سەر کۆمپیوتەر بگوازێتەوە. گرنگی پرۆگرامەکە لەوەدایە دەتوانێت لەگەڵ سیستەمی زۆر کۆنی مۆبایلەکان و سیستەمی زۆر نوێش بگونجێت. بەشێك لە تایبەتمەندییەکانی ئەمانەن:

- پشتیوانی زیاتر لە ٢٠٠٠ جۆر مۆبایل دەکات.
- رێککاری تەواو لە نێوان بەشە جیاجیاکانی مۆبایلدا.
- پێوەندی خێرا لە نێوان مۆبایل و کۆمپیوتەردا.

## پرینتەرە سێ رەهەندییەکان ئۆتۆمبێلیش بەرهەم دێنن

چەند ساڵێك دەبێت کە پرینتەری سێ رەهەندی واتە 3D بەرهەم هاتووە، ئەم پرینتەرانە دەتوانن زۆر کەلوپەلیان پێ چێ بکرێ، بەڵام تێچووی پرینتەرەکان تا ئێستاش زۆر گرانە و تەنیا کۆمپانیاکان دەتوانن بەکاری بێنن. پرینتەرە سێ رەهەندییەکان لە داهاتوودا لەهەموو بوارەکانی زانستیدا، وەك پزیشکی، پیشەسازی، کشتوکاڵی و...تاد، سوودی گەورەیان لێدەبیندرێ. نموونەکەش ئۆتۆمبێلی جۆری Blade کە لەلایەن کۆمپانیای Divergent MIcrofactories بەو پرینتەرانە دروستکراوە. وەك دەگوترێت دروستکردنی ئۆتۆمبێلی ناوبراو تەنیا کەمتر لە نیوکاتژمێری خایاندووە. ئەم ئۆتۆمبێلە لە کانزای ئەلۆمینیۆم و فایبەری کەربۆنی پێکهاتووە. هێزی مەکینەکەی ٧٠٠ ئەسپی هەڵمییە. کێشەکەشی تەنیا ٦٣٥ کیلۆیە و گوایە تەنیا لەماوەی ٢ چرکەدا خێراییەکەی دەگاتە سەد کیلۆمەتر لە کاتژمێرێکدا.






## سایتێک بۆ چوونە ناو سروشتەوە

ماندووی و نیازت هەیە وچان بدەی و گوێ لە مۆسیقایەك، خوەڕی ئاو و قەڵبەزەی تافگەیەك بگری، یان گوێ بدەی بە دەنگی باڵندەیەکی خۆش، یان شەپۆلەکانی دەریا.. بۆ ئەم مەبەستە سەر لە سایتی calmsounds بدە، ئەم سایتە شەش پارچە مۆسیقای لە دەنگی سروشت، و چەندین ڤیدیۆی لە تاڤگەی نیاگارا تێدایە. کە سایتەکەت کردەوە دەتوانی گوێت لە دەنگی باڵندە لە دارستان، شەوێکی دارستانی، قەراخ دەریایەك و شەپۆلێکی نەرمی بگری.